کتێبنامە 3

پرۆژەی کوردستانی نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب لە ڕۆژنامەدا

کوردستانی نوێ
بۆ کوردستانێکی نوێ

21th Year No: 6147 Sun· 4 / 8 / 2013



# ئەفسانەو لە بەرگرتنەوە

## لە ئەفسانەی کوردییەوە بۆ زانستی سەردەم



## ئەم کتێبە

لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری ئەکادیمیی پێشبینیکارە، بەخوێندنەوەیەکی وردی ئەفسانە و ئایین و مێژوو و رووداوەکانەوە پێشبینی داهێنانێکی زانستی نوێی دەکات ئەویش (فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە)یە.



## پرۆفایل

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

١- وریا بن خەوتان لێ نەکەوێ، کورتە چیرۆک بۆ مێرد منداڵان - ١٩٨١.
٢- خۆت لەمن بزر مەکە! شیعر - ١٩٨٥.
٣- قەدەغە شکێنی! لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی کوردی - دەزگای سەردەم - ٢٠٠٠.
٤- بەردە ژن!! کورتە رۆمان - ٢٠٠١.
٥-گەڕان بەدوای نەمریدا. دەزگای ئاراس - ٢٠٠٢.
٦- پیری کێوان - کورتە رۆمان - وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی - ٢٠٠٤.
٧- هێلکەی نامێ - بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم- ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان - ٢٠٠٦.
٨-هەلکەی نامێ - بەرگی یەکەم، بەشی دووەم - ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان - ٢٠٠٦.
٩- پێکهاتەی ئەفسانەیکوردی، دەزگای رەنج - ٢٠٠٧.
١٠- تێر نەخۆرە - بەرگی یەکەم - بەشی سێیەم - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان - ٢٠٠٨.
١١- زیاتر لە عیشقێک - بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ٢٠٠٨.
١٢- ئینسکلۆپیدیای هەولێر - ١٠ بەرگ - بەڕێوەبەری گشتی ئینسکلۆپیدیا - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ٢٠٠٩.
١٣- ساواک بۆچی"حەسەن زیرەکی کوشت؟! دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان - ٢٠١٢.
١٤-نەورۆزی کورد..لە ئەفسانەوە بۆ بەجیهانی بوون - چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەفسانەیی مێژوویی کلتوورییە - دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان - هەولێر ٢٠١٢.
١٥- فیربوونی زمان بە لە بە رکرتنە وە- لە ئە فسانە ی کوردیە وە بوزانستی سە ردە م-

## پێشکەش:

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە بەو زانایەی کە پسپۆرە لە بورای (زانستی لەبەرگرتنەوە) و هەوڵدەدات بۆ بەکردەیی کردنی کاری فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە

بەرەو ئەفسانەناسیی کوردی

# فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە لە ئەفسانەی کوردییەوە بۆ زانستی سەردەم

لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری ئەکادیمیی پێشبینیکارە، بەخوێندنەوەیەکی وردی ئەفسانە و ئایین و مێژوو و رووداوەکانەوە پێشبینی داهێنانێکی زانستی نوێی دەکات ئەویش (فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە)یە.

لێکۆڵەر
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی زمان
بەشی زمانی کوردی
٢٠١٢ - ٢٠١٣
هەولێر



## ئەفسانەو لە بەرگرتنەوە

# لە ئەفسانەی کوردییەوە بۆ زانستی سەردەم

### ڕێگا خۆشکردنێک

مرۆڤ خاوەنی هێز گەلێکی زۆری لەبن نەهاتووە، ئەگەر سەرنجی ژیانی مرۆڤ بدەین لەمێژووداو ئەم گۆڕانکاریانە بێنینەوە بەرچاو، کە بەسەر کۆی ژیانی داهاتووەو بەردەوامیش لەگۆڕاندایە! ئەوا تێدەگەین، کە مرۆڤ هەندێک هێزو تایبەتمەندی جەستەیی هەبووەو لەکۆندا بەکاری هێناوەو ئێستا ئەم هێزو تایبەتمەندییانەی نەماون! هەروەها دیسان هەندێک لەو هێزو تایبەتمەندییە جەستەییانە، مرۆڤ هێشتا بەکاری نەهێناون، هەندێکیش بەردەوام بەکار دێنو کەمو زۆر گۆڕانیان بەسەردادێ.

مرۆڤ ڕۆژگارێکی دوورو درێژ.. لەژیانی سەختی ڕۆژانەیداو لەروو بەرووبوونەوەی سروشت و پێکهاتەکانی، تەنیا پشتی بە(خۆی) دەبەست، ئەو ڕۆژگارە هێزە جۆراو جۆرەکانی جەستەی خۆی زۆرتر بەکار دەهێناو هێزەکانیش، چ هێزی جەستەیی بن! وەک پێو دەستو چاوو گوێو لوتو دەم، واتە هەستە ناسراوەکان ، چ هێزە نادیارەکان- کەبەهەستی شەشەم دەناسرێن- کە بەڕای ئێمە ئەو هەستە نادیارە لەوە زیاترە تەنیا بە(یەک)ژمارە هێمای بۆ بکرێ.

بەکارهێنانی ئەم هەستە دیارو نادیارانە، لەپاشماوە کۆنەکاندا بەدەردەکەوێ! کەهەندێ لەم کارو پاشماوانە، ئێستاش نهێنیەکانیان نەزانراونو ئەم هەموو پێشکەوتنەی ئێستای مرۆڤ هێشتا پەی پێ نەبردوون! بۆ نموونە! ئەهرامەکانی میسر، کە کۆی هێزە فەلسەفیو فەلەکیو پزیشکی وکیمیائیو فیزیائیو... تا دەگاتە هێزە ئامێرکارەکان!

کە ئەمانەو زۆری تر لەو کارە پڕ نهێنیەدا بەکار هاتوونو دەکەونە بەرچاو! بەڵام ، هەموو ئەمانە چۆن بەکار هاتوون؟ بۆچی بەکار هاتوون؟ تا ئێستا بەتەواوی نەزانراوە.

نموونەیەکی تر، لەم ساڵانەی دواییدا لە باکووری کوردستانو لە پەرستگای پڕ نهێنی (گرێ ناڤوکێ) کە بەتورکی کراوە بە (کوبیکلی تەپە) لەم پەرستگایەدا، کە زەمەنەکەی بۆ (١١٫٥٠٠) یازدە هەزار و پێنج سەت ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لەم پەرستگایەدا بەردی مەزنی وا لەسەر شێوەی (T) تی پیتی ئینگلیزی خۆشکراوەو وێنەی گیانداری لەسەر کێشراوە کە گرانابیەکەی ئەو بەردە خۆی لە (پەنجا تەن) دەدات، وەک ستونێکیش بۆپەرستگاکە بەکار هاتووە، یازدە هەزارو پێنج سەت ساڵ پێش ئێستا.

ئەم پەرستگایە! بەچیوچۆن و بۆ چ(باوەڕ-ئایین) ێک دروستکراوە؟! نهێنیەکانی نازانرێ؟! نهێنیەکانی کاری دەستو هێزو بیری مرۆڤ لەم سروشتەدا زۆرە. هەر بۆیە مرۆڤ چەند پێویستی بەزانیین و دۆزینەوەی نهێنیە نەدۆزراوەکان هەیە، هێندەش پێویستە نهێنیەکانی رابردوو بزانێ.

ئەگەر پاشماوە شوێنەوارییە کۆنەکان، زۆر نهێنیان لەنێو خودا بۆ هەڵگرتووین، ئەو ئەفسانەکانیش پڕاو پڕن لەو نهێنیانە.

یەکێ لەو نهێنیانەش (هێزی پێشبینی) یە لە مرۆڤدا. کە ئەم هێزە یارمەتیەکی زۆری مرۆڤی داوە، بۆ پێشکەوتنو گۆڕانی ژیان.

پێشبینییەکان هەر جۆرێک بنو بدرێنە پاڵ هەر جۆرە مرۆڤێک! ئەوا دوا جار ئەوە (مرۆڤ)ەو خاوەنی پێشبینییە. بەشێک لە پێشبینییەکانی لەنێو (ئەفسانە)کاندا ماون. زۆر لەو کارو داهێنانەی کە لەم سەدەیەی ڕابردووداو تائێستا زاناکان بەدەستیان هێناوە لەئامێرو کەرەستە تەکنەلۆژییەکانو لەدەست راگەیشتنو چوونە شوێنە دوورو ئەستەمەکان، پێشتر ئەفسانەکان باسیان کردوونو پێشبینیان کردوون.

بۆ نموونە: چونە سەرمانگو هەندێک لەئەستێرەکان، کە ئێستا بووە بەکارێکی ڕۆژانەو زاناکان بەردەوام لەنێوان مانگو زەویدا دێنو دەچنو هەتا مرۆڤی ئاسایش، ئەگەر پارەی هەبێو کرێی چوونەکە بدات، دەتوانێ یەکێ بێت لەوانەی کە گەشتی سەرمانگ بکات! ئەمچوونە سەرمانگە پێشتر لەنێو ئەفسانەدا باسکراوەو کارێکی - ئاسایی نێو ئەفسانە- بووە، ئێستاش بووە بەکارێکی ئاسایی ڕۆژانەی مرۆڤ، مرۆڤی زانا

ئەم چوونە سەرمانگە لەئەفسانەی هەموو میللەتانو بەتایبەت ئەفسانەی کوردیشدا هەبووە، هەرئێستاش لەئەفسانەیەکی کوردیداو لەکتێبی - نارینا گولبارین- وکۆکردنەوەی (هزرڤان) بەم شێوەیە باسی چوونە سەرمانگ دەکات: ( وەکی هەمی چارشەمبابو چاخێ هەرسێ خوشکاو قەستاوارگەهێ خوەیی سەر هەیڤێ کرن.. هو دیتن دەرگەهێ وان یێ ڤەکری یە..).

هەر لەئەفسانەکانی نێو ئەم کتێبەدا باسی چوونە سەر (ڕۆژ)یش دەکات، واتە مرۆڤ نێو ئەفسانە دەچێتە سەر ڕۆژێ: (دەروێش: ها دەیکا من تو نابێژی چیە قیژە قیژاتە.. ئەزێ بلەزم.. وێ چم نک شاهی ڕۆژێ، من کارەکی فەڕ یاهەی.. ژنکەک لسەر ئەردی یابویە پیر هەقی.. چەند شێخو لوقمانێن دینایێ هەمی نەشیاینە چو چارا لێ بکەن،چونکە ئەزو شاهی ڕۆژێ گەلەک دۆستێن ئێکین، دێ چم دابۆ من بکەتە مرۆڤ) باسکردنی شاهی ڕۆژێو چوونە لای شاهی ڕۆژێ، کەواتە چوونە سەر ڕۆژ واتە: ئەفسانە چۆن باسی چوونە سەرمانگمان بۆ دەکاتو دواجار مرۆڤ چووە سەر مانگ، ئێستاش هەر ئەفسانە باسی چوونەسەر ڕۆژیشمان بۆ دەکات! تۆ بڵێی ڕۆژێ بێتو مرۆڤ بچێتە سەر ڕۆژیش!؟ دەزانم و دڵنیاشم، کە چوونە سەر (ڕۆژ)کارێ: نیەو بەئاسانی قبوڵ بکرێ! کەچی ئەگەر بیر خۆمانی بهێنینەوە، ئەوا لەسەرەتادا چوونە سەرمانگیش کارێک نەبوو بڕوا بکرێ!! بەڵام، چوونە سەر ڕۆژ کارێکە زۆر لەچوونە سەرمانگ زەحمەت ترە! زەحمەت ترە، راستە! بەڵام! ئایا دەکرێ لەزانست بێ هیوا ببین؟! ئایا ناکرێ زانستی داهاتوو زۆر لەزانستی ڕۆژانی چوونە سەرمانگ پێشکەوتوو تربێـت؟! پێشکەوتووتر بەئاستێک، کەزاناکان بیر لەچوونە سەر ڕۆژ بکەنەوە، چونە سەر ڕۆژ نەک بەو مانایەی چۆن زاناکان چوونە سەر مانگ ئاواش بچنە سەر ڕۆژ، بەڵکە مرۆڤ هەوڵی جۆرە نزیک بوونەوەیەک دەدات لەڕۆژ بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاترو ناسینی ڕۆژ لەنزیکترەوە. لەبەر ئەوەی ڕۆژ خاوەنی تایبەتمەندییەکە، جیایە لە تایبەتمەندی مانگو ئەستێرەکانی تر.

ئەوەش لەبیر نەکەین، زاناکان بیر یان لەهەر کارێک کردەوە دوا جار کردییان!!

بەڵێ! پێشبینی چوونە سەر ڕۆژ لەنێو ئەفسانەدا هەیە! زاناکانیش زۆربەی ئەو پێشبینی و خەیاڵانەیان کرد بەواقیع کە پێشتر لەنێو ئەفسانەکاندا هەبوون.

ئێستاش لێکۆڵەر چۆن بەم لێکۆڵینەوەیە، پێشبینی ئەوەی کردووە کە ڕۆژێدێت، زاناکان بەهۆی لەبەرگرتنەوە خەڵک فێری (زمان) ێکی تازە دەکەن، ئاواش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەو گرنگانەی کە لەبواری پزیشکی دا بەدەست هاتووە، پێشبینی ئەوە دەکات، کە ڕۆژێ بێت، زاناکان چاو بۆ (کوێر) دروستبکەنو کوێرەکان بکەن بەخاوەنی چاوی (بینا)و ئەو چاوە دەشتوانێ پەیوەست بکرێ بە مانگی دەستکردەوەو زۆر جێگای دووری دنیا ببینێ، کە چاوی ئاسایی ناتوانێ بیانبینێ!!

هەروەها لێکۆڵەر پێشبینی ئەوەش دەکات، کەچۆن ئێستا دەنگو رەنگو جوڵەی مرۆڤ تۆمار دەکرێ، ڕۆژێ دێت زاناکان ئاواش ئامێرێک دروست دەکەن کە مرۆڤ قسەی کرد، ئەو ئامێرە قسەکانی قسەکەر بنووسێتەوە، ئەم کارانەو زۆری تریش پەیوەستە بەزانستو زاناکانو داهاتوو!

ئەگەر (ئەنیشتاین) لەگەڵ ئەم هەموو زانابیەی کەهەیبوو! تەنیا لە(١١٪) توانای مێشکی خۆی بەکارهێنابێ، باشە ئەگەر لەداهاتوو هەمووخەڵک (١١٪)ی توانای مێشکی خۆیان بەکارهێنا! چی ڕوودەدات؟! ئەی ئەگەر زاناکان لەداهاتوودا توانیان (٢٠٪) توانای مێشکی خۆیان بەکاربێنن، چی ڕوودەدات؟! باشە ئەگەر ئەم ژمارەیە هەوراز چوو بوو بە سەتا چلو سەتا پەنجا؟!

دیارە زاناکانیش سنوورێک ناناسن کە لەوێوە راوەستن! هەر بۆیە لەسایەی زاناکانەوە لەداهاتوودا زۆر کاری تر دەکرێ، کەئێستا لای ئێمە نەکردەنیو خەیاڵو ئەفسانەن، ژیان بەردەوامەو زانستیش هەربەرەو پێشەوە دەچێ.

**لێکۆڵەر**
**مەلود ئیبراهیم حەسەن**
**٢٠١٢/١١/٢٥**

## پێشەکی:

مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لە ڕۆژگارێکدا دەژی، هەرچەندە زانست تێیدا پێشدەکەوێ، ئەوەندەش زیاتر گرنگیدان بەئەفسانە بەدەر دەکەوێ، چونکە ئەفسانە هەر بە تەنیا ئاوێنەیەک نیە، کە ڕابردوومان پێشان بدا و بەس، بەڵکە پەنجەرەیەکی گەورە و ڕووناکە ئێستا و داهاتووشمان دەخاتە بەردەست. زۆر بەداخەوە لەگەڵ ئەم هەموو گرنگی ئەفسانەیەش بە گشتی و دەوڵەمەندی کورد لەم بوارەوە بە تایبەت کەچی نەک هەر گرنگیمان پێ نەداوە، بەڵکە تا ئێستاش نەمانتوانیوە ئەفسانە وەکو خۆی، یان وەک ئەوەی لە جیهانی پێشکەوتوودا ناسراوە! ئێمەش بیناسین.

ئێمە ئەگەر ناتوانین ئەفسانەی خۆمان کۆبکەینەوە و لە تواناماندا نیە لێکۆڵینەوەی شیاو و پێویستی لەسەر بکەین!! ئەوا ئاگاداری ئەوەش نین. کە ئەمڕۆ هەر زانستێک پێشدەکەوێ و هەر زانستێکی تازە سەرهەڵدەدا، جا ئەو زانستە لەهەر بوارێکی ژیاندا بێت. ئەوا ئەو زانستانە هەر هەموویان ریشەکەیان دەچێتەوە نێو خاکی ئەفسانە و سەرەتاکەی خۆیان لەوێ دەدۆزنەوە، هەر هیچ نەبێ لەباری تێورییەیەوە.

چاوخشاندنێکی خێرا بە نێو کتێبخانە جیهانییەکانداو گەڕان بەدوای ناونیشانە پەیوەندارەکان بە ئەفسانەوە، توشی سەرسامیمان دەکات و سەدان (کتێب)و (لێکۆڵینەوە) لەسەر یەک کۆدەبنەوە شان دەدەنە یەک، بە زمانە جیا جیاکان و لە بواری جیاجیاکانی زاستە زۆرەکان. هەر بۆ نموونە:

(ئەفسانە و ئایین) و (ئەفسانە و فەلسەفە) و (ئەفسانە و مێژوو) و (ئەفسانە و دەروونناسی) و (ئەفسانە و کۆمەڵناسی) و (ئەفسانە و مرۆڤناسی) و (ئەفسانە و فەلەکناسی) و (ئەفسانە و گوڵناسی) و ( ئەفسانە و ئابووری) و (ئەفسانە و هونەر) و (ئەفسانە و ئاگر) و (ئەفسانە و ئاو) و (ئەفسانە و پاراسایکۆلۆژی) و (ئەفسانە و مۆسیقا) و (ئەفسانە و جوگرافیا)و (ئەفسانەو زمان)و (ئەفسانەو زانست) و ئەفسانە و ....ئەفسانە و.....ئەفسانە تەواو نابێت.

بە کورتی و بە کوردی، هەموو شتێک لەم جیهانە و هەموو کار و زانستێکی مرۆڤ، قۆناغێکی ئەفسانەیی و مێژوویێکی ئەفسانەیی خۆی هەیە. ئەگەر مرۆڤ لە سەرەتاوە، لە ئەفسانەوە دەستی پێ کردووە، ئەوا هەر لە گەڵیشیدا بەردەوام دەبێت، تا ئەو شوێنەی مرۆڤ لە دوارۆژدا پێی دەگات. لێرەوەیە پێناسەکردنی ئەفسانە هەتا دێ زەحمەت و زەحمەت دەبێت.

بە خۆڕایی نیە (ئۆگستین) لە بارەی پێناسەکردنی ئەفسانەوە، بەم شێوەیە رای خۆی دەردەبڕێ و دەڵێت: (ئەفسانە چیە؟ من زۆر چاک دەزانم چیە؟! بەو مەرجەی کەس لێم نەپرسێ! بەڵام، ئەگەر پرسییان و ویستم وەڵام بدەمەوە، زمانم تێک دەگیرێ)(٥).

تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوەکان، لە ئەفسانەدا! باسی رابردوویان کردووە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە باس لە داهاتووی زانست دەکەین، بە پشت بەستن بە ئەفسانەی رابردوو، باسی زانستێک کە بۆ خۆی زۆر نوێ و تازەیە، ئەویش زانستی لەبەر گرتنەوەیە. بە تایبەت (لەبەر گرتنەوەی مرۆڤ) دیارە لەبەرگرتنەوەش لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە لە لەبەرگرتنەوەش لەم لێکۆلینەوەیەدا، مەبەست (لەبەرگرتنەوەی زمان)ە، واتە (فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە) دیارە لەبەرگرتنەوەی زمانیش کاری زانایانی پسپۆڕی بواری جیناسیی و پسپۆڕانی بۆماوەییە! ئەوان دەتوانن لە بواری کردەوەییدا و لە نێو تاقیگە زانستیەکاندا، کاری لەسەر بکەن و دواجار لەداهاتوودا تێیدا سەربکەون.

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوە تیۆری و ئەکادیمییەدا دەکرێ، گەڕانە بە دوای ئەو پێشینەیەی زانستی لەبەرگرتنەوە، کە وەک هەر زانستێکی تر لە نێو ئەفسانەدا دەست دەکەوێ.

ئەم لێکۆڵینەوە تیۆرییە، هەولێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان (زانستی لەبەرگرتنەوە) و (زانستی ئەفسانەیی) و بەدەستهێنانی ]پێشبینییەک[ە لە بواری زانست و بە پشت بەستن بە خوێندنەوە و پێکگرتن و ئەنجامگیری لە نێو دەقە ئەفسانەیی و چیرۆکە ئایینی و ڕووداوە مێژوویی و داهێنانە ئەفسانەییەکاندا، ئێمە ئەوەندەی کە بڕوامان بە (ڕاستی)و (ڕووداو)ی ناو مێژوو هەیە، ئەوەندەش لەنێو دەقە (ئایینی)و(ئەفسانەیی)یەکان (ڕووداو)و (زانست) دەبینیین! هێندە هەیە، کە ئایینو ئەفسانە هەریەکە لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان خاوەنی زمان تایبەتمەندی خۆیانو زۆرتر هیماکارییانە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، کەجیایە لەگێڕانەوەی (مێژوو) بۆ ڕووداوەکان. ئەم لێکۆڵینەوە، ئەوەندەی کە لێکۆڵینەوەیەکی تێوری ئەکادیمە، هێندەش لێکۆڵینەوەیەکە دەچێتە نێو دنیای (خەیاڵی زانستی) ئەوەش زانراوە کە ئەوە زاناکانن، زاناکانی بواری کردەیی، دواجار (خەون) و (خەیاڵ)ی (شاعیر) و (ئەدیب)ەکان دێننەدی، چونکە: (خەیاڵ لە جەوهەردا تۆمارێکی توانا و داهێنانی مرۆڤە، ئەو توانایە لەگەڵ مێژوودا گەشەی کرد. خەیاڵ بەردی بناغەی چالاکییەکانی مرۆڤە و هەر ئەویشە وای لە مرۆڤ کرد جیهان داگیر بکات و دۆزینەوەی گەورەتر بکات و لە دنیا تێبگا و هەوڵی دەست بەسەردا گرتنی بدات) (١٤).

هەر لێرەشەوە لێکۆڵەر بەو هیوایەیە کە زاناکان، زاناکانی بواری (لەبەرگرتنەوە) زۆر نەخایەنێ و ئەم (پێشبینی)یەی لێکۆڵەر بکەن بە واقیعێکی بەرچاو و بەردەست و لە خزمەت مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا بیخەنە کار و لەباری تێورییەوە بیخەنە نێو مەیدانی کردەیی.

## لەبەر گرتنەوە(١)*:

ئێمە لێرەدا بۆ وشەی (CLONING- استنساخ) لە کوردیدا (لەبەرگرتنەوە)مان بە گونجاوتر زانی لە ناوەکانی تری وەک (کۆپی کردن)، (ئیستینساخ)، (کلۆن=کلۆنکردن) و هەر ناوێکی تر کە تائێستا کەم و زۆر لەنووسینی کوردیدا بەکارهاتووە، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: لەبەرگرتنەوە ناوێکی داڕێژراوی کوردییە و مانای (CLONING) بە تەواوی دەربڕێ.

دووەم: لە ماناکانی (لەبەرگرتنەوە)دا هێمای (وەستایی) و (کارکردن) و (زانایی) و (هونەرکاریی) هەیە. کە ئەم کارەش واتە (لەبەرگرتنەوە) بۆ سەرکەوتن پێویستی بە هەموو ئەمانە هەیە.

وشەی (CLONING)لە ڕەگی (کلۆن=CLONE)(٣١)ەوە هاتووە کە وشەیەکی یۆنانییە و ماناکەی دەکاتە (چەقەڵەدان و زۆرکردن) (چەقەڵەدان)یش لە کوردیدا بۆ (زۆربوون)و (وەک یەک)یی دارو درەختو سەوزایی بەکاردێ، کە لە (یەک جۆر)و (یەک شێوە)دا زۆر دەبنو زیاد دەکەن، واتە زۆربوونی وەک یەک، کە دەکاتە هەمان مانای لەبەرگرتنەوە. لە زمانی عەرەبیدا (الاستنساخ)ی بۆ بەکارهاتووە و جێگای خۆشی گرتووە، کەچی لە زمانی فارسی تا ئێستا چەند ناوێکی جۆراوجۆری بۆ بەکاردێنن، وەکو (شبیەسازی، مانندسازی، همسان سازی، کلون کردن، تراریختە) و هی تریش بەڵام، (شبیە سازی) زۆرتر بەکاردێ.

ئەم ناوەش سەرەتا (زانای کشتوکاڵی هوبرت ویبر وشەی (CLONING) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٣دا بەکارهێنا بۆ ئەو لەبەر گرتوانەی کە لە تاکێکی رابردووەوە زۆر دەبن) (٣١).

بەکارهێنانی ناویش بۆ هەر زانستێک لەزمانی کوردی دا پێویستی بە پسپۆری کورد هەیە کە بە کوردی بیر لەم بابەتە بکاتەوە و هەروەها بەردەوامی باسکردن و زانین و لێکۆڵینەوەیە بەم زمانە و لە ئەو زانستە. لە کوردیشدا، هێشتا ئەم زانستە بە زمانی کوردی وەکو پێویست باس نەکراوە، هەر بۆیە بەتەواوی ناوەکان جێگیر نەبوونە.

## -مانای لەبەرگرتنەوە (CLONING):

چۆن ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆرتر مەبەستمان (لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ=HUMAN CLONING)ە بۆیە ماناکەی ئاوا لێکدەدەینەوە: زۆرکردن و هێنانە بوونی مرۆڤ بەبێ جووتبوونی ژن و پیاو بە هەمان شێوەی ئەو کەسەی کە (DNA)کەی لێ وەرگیراوە. (DNA)ش کورتکراوەی(DEOXYRIBONUCLEIC ACID)(٢)*ە و ماناکەشی دەکاتە: ئەو ترشەلۆکەی کە ئۆکسجینی لێبڕاوە و ئەو مادەیەیە کە لەنێو پێکهاتەی شانەدایە و هەموو هۆ و زانیارییە بۆ ماوەییەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و بەرپرسە بۆ ژیاندنەوەی گیانلەبەر(٣١).

هەروەها (DNA) گوێزەرەوەی تەواوی هۆیە بۆماوەییەکانە لەهەر شانەیەکی جەستەیی لە جەستەی مرۆڤە لەبەرگیراوەکە.

## بۆ لەبەرگرتنەوەی (مرۆڤ)یش دەکرێ سوود لەم دوو ڕێگایە ببینرێ:

یەکەم: خانە جینی (GENE)یەکە بەسەر زۆر شانەدا دابەش دەکری و بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری لەبەرگیراوەت دەسبکەوێ ئەم ڕێگایە بە ڕێگای لەبەرگیراوەی (جین)ی شانەیی ناودەبدرێ و لە ساڵی ١٩٩٤ەوەش کاری پێدەکرێ.

بەڵام ڕێگای دووەم: ڕێگای وەرگرتنی شانەی جەستەییە، لە جەستەی کەسی مەبەست بۆ لەبەرگرتنەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەسی لە هەمان شێوەت دەسکەوێ، ئەم ڕێگایەش بە ڕێگای لەبەرگرتنەوەی جەستەیی ناسراوە.

## مێژووی لەبەرگرتنەوە بەشێوەی زانستی(٣)*:

مێژووی لەبەرگرتنەوە بەشێوە زانستییەکەی لەگەڵ دۆزینەوە (دنا DNA) دەست پێدەکات، بەڵام تەقینەوە گەورەکەی لەگەڵ هاتنە ژیانی (دۆللی-DOLLY)دایە. ئەو بەرخەی دنیای هەژاند و دەنگ و باسی لە هەموو جیهان بڵاوبووەوە.

دیارە نابێ ئەوە لە بیر بکەین، پێشتر چ لە جیهانی (گوڵ و گیا) و (دار و درەخت) چ لە جیهانی (زیندوەر و گیانلەبەران)، ئەم زانستە بەکارهاتووە و بەرهەمی بووە، ئەم تەکنیک و زانستەش بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٣٨ زایینی (هانس ئەسبمەن) بەکاری هێناوە(٤٠).

(دکتۆر سیفیرینو ئەنتینوری) پاش ئەوەی دە (مشک)ی بە لەبەرگرتنەوە بەرهەم هێنا، بڕیاری دا هەر بەم شێوەیە (مرۆڤ)یش بەرهەم بێنێ. ئێستا کە گوڵ و گیا و درەخت و مێوە و بەرهەمە سروشتییەکان وەکو (شوتی) و (ترێ) و (سێو) و (خورما) بەهۆی لەبەرگرتنەوە، زۆر کراون و بەرهەمیان چەندان بەرابەر کراوە، ئەمە ڕاستیەکە و ئەمرۆ هەموو کەس هەستی پێ دەکات.

لە ساڵی ١٩٩٤ سەدان تاقیکردنەوە لەسەر ئەو ڕووەکانە کراوە لە (ئوروپا) و (ئەمریکای باکوور) و (یابان) و (ئوستراليا)، کە بەهۆی (جین-GENE) (٤)* ەوە لێکدەدران(٤٣).

دیسان ئەم زانستە لە جیهانی زیندەوەر و گیانلەبەرەکان هەنگاوی زۆر و گرنگی هەڵێناوە و بەرهەم و زانیاری زۆر لە سایەی ڕەنجی زاناکان ئێستا لەبەر دەستی مرۆڤایەتییە. هەر بۆ نموونە: لەبەرگرتنەوەی (بۆق) و (مشک) و (مەیموون) و (هێستر) و (بزن) و (سەگ) و (کەروێشک) و (باندا) و زۆر گیانلەبەری تر، کە لە نێو لێکۆڵینەوە و گۆڤار و هەواڵە زانستییەکان، ناویان هاتووە و بەردەوام ناویان دێت و ڕۆژ نیە هەواڵی تازە لەم بارەوە نەبیسین، (مێژووی سەرەتای ئەم کارە بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەگەرێتەوە، کە لەبەرگرتنەوەی یەکەمین زیندەوەر فەرخە بۆق بوو)(٣٧).

باسکردنی هەموو جۆرە لەبەرگیراوەکان، لە گوڵ و گیا و دار و درەخت و مێوە و زیندەوەر و گیانلەبەرەکان، کاری ئەم لێکۆڵینەوە نیە! بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگەی چوونە جیهانی (لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ) خۆش بکەین، باس لە دوو کاری زاناکان دەکەین، کە کاری دیار و مەزنی سەرکەوتنی ئەم مەیدانەی زانایانی لەبەرگرتنەوەن، ئەویش لەبەرگرتنەوەی بەرخی (دۆللی-DOLLY)یە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو گۆلکی (فۆتی - FUTI)یە لە خوارووی ئەفریقیا.

## یەکەم: بەرخە دۆللی-DOLLY(٥)*.

زاناکان بەردەوام و ڕۆژانە، بەرهەمی نوێی و تازە و سەرسوڕهێنەر و ئەفسانەییمان دەخەنە بەر دەست، کە ئێمەمانان خەڵکی ئاسایی و دانیشتوانی وڵاتە دواکەوتووەکان بەوە ڕاناگەین هەر تە نیا ناویان بزانین و بیانژمێرین!! بەڵام، ئەو بەرخە هەر هێندە پێی کەوتە سەر زەوی و قاڕاندی دنیای هەژاند و بوو بە هەواڵی هەموو کەس و خانوادەیەک و هەموو گوند و شار و وڵاتێکی ئەم سەر زەوییە، بەرخە دۆللی ڕووداوێکی دونیا هەژێن و بەرهەمێکی زانستی قەدەغەشکێن بوو(٥٠).

دۆللی-DOLLY ناوی ئەو بەرخەیە کە بەهۆی زاسنتی لەبەرگرتنەوە ساڵی ١٩٩٧ دنیای لەخۆ پڕکرد و هەموو خەڵکیش بەخۆوە خەریک کرد. دۆللی کە تەمەنی لە فبرایەری ١٩٩٦ تا چواردەی فبرایەری ٢٠٠٣ دەخایەنێ، ئەو بەرخە یەکەمین گیانلەبەری مەمکدارە، بە سەرکەوتوویی زاناکان بە لەبەرگرتنەوە لە شانەیەکی جەستەیی بەرهەمی دێنن!!.. لەبەرگرتنەوەی ئەم بەرخە لە پەیمانگای (رۆزلین) لە زانکۆی (ئەدەنبەرە) لە (ئسکۆتلەنەدە) لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)(٤٦) لەسەر دەستی زاناکان هاتە ژیان و یەکەمین بەرخە و یەکەمین گیانلەبەری مەمکدارە لە شانەی گەورە و پێگەیشتوو گیانلەبەرێکی لەبەر بگیرێتەوە ئەم کارەش بە سەرپەرشتی زانای ناودار (پرۆفیسۆر ئەیان ویلمۆپ)ەوە بوو کە سەرۆکایەتی تیپێک لە زانایانی ئەم بوارەی دەکرد.

دواجار لە پەیمانگای (رۆزالین) لە ئسکۆتلەندا، بڵاویان کردەوە کە دۆللی بە شێوەیەکی سروشتی خرایە بەربەران و بەم شێوەیە ئاوس بوو، بەرانەکەش، بەرانێکی چیایی بوو لە هەرێمی (وێلز)ی دراوسێ.

ئەمەش ئەوەی سەلماند کە دۆللی کاوڕە مێی لەبەرگیراوە، نەزۆک نیە و توانای زاوزێی هەیە، زانی دۆللی بە خۆشترین هەواڵ دادەندرێ کە بەرخێکی هێناوە و ناویان لێناوە (بۆنی) چونکە نۆبەرەی بەرە داکی دوللی لەبەرگیراوەیە و نیشانەی بە پیتی و زاوزێیەتیە.(٤٩)(٥٠).

دۆللی بەرهەمێکی گەورەی کارێکی مەزنی زاناکان بوون، کە بەسەرکەوتنێکی بێ وێنەوە، نێوەندی زانستی و ئەکادیمی و ئایینی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی هێنایە سەرمێزی گفتوگۆیەکی گەرم و جیهانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و تا ئێستاش نەبڕاوەتەوە.

ئالان فۆستەری لە ئۆکسفۆرد دەڵێ: (بەرهەمهێنانی بەرخە دۆللی ٢٧٤ تاقیکردنەوەی بۆ کرا بۆ ئەوەی لێکۆڵەرانی پەیمانگەی رۆزلین بتوانن بەرخێکی ساغ بەرهەم بێنن)(٥٠)، هەر بۆیە هاتنە دنیای دۆللی سەرکەوتنێکی گەورە و قۆناغێکی گرنگی تاقیکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی زاناکان بوو.

## دووەم:گۆلکە (فۆتی- FUTI)(٦)*:

خوارووی ئەفریقیا پێشدەستییێکی گەورەی کرد، رۆژی ٢٠٠٣/٥/٧ ئەم هەواڵە لە سایتی (BBCARBIC. COM)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەو گۆلکە لە نۆزدەی مانگی گوڵانی ٢٠٠٣دا هاتە دنیا، کە لە دایکێکی ناودارەوە لەبەرگیرابووەوە، (دکتۆر مۆرن دی لاری) بە بی بی سی ئۆنلاینی وت، ئەم گۆڵکە تەندروستیەکی باشی هەیە، ناوی لێنراوە (فۆتی FUTI) کە بەزمانی (زوولوو) واتە دووبارە لەبەرگیراوە. هەروەها ئەو تەکنیکەی لە لەبەرگرتنەوەی فۆتی بەکارهاتووە، جیایە لە تەکنیکی بەرخە دۆللی، کە یەکەمین گیانلەبەرە لە جیهان، لە شانەی گیانلەبەرێکی تەواو لەبەرگیراوەتەوە. فۆتی بەرهەمی هاوکاری نێوەندی پیتاندنی باشووری ئەفریقیا و پەیمانگای کشتوکاڵی دانیمارکیە (٥١).

فۆتی بە ڕەش و سپی و بەڵەکییەوە تەواو لە دایکی دەچێ شیرێکی زۆری هەیە، کە لە باشووری ئەفریقیا هیچ شیردەرێکی ناگاتێ. هەروەها (فۆتی)یش شیردەرێکی گەورەی لێ پەیدا بوو، کە رۆژانە ٧٨ لیتر شیری دەدا، لەسەر قسەی (دکتۆر دی لاری ئین) لە ماوەی ٣٠٠ رۆژدا ٢٠٤٦ لیتر شیری داوە، کە زاناکان دەڵێن لەبەرگرتنەوەی ئەم جۆرە گیانلەبەرانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی



برسیەتی لە جیهاندا.
لێرەوە بۆ خوێندنەوەی هەواڵی لەبەرگرتنەوەی (دۆللی) و (فۆتی) و گیانلەبەرەکانی تر و بینینی وێنەکانیان و سەلماندنی زانستیانەی بەرهەم هاتنیان، بۆمان روون دەبێتەوە کە زاناکان رێگایەکی زۆریان لە لەبەرگرتنەوەی گیانلەبەران بڕیووە زۆریش لە قۆناغی (لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ-HUMAN CLONING) نزیکبوونەتەوە.

## - لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ –(HUMAN CLONING)

مرۆڤ لەو رۆژەوە چاوی کردووتەوە بیر دەکاتەوە، بە دوای دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەم گەردوونەدا دەگەڕێ! گەردوون بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، هەرچی لە سروشتی ئەم ژێر زەوی و سەر زەوییەدا هەیە، نهێنی ئەم مانگ و ئەستێرە و رۆژ و ئەم هەموو هەسارە بێ سەرو بنە، جگە لەوەش بە دوای نهێنییەکانی نێو جەستەی خۆشیدا گەڕاوە، ئەوە جگە لەو پرسیارە گرنگ و سادەیەی سەرەتای بێ سەرەتا و کۆتایی بێ کۆتایی! ئێمە لە کوێوە هاتووین بۆ کوێ دەچین؟! هەر بۆیە ئێستا لەم رۆژگارەی ئێمەدا رۆژ نیە، چەندان هەواڵی سەرسوڕهێنەر نەبیسین، لە بوارە جیاجیاکانی ئەم گەردوونە پڕ نهێنییە. بۆیە دەبێ ئەوە بزانین، ئەوەی تا ئێستا مرۆڤ رۆژانە دەیدۆزێتەوە و دەیزانی لەبارەی (بوون) و (پێکهاتە)ی شتەکان بە مرۆڤیشەوە، تەنیا زانینی کەمێکی ئەو شتانەیە، کە هەیە و دۆزینەوەی پێکهاتەکانیەتی.
دۆزینەوە (DNA) دۆزینەوەیەکی گرنگ بوو! چونکە وەک زاناکان باس دەکەن، DNA ئەو (جین-GENE)ەیە کە هەموو هۆیەکانی بۆماوەیی دەگوێزێتەوە، لە هەر شانەیەکی جەستەوە بێ! جەستەی مرۆڤی بەردەست بۆ لەبەرگرتنەوە.
ئەگەر لە سەرەتای دۆزینەوەی (DNA)دا زاناکان گوتیان: لاپەڕەی یەکەمی کتێبی نهێنی مرۆڤمان دۆزیەوە، ئەوا ئێستا زاناکان: (رایانگەیاند توێژەرانی گەڕاو بەدوای نهێنییە بیۆلۆجیەکەی نەخشەکانی یەک بە دوای یەکی جیناتی مرۆڤ، توانیان بە دوو ساڵ پێش ئەو ماوەیەی کە بڕیار بوو، نەخشەکە تەواو بکەن، کەواتە ئێستا زاناکان تەواوی لاپەڕەکانی کتێبی نهێنیەکانی مرۆڤیان لەبەر دەستە و (DNA)ش هەڵگر هەموو خەسڵەتە بۆماوەییەکانی مرۆڤە!
کەواتە دەتوانن، بەهۆی ئەم (DNA)یەوە، مرۆڤ لە نوێوە بەرهەم بێننەوە! چۆن پێشتر توانیان گیا و گوڵ و مێوە لەبەر بگرنەوە، چۆن توانیان زیندەوەر و گیانلەبەر لەبەر بگرنەوە، ئێستاش نۆرەی مرۆڤ هاتووە! بۆ لەبەر گرتنەوە

هەرچەند لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، زۆر لەگیا و گوڵ و زیندەوەر و گیانلەبەر ئەستەم ترە، لەبەر دوو هۆ:
**یەکەم:** لە رووی ئایینی و ئەخلاقی و یاساییەوە، ئەم کارە رێگەپێنەدراو، زۆربەی پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدارانی دەوڵەوتی و تاوەکو رەشە خەڵکەکەش ڕێگر و پێشگری ئەم کارە زانستیەن و بە ئاسانی قبوولی ناکەن!
**دووەم:** لە رووی زانستییەوە لەبەرگرتنەوەی (مرۆڤ) زۆر لە لەبەرگرتنەوەی گیانلەبەر و دار و درەختەکان زەحمەت ترە! چونکە دواجار مرۆڤ، مرۆڤە! بە هەموو پیرۆزیی و ئاڵۆزیەکانیەوە، چۆن هەوڵە سەرنەکەوتووەکان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی شێوا و ناتەواو دژەکانی ئەم کارە زانستییە دەست رۆیشتوو تر و دەمکراوەتر دەکات.
بەڵێ! ئەستەمی و ئاڵۆزیی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ! کارێک نیە زناکان دواجار وازی لێ بێنن، خوێندنەوەی مێژووی زانستی رابردوو پێمان دەڵێ: لە سێ بواردا (ئەستەم) و (ناکرێ!)نیە!
ا- لە بواری ئایینیدا وە بە پێی باوەڕی باوەڕداران، خودا هەرچی بیەوێ دەیکات و هەر بە هێزی خودایی خۆی ئەوەش بۆ-خۆشەویستی و پێغەمبەرانی خۆی دەکات. بەپێی باوەڕی باوەڕداران! لێرە دەسەڵاتی خودا سنوورێک ناناسێ کە لەوێوە زانین و دەسەڵاتی ڕابووەستێ خودا خودای (کن، فیکون)ە، واتە خودای گۆت: تیژ....تیژە!!
ب- لە نێو دەقە ئەفسانەییەکاندا، هیچ کارێک و خواستێک نیە: لەبەردەم پاڵەوانی ئەفسانەدا، نەکردەنی و دوورە دەست بێت: ئەوەی لە نێو ئەفسانەکاندا روودەدا و پاڵەوان دەیکات: ئەگەر چی زۆر جار لە دەرەوەی فەلسەفەی ئایینەکانن! بەڵام، دیسان لە کاری پەرجو دەچێ، کارێک بەپێی لۆجیکی ئایین لە کاری خوداوەند دەچێ! ئەگەرچی مرۆڤیش دەیکات لە کاتێکدا هیچ مەرج نیە! ئەو مرۆڤە خاوەن باوەڕێکی ئایینی بێ و هێزی خۆی لە خوداوەندێکەوە بخوازێ، بەڵام، ئەفسانەیە و پاڵەوانی ئەفسانەیی کاری ئەفسانەیی دەکات.
د- بوار بواری زانستە! لە نێو جیهانی فراوانی زانست و لە نێو تاقیگە بچوکەکانی زانستی و پیاوانی زانا، هەرچی بەخەیاڵی زانستیانەیاندا دێت! هەوڵی بۆ دەدەن و دواجار دەیکەن! چۆن لە دنیای ئایین دا، بۆ ئیماندارێک ناکرێ! بڵێت خودا ئەم کارەی پێ ناکرێت، چۆن لە نێو جیهانی ئەفسانەدا بۆ مرۆڤی باوەڕدار بە ئەفسانە، ناکرێ بڵێت: لە ئەفسانەدا ئەم کارە نابێ و روونادات، هەر بەم شێوەیەش لە دنیای زانستدا، بۆ پیاوی زانا ناکرێ بڵێیت، ئەم کارە ئەستەمەو ناکرێ!!
هەر لەم بارەیەوە زانایەک روو لەخەڵک دەکاو دەڵێ: لەمەودوا هەر چیمان گوت: نەڵێن نابێ! زۆر جار گوتمان ئەم کارە دەکەین! گوتتان، نابێ! بەڵام دواجار کردمان.. بەڵێ: خودا کاری خۆی کرد و تەواو لێبووەوە. ئەفسان بێژیش ئەفسانەی خۆی گوت و تەواو

**چە پکێک گوڵو چە پکێک نێرگز.**
**مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز**

بەڵام ، پیاوە زاناکان، بەردەوامن، هێشتا کار دەکەن و پێ ناچێ وازووش کارەکانیان تەواو بێت. بەڵێ ئەوان بەردەوام کار دەکەن! بەردەوام نهێنییان دەدۆزنەوە، بەردەوام شتی تازە دادەهێنن. ئەگەر لە نێو ئەم فەزا بێ سەروبنە بە دوای دوورترین ئەستێرەدا دەگەڕێن! ئەوا لە نێو جەستەی مرۆڤیش، وردترین جین دەدۆزنەوەو لەم سروشت و پێکهاتە جۆرا و جۆرەش باریکترین مول-لە نانۆدا بە دەست دێنن. بەڵێ: زاناکان کار دەکەن! کاری زانستی ئەفسانەیی! ئەفسانەیی زانستی.
ئێستا با بزانین، زاناکان خۆیان لەبارەی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ! چی دەڵێن و چی دەکەن؟!
پاش ئەوەی بەلەبەرگرتنەوەی (دۆللی-DOLLY) وە بەرخێکی بەرهەمی زانستی لەبەرگرتنەوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و گفتوگۆیەکی زۆر و توندی جیهانی دروستکرد، زاناکان پاش ئەم سەرکەوتنە زۆرتر لە جاران و پتر بە بڕوا بە خۆبوونەوە کەوتنە کار.
پزیشکی نەزۆکیی بەڕەگەز ئیتاڵی (دکتۆر سیفیرینو ئەنتینۆری) دوای سەرکەوتنی لەبەرگرتنەوەی دۆللی گوتی: (وەختی ئەوە هاتووە لەکۆتایی ئەم ساڵ کاتێک دیاری بکەین بۆ لەبەرگرتنەوەی یەکەمین مرۆڤ)(٥٨)، هەروەها یەکێ لە بەشداربوانی پڕۆژەی بەرهەمهێنانی (دۆللی-DOLLY) دکتۆر بانایوتیس زافۆس گوتی: (کاتی بەرهەمهێنانی (جینی-GENE) مرۆڤ نزیک بووەتەوە، بۆ لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ) ئەوەش زانراوە زاناکان کە قسە دەکەن و بەڵێن دەدەن، بەڵێنەکەی خۆیان دەبەنە سەر، جیهان پێشتر منداڵی بەرهەمهێنراوی نێو پرۆژەی بلوری دیوە، بۆیە دەبێ لەوەش نەترسێ کە منداڵی لەبەرگیراوە بە بەرچاویەوە یاری بکات و سبەینێ ببێ بە کەسێکی ئاسایی نێو خانوادە و نێو کۆمەڵگە، کە یەکەمین منداڵی بەرەمهێنراوی نێو بلور کچێکی ئینگلتەرا بوو بە ناوی (لوسی) واتە لوسی کچێک نیە، بەشێوەی ئاسایی و قبوڵکراو، لە دایک !! بووبێ، بەڵکە زۆرتر بەرهەمی کاری زانستیانەی زاناکانە. بەڵام زاناکان هەر تەنیا لە سنووری بەرهەمهێنانی نێو بلوردا ناوەستن.

### یەکەمین منداڵی لەبەر گیراوەی یابانی (٧)*:

یابانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەویش لە بواری زانستی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ کار وبەرهەمی هەیە. کۆمپانیای کلونیدی یابانی هەواڵی سێ منداڵی لەبەرگیراوەی راگەیاند. (بریجیت بۆاسییە)(٢٩) بەرپرس لەو کۆمپانیایە گوتی:
منداڵی لەبەرگیراوە، منداڵێکە لە شانەی منداڵێکی تەمەن دوو ساڵە وەرگیراوە کە بە رووداوی ماشێن مردووە. ئەوەی لەم هەواڵە زۆر گرنگە، منداڵێکی دوو ساڵەی تازە مردوو لە بەردەگیرێتەوە، کەئەمەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لە گرنگی کارە زانستیەکە، ئەوەش گرنگە کە دایک و باوکی ئەو منداڵە بێ هیوا نابن و بە لەبەرگرتنەوەی گەرما و گەرمی منداڵەکە، منداڵەکە هەر خۆی بۆ دایک و باوکی جێگای خۆی دەگرێتەوە، ئەگەر لە یابان زاناکان منداڵەکە هەر خۆی دەکەن بەخۆی! با بزانین لە ئەمریکا چۆن دایکێک دەبێت بە کچی خۆی!؟
(رۆژی هەینی ٢٧ی دیسێمبەری ساڵی ٢٠٠٢ هەواڵی یەکەمین کۆرپەلەی لەبەرگیراوە بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە، تۆڕی تەلەفزیۆنی (بی بی سی) لە ساتەکانی کۆتایی ئەم رۆژە، بڵاوی کردەوە: کۆرپەلەی لەبەرگیراوە کچێکە ٣ کیلۆ و ٢٠٠ گرام سەنگایتی، بە قسەی خاتوو (بریژیت بویسلەر) کیمیازان و بەڕێوەبەری کۆمپانیای کلۆناید (ئایۆ EVE) یان (حەووا) رۆژی پێنج شەممە بەهۆی ئەندازیاری ژەنەتێکی لەبەرگیراوە لە تاقیگە هاتە دنیا، هەروەها ئەو خاتوونە گوتی: کۆمپانیای ژێر دەسەڵاتی ئەو بە سوود وەرگرتن لە بواری کلۆنینگ-لەبەرگرتنەوە توانیویەتی لە بۆریەکانی پێستەی ژنێکی ٣١ ساڵەی ئەمریکایی، جینێک -کۆرپەلە-یەک بەرهەم بێنن کە دواجار لە هەموو ڕووێکەوە لەو ژنە سیویەک ساڵە بچێ)(٤٦). پاش ئەم هەواڵە با جارێکی تر گوێ لە پزیشک (ئەنتینۆری) بگرین و بزانین لە بارەی لەبەرگرتنەوە چ هەواڵێکی تری پێیە: (ئەنتینۆری رایگەیاند یەکەمین منداڵ لە شاری بەلیگراد و پایتەختی سربیا لەدایک دەبێت لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (نین)ی سربی، گوتی: کاری هەڵگرتنی کۆرپەلە لەبەرگیراوە لەگەڵ سێ ئافرەت سەرکەوت، هەروەها گوتی: ئەم کارە پێشڕەوایەتی شۆڕشێکە لە زانستی جینات و سربیا دەکاتە یەکێ لەو سێ وڵاتەی کە نیویان دەچێتە نێو مێژوو)(٣٣).
بەڵێ: زاناکان کاری زۆرتر دەکەن و مێژووش جێگای زۆر هەواڵی تری تێدا دەبێتەوە. پاش ئەوەی کۆمپانیای (ئەدفانسید سیل تەکنەلۆجی-



ADVANCED CELL TECHNOLOGY) ACT رایگەیاند کە: یەکەمین کۆرپەلەی لەبەرگیراوە وەک مزگێنیەک رادەگەێنین لە رۆژی ٢٠٠١/١١/٢٥ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی رۆژئاوا و عەرەبی گرنگیەکی زۆریان پێدا و زۆریان باسکرد. بەڵام، هەر زاناکان دەڵێن: ئەمە جاری یەکەم نیە کە مرۆڤ لەبەر دەگیرێتەوە، لە ١٤ دیسمبەری ١٩٩٨ دەستەیەک لە پزیشکانی نەخۆشخانەی زانکۆی (کیونجی) لە کۆریای باشوور بە سەرپەرشتی (کیم بۆسنج) یەکەمین هەنگاوی تاقیکردنەوەی لەبەر گرتنەوەی مرۆڤیان تاقیکردووتەوە)(٣٨).

واتە ئەوە زانایانی کۆریای باشوورن بە سەرپەرشتی (کیم بوسنج) یەکەمین جار کاری لەبەرگرتنەوەی مرۆڤیان تاقیکردووتەوە.

ئەم یەکەمینجار و یەکەمین کەسە، بۆ کاری زانستی لەبەرگرتنەوە، زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بەو ململانێ و نهێنی کارکردنەی نێوان زانای وڵاتەکان، چونکە هەر وڵاتە و دەیەوێ، یەکەمینجار ئەوان بن، ئەم کارە بکەن و هەر زانایەش دەیەوێ خۆی یەکەمین کەس بێ ئەم کارە بکات، هەتا ڕادەیەکی زۆریش هەر وڵاتە و هەرکەسەی بۆ خۆی کار دەکات، هەربۆیە یەکەمین کەسو یەکەمین جار زۆر دووبارە دەبێتەوە.

وەک دەڵێن پرۆژەی جینۆمی بەشەری (لەساڵی ١٩٩٠) دەستی پێکرد و وا دانرابوو کە لە ساڵی ٢٠٠٣ تەواو بێت) چونکە زیاتر لە ڕێگایەک هەیە، بۆ کاری لەبەرگرتنەوە، لە کتێبی (العصر الجینومي-سەردەمی جینۆمی) دا لەبارەی یەکێ لە ڕێگاکانەوە دەڵێ: (ئەم ڕێگایە بۆ جاری یەکەم لە جینی بەشەریدا بۆ لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ ساڵی ١٩٩٣ بەکارهێنرا)(١٧).

هەرچۆنی بێت، وڵاتەکە هەر وڵاتێک بێت و رۆژ و مانگ و ساڵەکە هەر ساڵو مانگو رۆژێک بێت و زاناکە هەر زانایەک بێت! گرنگ ئەوەیە -زاناکان بەردەوام کار دەکەن و کارەکانیشیان بەرهەمدارە.

## - ئەرێ منداڵە لەبەرگیراوەکە ئێستا لەکوێ دەژی؟!

جیهان هەواڵی زۆری بیست و زۆری خوێندەوە لە بارەی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، ئەرێ ئێستا هیچ مرۆڤێکی لەبەرگیراوە بە زیندوی هەیە، ئەگەر هەیە، لە کوێ دەژیت؟! وەڵام ئەم پرسیارە لای کۆمپانیای (کلونید)ە: (ئەم کۆمپانیایە دەڵێ: ئێمە سەرپەرشتی یەکەمین منداڵی لەبەرگیراوەمان کردووە و ئێستا ئەو منداڵە بە تەندروستیەکی باشەوە لە ئیسرائیل نیشتەجێیە. (جیهان تووشی شۆکی لەبەرگرتنەوە بوو، کاتی لە دایک بوونی (ئیف)=(حەووا)) راگەیاندرا، چونکە یەکەمین منداڵی لەبەر گیراوەیە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا)(٣٩).

ئەم کۆمپانیایە بانگکرایە بەردەم دادگای فلۆریدا بۆ ئەوەی بەڵگەی سەرکەوتنی ئەم کارە بخاتە بەردەست تاوەکو منداڵەکە (سەرپەرشت -دایک و باوک)ی یاسایی بۆ دیاری بکرێ.

پاش بڵاوبوونەوەی لەبەرگرتنەوەی منداڵەکە، کۆمپانیاکە گوتی: ئەم منداڵە لە دایکی خۆی لەبەرگیراوەتەوە، دایکی ئەو ژنێکی ٣١ ساڵەی ئەمریکاییە کە مێردەکەی منداڵی نابێ. منداڵەکە کچە و ناوی (ئیف)ە. بەڵام، ئێمە ناوی ئەو دایک و باوکە ئاشکرا ناکەین، چونکە ئەوان دەترسن لە بینەو بەرەی یاسایی و مناڵەکەیان لە دەست بچێ، بەرێوەبەری کارگێری کۆمپانیاکە (دکتۆر بریجیت بواسلیە) ئەوەشی بۆ دادگا ئاشکرا کرد ئەو کچە ناوی (ئیف)ەو ئێستا لە ئیسرائیل دەژیت(٤٦).

بەڵێ: مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوە تا ئێرە ئەوەیە کە بسەلمێنن، زانستی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، زانستێکی تازەیە و بەردەوام زاناکان لە زۆر لاوە کار دەکەن و دواجار مرۆڤی لەبەرگیراوە وەک منداڵی نێو بلور بوو بە واقیع وئێستا لە نێوانماندا دەژی و ناچاریشین لەم نزیکانە ڕەگەزنامەی بۆ ڕێکبخەیین و ئەو رۆژەی کە (شو)ش دەکات شیرینیەکەی بخۆینەوە.

ئەوەی تا ئێستا ساغ بووەوە، ئەوەیە کە زاناکان لە چەند وڵاتێک توانیویانە (منداڵ) بهێننە ژیان، هێنانێکی زانستیانەی جیا لە منداڵبوونی ناسراو و بڵاو. هەواڵەکەش بۆ ئەوەیە کە، دواجار مرۆڤێکی تەواو لە ڕووی جەستەییەوە، بێ کەم و کورتیش لە ڕووی ئاوەز و دەروونیەوە، مرۆڤێک ڕێک وەک ئەو مرۆڤەی کە لێی وەرگیراوەتەوە، ئەوەش لە (ئیف) دا هاتووتە بەرهەم چونکە -ئێستا بە تەندروستییەکی باشەوە لە ئیسرائیل دەژی- کەواتە زاناکان لەوەدا سەرکەوتن کە بە ڕێگای لەبەرگرتنەوە -مرۆڤ-مرۆڤێکی تەواو، بە مانای زانستییەکەی بێننە ژیان و هیچ ئەندامێکی جەستەی کەم نەبێ و هیچ کەم و کورتییەکی ئاوەزی و دەروونیشی نەبێ. ئەوەش ڕێگای ئەوەمان بۆ خۆش دەکاتن کە بڵێین: ئەگەر زاناکان توانیان (مرۆڤ)ی تەواو بە ڕێگای لەبەرگرتنەوە زۆر بکەن! ئەوا دەشتوانن، یەک یەک ئەندامەکانی جەستەی ئەو (مرۆڤ)ە هەر بە هۆی لەبەرگرتنەوە دروست بکەن و زۆر بکەن. چونکە ئەگەر لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، بەرهەمێکی زانستی و پێویستیەکی مرۆڤایەتیە، ئەوا پێویستی بەرهەمهێنانی ئەندامەکانی جەستە، وەک ئەندامی پارچەی یەدەگ بۆ مرۆڤە کەمئەندامەکانی جیهان پێویستیەکی یەکجار زۆر و گەورەیە و هەر ئێستا بە هەزاران و ملیۆنان مرۆڤی کەم ئەندام بە تاسەیەکی زۆرەوە چاوەڕێی ئەو رۆژەن کە زاناکان سەرکەوتنی ئەم هەواڵە خۆشەیان بۆ بڵاوبکەنەوە. بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن ئەندامە پێویستەکەی خۆیان لە دەرمانخانە بکڕن و لە نەخۆشخانە دکتۆری پسپۆڕ و زاناکان بۆیان ببەستنەوە، تاوەکو لە نەخۆشخانە چوونە دەرەوە، دارشەق و عارەبانەکانیان لەوێ بەجێ بێڵن و چیتر پێویستیان بەوە نەبێ کە خەڵک پیلیان بگرێو عارەبانەیان بۆ پاڵبدا.

ئەگەر مرۆڤە کەم ئەندامەکان بە ئاواتەوەن، کە رۆژێ بێت لە سایەی هەوڵی نەپچڕاوەی زاناکان بتوانن بچنە دەرمانخانەکان و ئەندامی یەدەگی لەبەرگیراوەی جەستەی مرۆڤ بۆ خۆیان بکڕن! ئەی با بزانین زاناکان بۆ ئەم هیواو ئاواتەی کەم ئەندامەکان، چی دەڵێن و چیان کردووە؟!

## ئەندامی یەدەگی جەستەی مرۆڤ:

لە تازەترین هەواڵی نوێ لە بارەی ئەندامی لەبەرگیراوەی مرۆڤ و لە باسی دۆزینەوەی (سلیکۆن)دا ئەم هیوایە بە کەم ئەندامەکان دەدەن، زاناکان دەڵێن: (ئەم دۆزینەوەیە بە سەرەتایەکی زۆر گرنگ وەسف دەکەن و بە دەروازەیەک بۆ دروستکردن و چاندنی ئەندامەکانی تری مرۆڤ دادەنێن.

هەروەها بەو هیوایەن کە ئەم داهێنانە ببێتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوەی ئامێری تەکنەلۆجی زیندوو (٣٩)، هەروەها کۆمپانیای (پیراپیۆتکس) لەباسی (لەبەرگرتنەوەی بەرازو چاندنی ئەندامی مرۆڤ)دا وتەبێژەکەی گوتوویەتی: ئەم کارەی دەزگای لەبەرگرتنەوەی بەراز ڕێگا خۆش دەکات کە لە جینیەوە چاکراوە و دەکرێ ئەندام و شانەکانی بە سەرکەوتوویی لەمرۆڤدا بچیندرێ. ئەوەی کە تاکە ڕێگایە بۆ ماوەیەکی دوور بۆ چارەسەرکردنی گرفتێکی جیهانی ئەویش کەمی ئەندامی مرۆڤە، ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەوەی لە جەستەی ئەو مرۆڤانەدا بچیندرێ کە پێویستیان پێیەتی.

هەروەها لەباریە ئەم ئەندام چاندنەوەدا لە گۆڤارە زانستییەکاندا هاتووە و دەڵێ: ئەو ئەندامە نوێیە بەپێی داخوازی و پێویستی دەچیندرێ، لە جێگای جەرگی خراپ بوو و گورچیلەی ئومێد لێبڕا و دڵی نەخۆش و پەنکریاسی سەرنەکەوتوودا، ئەگەر تا ئێستا ناوی ئەندامەکان بە شێوەیەکی گشتی باس دەکرا، لەم هەواڵە زانستیە باسی گۆڕین و چاندنی گرنگترین ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ دەکات، ئەویش (جەرگ و گورچیلە و دڵ و پەنکریاس)ە.

هەر لەم بارەوە گروپێکی بەریتانی لە نێوەندی (لایف) لە زانکۆی (نیوکاسل) توانیان سێ (جین) بە دەست بێنن بەهۆی لەبەرگرتنەوە و ئەمە یەکەمین لەبەرگرتنەوەیە لە ئوروپا، ئەم جینە لەبەرگیراوەیە دەرگایەکی تازەی چارەسەری نەخۆشی دەکاتەوە، بۆ نەخۆشی شەکرە و زەهایمەر و گۆڕینی ئەندامە لە کار کەوتووەکان.

ئەوەتە دواجار زاناکان دەتوانن جەستەی مرۆڤ لەباریەک هەڵوەشێنن و لێکی ببەستنەوە و ئەندامە خراپ و لە کار کەوتووەکان بگۆڕن و مرۆڤێکی ساغ و تەندروست بخەنە سەرپێ.

ئەگەر تا ئێستا باسی ئەوەمان کرد، کە زاناکان بەهۆی زانستی لەبەرگرتنەوە، مرۆڤی لەبەرگیراوەی تەواو دروست دەکەنەوە و هەروەها ئەندامەکانی جەستەش بەرهەم دێنن و مرۆڤە کەم ئەندامەکان، لە خەمی کەم ئەندامی بێ خەم دەکەن، بەڵکە ئەوەتا باسی ئەوەش دەکەن، کە دەتوانن، (مرۆڤی جوان) و (مرۆڤی زیرەک)یش بەرهەم بێنن، بۆ نا!؟ ئەی ئەوە نیە ئەوان کتێبی نهێنی جەستەی مرۆڤیان دۆزیتەوەو ئەوەتا دەڵێن: زانایانی نهێنی بیۆلۆژی لە زنجیرەی نەخشەی جیناتەکانی مرۆڤ، توانیان دوو ساڵ پێش وەختی دیاریکراو تەواوی ئەو نەخشەیە بدۆزنەوە، کە نهێنییەکانی جەستەی مرۆڤی تێدا پارێزراوە.

زاناکانیش دەتوانن، لە سایەی نهێنیەکانی نێو ئەو کتێبە پێکهاتە و جۆری کارکردنی ئەندامەکان بزانن و بتوانن هۆی لە کارکەوتن و کاراکردنیشی بدۆزنەوە. جگە لە ئەندامەکان و جۆر کارکردنی میکانیکیانەی جەستە، نهێنی گشت چالاکیەکانی جەستە بزانن و بزانن گرفتەکانیان چارەسەر بکەن و سستەکانیان چالاکتر بکەن و توانا پەی پێ نەبردراو و بزرەکان بدۆزنەوە و بۆ سودی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیانخەنە کار.

ئەم بەدواداچوونەی ئێمە، بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنن زانست چۆن توانیویەتی، منداڵی نێو بلور بەرهەم بێنێ، چۆن توانی منداڵ بە لەبەر گرتنەوە بەرهەم بێنی، هەروەها چۆن توانی ئەندامی یەدەگی جەستەی مرۆڤ بە لەبەرگرتنەوە بەرهەم بێنێ! ئاواش رۆژێ دێ کە بتوانێ بە لەبەرگرتنەوە مرۆڤ فێری زمانێکی تازە بکات، بۆ ئەوەی چۆن مرۆڤ توانی سود لە ئەندامی یەدەگی لەبەرگیراوە بێنێ، ئاواش مرۆڤ بە لەبەرگرتنەوە زانست و فێربوون! بە تایبەت فێربوونی زمان، فێربێ و بێ ئەوەی کات و توانایەکی زۆر بە خەرج بدات، لێرەش بۆیە بە تایبەت باسی فێربوونی زمان دەکەم، چونکە ئەم فێربوونی زمانە بە زووی و کتوپڕی پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، چ لە نێو ئەفسانە و ئایین دا، چ لە مێژوو و واقیعدا، ئەگەر لێرە بۆ کارێکی زانستی وەکو (لەبەرگرتنەوەی زمان) باسی پێشینەی ئەفسانە و ئایین و مێژوو دەکەین هۆیەکەی ئەوەیە کە: بە ڕای ئێمە ئەفسانە و ئایین هەریەکەو بەشێک لەڕاستی مێژووییان تێدایە، مێژووش بەشێکە لە ڕاستی، ڕاستیش بەشێکە لە زانست، کەواتە زانست، هەر زانستێک و لەهەر ئاستێکدا بێ، ئەو ڕیشەیەکی لەئەفسانە و ئایین و مێژوودا هەیە! دواجار نابێ ئەوە لەبیر بکەین، هەموو ئەمانە چ ئەفسانە و ئایین و چ زانست! بەرهەمی کارکردنی عەقلی مرۆڤن.

مێژووش بەرهەمی بەکارهێنانی عەقلی مرۆڤە لە مەیدانی ژیاندا، کەواتە هەموو ئەمانە بەرهەمی عەقلی مرۆڤن! مرۆڤ بەرهەمی هێناون و هەر مرۆڤیش بەکاریان دەهێنێتەوە. هەر بۆیە لێرە بە چاکی دەزانین، بۆ دۆزینەوەی پێشینەی (لەبەر گرتنەوەی زمان) گەشتێک بە نێو ئەفسانە و ئایین و مێژوودا بکەین و دواجار لەبەر دەمی تاقیگەی زاناکان راوەستین و چاوەڕێی هەواڵی زانستیانەیان بکەین، هەواڵی بە زانست کردنی هیوا و هەواڵە ئەفسانەیی و چیرۆکە پیرۆزە ئاینیەکان و شیکردنەوەی ڕووداوە واقیعی و مێژووییەکان.

ئەگەر بە وردی هەندێک لە ئامێرە سەیر و ئەفسانەییەکان بێنینەوە بەرچاو و لەگەڵ بەرهەمە زانستییەکان-ئەو بەرهەمانەی ئێستا رۆژانە بە کاریان دەهێنین، بەراودریان بکەین، دەبینین ئەوەی کە هەزاران ساڵ لەوەپێش ئەفسانە باسی کردوو، ئەوا ئەمڕۆ زانست کردوویەتی بە واقیع و ئێمە زۆر بە ئاسایی بەکاریان دەهێنین، بۆ نموونە:

## ئاوێنەی دینا بین، ئەگەر سەتەلایت و ئەنتەرنێت نەبێ! ئەی چییە؟

چەرخ و فەلەک، هێلیکۆپتەر نەبێ! ئەی چیە؟ ئەو تەشتەی لە نێو ئەفسانە کە خۆی جل دەشوا، جل شۆر نەبێ! ئەی چیە؟

سیمرغ کە مرۆڤ لە بن دنیا بۆ سەر دنیا و لەسەر دنیا بۆ بن دنیا دەباتەوە، ئەگەر مانگی دەستکرد نەبێ! ئەی چیە؟ هەروەها زۆر و زۆری تر، کە رۆژانە زاناکان لە ئەفسانەوە دەیکەن بە واقیع! ئەگەر زاناکان بە بەردەوامی و بەزانایی خۆیان توانیویانە ئەم هەموو کارە زانستیە ئەفسانەییە بکەن! بۆ چ دەبێت گومانمان هەبێ لەوەی کە لەداهاتوودا بتوانن! بە لەبەرگرتنەوە مرۆڤ فێری زمانێکی تازە بکەن! فێربوونێک یەکسەرە و لە ناکاو.

## سەرتا لە ئەفسانەوە(٨)*:

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە زاناکان ئێستا رۆژانە ئەو ئامێرە ئەفسانەییانەی کە لە نێو دەقە کۆنەکاندا باس دەکران دەکەن بە ئامێری بەردەست و ناوماڵ، ئێستاش باس لە هەندێ لەو ئەفسانانە دەکەین، کە باس لە (لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ) دەکەن و هێمای گرنگ و بەرچاوی (لەبەرگرتنەوەی زمان)ن کە بەڕای ئێمە بە دووری نازانی بە پشت بەستن بەوەی لەناو ئەفسانەکاندا هەبوون و ئێستا زاناکان هێناویانەتە نێو ماڵ و نێو ژیان، هەر بەو پێ و دانگەش لە داهاتوویەکی نزیکدا، هەر زاناکان ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەی ناو ئەفسانەکان بکەن، بە کارێکی سادەی نێو تاقیگەکانیان و رۆژانە مرۆڤ بە نەشتەرگەرییەکی سادە و ئاسان و کەم خایەن وا لێ بکەن، پاش ئەوەی لە نەشتەرگەریەکە دەرچوو، زمانێکی تازە فێربووبێ و قسەی پێ بکات و پێی بنووسێ و بخوێنێتەوە. سەرەتا دەبێ، لەبارەی ئەفسانەوە، ئەوە بڵێین، کە ئەفسانە زۆرتر واقیع و ڕووداوەکان دەکات بە هێما! بۆیە دەبێ لە شیکردنەوەی دەقە ئەفسانەییەکان، ئاگاداری ئەوە ببن، ئەفسانە واقیع و مێژوو وەک خۆی باس ناکات، هێندە هەیە بە هێما دەیەوێ حیکمەتی ڕووداوەکانمانی بۆ روون بکاتەوە، هەروەها لە کاتێکدا کارێکی نێو ئەفسانە لەگەڵ کارێکی زانستی بەراورد دەکەین، نابێ ئەوەی کە لە بابەتە زانستییەکدا بە پێویستی دەزانین، هەر ئەوەش لە ئەفسانە چاوەڕێ بکەین و لەگەڵیدا زۆر ورد و باریک بین، وا چاکە ئەوەی کە ئەنجامە لە نێو ئەفسانەدا، هەر ئەوەش لەگەڵ ئەنجامە زانستییەکەدا پێکبگرین.

## - شیکردنەوەی ئەفسانەکان:

**- ئەفسانەی یەکەم:** ئەفسانەیەکی کوردی هەیە، بە ناوی (ئاسکە)(٧)، لەم ئەفسانەیەدا ژن و مێردێک کە زۆر یەکتریان خۆش دەوێ، ماوەی دە ساڵ منداڵیان نابێ، رۆژێک فاڵگرەوەیەک بە بەردەمی ماڵیان دادێ و هاوار دەکات (فاڵ ئەگرینەوە....فاڵ ئەگرینەوە) ژنەکە بانگی دەکات و داوای لێ دەکا بزانێ! منداڵیان دەبێ؟ یان نا. فاڵگرەوەکە دەڵێ: (ئێوە ماوەیەکی زۆرە منداڵتان نابێ من ئێستا دەرمانێکت ئەدەمێ و دەرمانەکە لە ژێر جریوەی ئەستێرەکان دایبنێ و بە یانیش بەر لە خۆر هەڵاتن و بەر لەوەی تیشکی خۆری بەرکەوێ ئەم دەرمانە بخۆرەوە)(٧)، ژنەکە فاڵگرەوەکە چی گوت، ئاوا دەکات.

شەو مێردەکەی درەنگ دەگەڕێتەوە ماڵەوە، برسی دەبێ، شیر و دەرمانەکە دەخواتەوەە، بەیانی کە ژنە هەڵدەستێ سەیر دەکا دەرمانەکە نەماوە، لە مێردەکەی دەپرسێ: پیاوەکە دەڵێ: شەو کە گەڕامەوە برسیم بوو هیچ نەبوو بیخۆم، ئەو شیرەم خواردەوە، ژنەکە دەڵێ: (ئەمە دەرمانی مناڵ بوونی تیا بوو!) کەواتە تۆ زگت پڕ دەبێ و منداڵت دەبی! پیاوەکە بەم هەواڵە زۆر پەشوکا و بیری لە داهاتووی خۆی کردەوە کە چی روو ئەدا ئەگەر پیاو مناڵی ببێ.

رۆژ بە رۆژ پیاوەکە ڕانی ڕاستەی وردە وردە هەڵئە ئاوسا و ئەستوور دەبوو. پیاوەکە بڕیاری دا لە ماڵەوە نەچێتە دەرەوە ژنەکەی لە جیاتی ئەو کارەکان بکات.

پاش نۆ مانگ پیاوەکە، لە ئاوایی چووە دەر و بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام ژنەکە پێی گوت (پیاوەکە تکات لێ دەکەم منداڵە لەگەڵ خۆت بێنەوە تا بەخێوی بکەین)(٨).

پیاوەکە لە جێگایەک دانیشت، کە لە تەنیشت رووبار بوو پڕ بوو لە گوڵ و گیا، لە پڕ قاچی



دەستی بە ژان کرد، بۆیە ئاگرێکی کردەوە و چەقۆکەی لە نێو ئاگردا گەرم کرد و ئەستوراییی ڕانی بە چەقۆ شەق کرد. کچێکی جوانی لێ هاتە دەرەوە، پیاوەکە منداڵەکەی پێچایەوە لەوێ بەجێی هێشت، ڕەوە ئاسکێک هاتن ئاو بخۆنەوە، یەکێکیان منداڵەکەی بینی و گوانی خستە سەر دەمی، ئەو کچە لەگەڵ ئاسکەکان گەورە دەبێ، هەر بۆیە ناو دەبێ بە (ئاسکە).

## تا ئێرە ئەم ئەفسانەیە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە گرنگە.

**یەکەم:** ژن و مێردێک مند ا ڵیا ن



نا بێ دواجار بەهۆی دەرمانی فاڵگرەوە، دەبوایە ژنەکە بیخواتەوە، پیاوەکە بە هەڵە دەیخواتەوە و ڕانی ڕاستی ئەستور دەبێ و دواجار کچێکی دەبێ.

**دووەم:** پیاوەکە بە چەقۆ، ڕانی خۆی شەق دەکا و کچەکە دێتە دنیا.

لە شیکردنەوەی ئەم خاڵانە لە نێو ئەفسانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە:

یەکەم: ئەو فاڵگرەوە-کە زۆرجار لە ئەفسانە وەک (حەکیم) و (تەبیب) و هەندێ جار (پیاوی ئیماندار) باس دەکرێن، ڕۆڵی پزیشکی زانا دەبینن و ژن و مێردە بێ منداڵەکان دەکەنە خاوەن منداڵ.

**سێیەم:** دەرمانەکە وەک هەر ڕێگا چارەیەکی زانستی ئێستا، چ منداڵی نێو بلور بێت، چ بە هۆی جیناتەوە، ژن و پیاوەکە بەهۆیەوە دەبنە خاوەن منداڵ.

**چوارەم:** ئەوەیە کە، لە جیاتی ژنەکە پیاوەکە، منداڵی دەبێ، بەڵام، نەک بە (زگ) بەڵکە لە ژێر پێستەی ڕانی ڕاستی، ئەو جۆرە منداڵ بوونەی (پیاو)ی نێو ئەفسانە، هەر هەمان منداڵبوونی نێو تاقیگەی زانستی تازەیە، کە بە (لەبەرگرتنەوە) ناسراوە، چ ژن چ پیاو هەردووکیان دەتوانن منداڵیان ببێ و ببنە خاوەن منداڵ ئەگەرچی لە بنەڕەتدا، یەکێکیان، یان هەردووکیان نەزۆک بن! ئەمەش هیچ جیاوازی نیە! چ لە نێو دەقە ئەفسانە کۆنەکان، چ لە نێو تاقیگەی زانستی تازە و سەردەمدا.

لە هەواڵێکی گرنگی زانستی جیهانیدا، نووسراوە یەکەمین پیاوی بەریتانیا منداڵێکی بوو.

جوانا داریل، یەکەمین پیاوی بەریتانیایە دەبێتە دایک، پاش ئەوەی منداڵێکی بوو، منداڵەکە تەندروستی زۆر باشە و بە نەشتەرگەری (قەیسەری) لە

دایک بوو. (دەیلی میلی بەریتانی و سەندای تایمز) نووسیویانە، گەنجێک لە تەمەنی سیساڵیدایە و لە سەرەتا نێرەموک بوو، پاشان پیاوەتی خۆی گەشە پێکردووە و بووەتی خاوەنی ریش و سمێڵ و ژن دێنێ، پاش ئەوەی بۆ دەردەکەوێ، ژنەکەی منداڵی نابێ، لە پێناوی پەیوەندی خێزانی و خۆشەویستی ژنەکەی بڕیار دەدا، زگی ژنانەی خۆی کارا بکات و زگی ببێ، ئەوەش بە یارمەتی (کۆمەڵەی بۆمۆنت) بوو کە یارمەتی ڕەگەزگۆڕەکان دەدەن، دواجار جوانا داریل و ژنەکەی بوون بە خاوەن منداڵ.

ئەوەی لەم هەواڵە ڕاستی و زانستییەدا لەگەڵ ئەفسانەکە یەک دەگرنەوە، ئەوەیە:

## یەکەم: ژن ومێردەکە منداڵیان نابێ.

**دووەم:** لە ئەفسانە ژنەکە بە یارمەتی دەرمانی فاڵگرەوە هەوڵدەدا زگی ببێ، کەچی بە هەڵە و پیاوەکە دەرمانەکە دەخواتەوە و ڕانی ڕاستی لە جێی زگی منداڵی تێدا دروست دەبێ. لە هەواڵە ڕاست و زانستییەکە پیاوەکە بە ویستی خۆی-زگی سەردەمی- نێرەمووکی بۆ منداڵ بوون بەکاردێنێ

و بە یارمەتی پزیشکە زاناکان زگی دەبێت.

سێیەم: لە ئەفسانە کوردیەکەدا، پیاوەکە بە چەقۆ بەخۆی ڕانی شەق دەکا و منداڵەکە دێتە دنیا، لە هەواڵە ڕاست و زانستییەکە، پزیشکەکان بە نەشتەرگەری (قەیسەری) یارمەتی پیاوەکە دەدەن و منداڵەکە دێنە دنیا.

دیارە چەقۆ بەکارهێنانی نێو ئەفسانەش، هەمان نەشتەرگەری قەیسەری منداڵ بوونە، کە ئەویش چەقۆی تێدا بەکاردێ.

ئەوەی لەم سێ خاڵەدا، لە نێو ئەفسانە کۆنەکەدا و لە نێوان زانستی تازەکەدا هەیە، ڕێک بەبێ کەم و زیاد وەک یەکە-ئەوەش جارێکی تر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی کە بە هەزاران ساڵە لە نێو خەیاڵی ئەفسانەدا هەبووە و باسکراوە! ئێستا ڕۆژانە زانستی سەردەم دەیکات بە ڕاستیەکی بەردەست. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە لە نێو ئەفسانەدا هێشتا زۆر کاری سەرسوڕهێنەرتر هەیە و لە پێش زاناکانیش زۆر کار و داهێنانی تر ماوە تا بیکەن.

## ئەفسانەی دووەم: ئەفسانە پەنجە ڕوواندن(٧):

لەم ئەفسانە کوردیەشدان دیوێک کچێک دەباتە ئەشکەوتەکەی خۆی و پاش ماوەیەک کچە غەریبی کەس و کاری دەکات! دێوەکە دەڵێ! من دەچم براکەت بۆ دێنم. هەر چۆنی بێت براکەی دێنێ و پاشان براکەی بزر دەبێ! دێوەکە دەڵێ: خۆی ڕۆیشتەوە. کچە گومان لە دێوە دەکات کە براکەی خواردبێ، دەگەڕێ تا پەنجەیەکی براکەی دەدۆزێتەوە.

کچە پەنجەی براکەی لە خاکدا ڕواند و هەموو ڕۆژێک ئاوی دەدا تاکو دارێکی لێ ڕووا، ئەو دارەی بەرێکی دا، ئەو بەرە ژنەکە خواردی منداڵێکی کەوتە گیانەوە، منداڵەکە بوو لەسەر شێوەی براکەی بوو)(٧).

ئەوەی کە لەم ئەفسانە کوردیەدا بە هەزاران ساڵە باسکراوە، ئێستا زانستی تازەی (لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ) ڕێک و ئەم کارە دەکات و لەم خاڵانەش پێک دەچن:

یەکەم: ئەوەی لە ئەفسانەکەدا لە برای ژنەکەی بەجێماوە، پاش ئەوەی دێوەکە خواردویەتی تەنیا (پەنجە)یەکە، لە زانستی لەبەرگرتنەوەی ئێستاش ئەگەر کەسێک نەشمابێ، تەنیا (جین-GENE) ێکی دەست زاناکان بکەوێ، ئەوا زاناکان دەتوانن ئەو کەسە لە ڕێگای ئەو جینەوە بە لەبەرگرتنەوە تەواوی نەخشەی جینەتیکی یەکەی زیندوو بکەنەوە، چۆن ژنەکەش لە ڕێگای تەنیا پەنجەیەکی براکەی، براکەی بۆ زیندوو بووەوە.

دووەم: لە ئەفسانە کوردییەکەدا، دەڵێ: ژنە پەنجەی براکەی ڕواند و ئاوی دا و دارێکی لێ سەوز بوو، بەرهەمێکی دا ژنە ئەو بەرهەمی خوارد و زگی بوو، کە منداڵەکە بوو لەسەر شێوەی براکەی بوو.

لەزانستی لەبەرگرتنەوەش، ئەگەر جینێکیان دەسکەوێ لە کەسێکی زیندوو یان مردوو-هەتا مردووی هەزار ساڵەش-ئەوا لەو جینە، نەخشە جینتیکێکی تەواو بدۆزنەوە کە تەواوکە - لەسەر شێوەی-ی ئەو کەسە دەبێت کە جینەکە هی ئەوە.

سێیەم: ژنەکە پەنجەکە دەچینێ، ئەگەرچی لە خاک دەچیندرێ و ئاوی دەدا، دواجار وەک دارێک سەوز دەبێت.

زاناکانیش جینە دەستکەوتووەکە، لە ڕەحمی ژنێک دا دەچێنن، جینەکە خۆراکی خۆی لە جەستەی ژنەکەوەوە دەگرێ و گەورە دەبێ و دەبێتە منداڵ.

لێرە زگی خاک و زگی دایک وەک یەکە بۆ ڕوواندنەوە گەورەبوونی (پەنجە) و (جین)ەکە.

چوارەم: لە ئەفسانەکەدا دەڵێ: ژنەکە پەنجەی براکەی ڕوواند، وشەی ڕواند-چاندن-بەکاردێنێ، زاناکانیش، هەمان وشەی چاندن بۆ جینەکە

بەکاردێنن و لە زگی دایکە خۆ بەخشەکە، کە لە ئەفسانەکەش ژنەکە-زگی خۆی-خۆبەخش-بۆ زیندووبوونەوەی براکەی بەکارهێناوە.

پێنجەم: لە ئەفسانە کوردیەکەدا، زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا دەڵێ: (منداڵەکەی بوو لەسەر شێوەی براکەی بوو) (٧).

لە زانستی تازەش (HUMAN CLONING) ئەو کەسەی کە جینەکەی بۆ لەبەرگرتنەوە بەکاردێ ئەوا دواجار منداڵەکە لەسەر شێوەی -ئەو کەسە-دەبێت، چۆن لە پەنجەی برای ژنەکەی نێو ئەفسانە-هەر لەسەر شێوەی براکەی منداڵەکە هاتە دنیا.

شەشەم: لە ئەفسانەکەدا ئەوەی لە برای ژنەکە بە جێماوە، (پەنجە)یەکە، دواجار لەو پەنجەوە-لەبەرگیراوەی-براکەی لەسەر شێوەی براکەی دەبێت، لە زانستیشدا (جین- GENE)یکە و ئەو جینە لەسەر شێوەی کەسی خاوەن جین-و لەبەرگیراوەکەش لەسەر شێوەی خاوەنەکەیەتی دیارە، بۆ دەقێکی کۆنی ئەفسانە، مرۆڤێک-بۆ ماوەییەکەی لە پەنجەیەکدا کۆکراوەتەوە پەنجەش بۆ دەقێکی هەزران ساڵەی کۆن. بچووکترین خانەی هیمایە بۆ کەسی خاوەن پەنجەکە، کە بتواندرێ لە دەقێکی ئەدەبی زارەکی بۆ گێڕانەوە بشێ. کەچی لە زانستی لەبەرگرتنەوەدا، بۆ ماوەی کەسی لەبەرگیراوە، لە (جین)ێکدا کۆبووەتەوە.

جینیش ئێستا بچووکترین خانەی زیندووە، کە زاناکان بتوانن تەواوی بۆ ماوەی کەس جین لێ وەرگیراو لەو جینەدا بدۆزنەوە.

زاناکانی ئەنپرۆبۆلۆژیا پاش ئەوەی پێش دووساڵ لە ئەشکەوتێکی •سیبیریا) پارچەیەک لەئێسکی (پەنجە)ی کچێکیان دۆزیەوە، ئەو پەنجەیە زانیاری ئەوە دەداتە دەست کە جۆرێک لەمرۆڤی نەناسراو هەبووەو پێش مێژوو ژیاوە هەواڵێکی زانستی: هەروەها (دۆزینەوەی پارچەیەکی بچووکی ئێسکی پەنجەیەک یارمەتی زاناکان دەدات نەخشەی تەواوی کۆدی جینیتیکی (دینینسوڤانەکان) بکێشن کەبەئامۆزای کۆنی مرۆڤی هاوچەرخ ناسراوە)(٦٠)(٦١).

ئەوەی لەم هەواڵە زانستییەدا زۆر گرنگە، دۆزینەوەی پارچەیەکی بچووکی ئێسکی پەنجەی کچێکە، کە زاناکان مەزەندەی (٣٠تا ٥٠) هەزار ساڵ پێش ئێستای لێدەکەنو لەو زەمەنە زۆرەوە بەهۆی ئەو ئێسکە بچووکەی پەنجەکەوە زاناکان دەتوانن نەخشەی تەواوی کۆدی جینیتیکی ئەو مرۆڤانە بکێشن هەروەها گرنگی پێکچوونی تەواوی دەقە ئەفسانەییەکەیە لەگەڵ هەواڵە زانستییەکەدا کە لە ئەفسانەکە شدا، ئەوەی دوا جار مرۆڤێکی تەواوی لێ پەیدا دەبێو تەواو لە خاوەنەکەی بکات لەتە پەنچەیەکی برا دێو خواردووەکەیە.

کەلێرەدا ئەفسانەکەو هەواڵە زانستییە کە هەردووکیان لەپارچە ئێسکی مرۆڤێکەوە، کەئەویش ئێسکی پەنجەیە، تەواوی مرۆڤەکەیان دەست دەکەوێ، کەبێشک کۆنی ئەفسانەکەش زۆر کۆنەو ڕووداوەکانی نێو ئەفسانەش ڕەگی مێژووی تێدایە.

## ئەفسانەی سێیەم: چاککردنەوەی سەری بڕاو (٨):

کارە سەیر و نەکردەنەکانی ئەفسانە، هەر لە دەرەوەی جەستەی مرۆڤ دا نیە! بەڵکە لەگەڵ جەستەی مرۆڤیش زۆر کاری ئەستەم دەکرێ. لە ئەفسانەی (دەنکە هەنارە) (٨) کە دەقێکی تایبەتە: باوکێک سەری منداڵی کچەکەی دەبڕێ، کە بەیانی کچە لە خەو هەڵدەستێ (دەنکە هەنارە بەیانی ئەڵێ ئەبێ بۆ مناڵەکەم لە خەو هەڵنەستێ کاتێ سەیر دەکات منداڵەکەی سەری بڕاوە زۆر بۆی ئەگرییێت بەڵام، دوایی یەکێک دێنن کە لەو شتانە شارەزایە سەری مناڵەکە بە جێقنە چاک ئەکەنەوە) (٩)* لە ئەفسانەدا زۆر جار ئەندامێکی لەشی مرۆڤ بە هەر هۆیەک بێ لە جەستە دەکرێتەوە جا کەسێک، حەکیم، ئیماندار، فاڵگرەوە جادو دێو

هەندێجار تەیر ئەم ئەندامە لە جەستە کراوەیە، لە جەستەکە دەیەخنەوە و نەخۆش و کەم ئەندام چاک دەکەنەوە، ئەوەی لەم ئەفسانەیەدا باس دەکرێ، سەری منداڵەکە لێکراوەتەوە، شارەزایەک دێنن کە لەم کارانە دەزانێ، واتە شارەزا=پزیشک، بە جیقنە=دەرمان سەربڕاوەکە لە جێگای خۆی واتە لە جەستە منداڵەکە قایم دەکاتەوە.

هەر ئەم سەرچاک کردنەوە و ئەندام لە جەستە خستنەوە، ئێستا زاناکان ڕۆژانە لە نەخۆشخانەکان ئەم کارە دەکەن: هەرچەندە سەر ئەندامێکی گرنگ و هەستیارە، بەڵام ئەویش لە نێو بازنەی کاری زاناکانە و بە زۆر شێوە، کەم و کورتیەکانی سەری نەخۆش چاک دەکەنەوە، ئەم هەواڵە دەمێکە زاناکان بڵاویان کردووتەوە کە سەر و دەماغیش کەرەستە و ئەندامێکی بەردەستی زاناکەنە: (زاناکان لەو بڕوایەدان لە ساڵانی داهاتوودا زانست دەگاتە کاری دروستکردنی دەماغی مرۆڤ ئەو دەماغە جێگای تەواوی دەماغی لەناو چوو دەگرێتەوە)(٤٢).

لێرە زانست زۆر لە ئەفسانەکە دوورتر دەڕوات کە نەک هەر سەری لێکراوە تێدێختەوە! بەڵکە دەماغێک دروست دەکات، کە تەواو کاری دەماخی ڕاستی بکات، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە دەقە ئەفسانەییەکان و کارە لە ڕادە بەدەرەکانی نێو ئەفسانە، هاندەر و ڕێ خۆشکەر و ڕێ نیشاندەری زاناکانن بۆ کارە زانستیەکانیان، هەر ئەوەش کە زاناو داهێنەرەکان، کارێکی مەزن دەکەن! ڕەخنەگران و شارەزایان ئەم کارە داهێنراوە بە ئەفسانە ناو دەبەن و دەڵێن: (ئەفسانەیە!!).

## ئەفسانەی چوارەم: پارچە پارچەکردنی جەستە و چاککردنەوەی:

لە ئەفسانەیەکی تری کوردیدا، بەناوی (ئەو دێوەی ویستی کوڕی ئاشەوان بکوژێ)

(جا دووگەرێک) جەستەی کوڕێک پارچە پارچە دەکات و چاکی دەکاتەوە. (شاگردەکان چوون مەنجەڵێکی گەورەیان هێنایەوە و لە بەر دەمی جادووکەرەکەیان دانا، سەری مەنجەلیان هەڵدایەوە و دیتیان کوڕەکەی لەناو دایە، هەناسەی نەدەدا، هەموو لەشی تێک شکابوو، جادووکەر هێنانی هەموو لەشی پارچە پارچە کرد و بە ئاوی حەیاتی شوشتیەوە، دوای پارچەکانی لەشی هێنان و بە تەنیشت یەکەوە، هەر پارچەی لە جێگای خۆی دانایەوە، کوڕەکەی زیندوو بووەوە و چاوەکانی هەڵێنان و هەڵسایەوە سەر پێیان) (١٠)* (٨).

جادووکەری نێو ئەفسانە، زۆر جار جێگۆڕکی دەکات، لەگەڵ حەکیم و پزیشک و زانا و هونەرمەند و ئیماندار، هەر ئێستا لە نێو ئەم پەرەگرافە، کاری زانایی و حەکیمی و پزیشکی ئەم (جادووگەر) دیارە.

یەکەم: هەموو لەشی کوڕە پارچە پارچە دەکات، ئەمە کاری کەسێکی پسپۆڕ و شارەزایە و بۆ چاککردنەوەش ئەم پارچە پارچە کردنە دەکات.

دووەم: پارچەکان بە ئاوی حەیاتێ دەشواتەوە، ئەم ئاوی حەیاتە-لێرە جێگای دەرمانێکی گرنگ و تاقیکراوە دەگرێتەوە پارچەکردن و دەرمانکردنی بە -ئاوی حەیات- و دانانەوەی پارچەکان لە جێگای خۆیان بە -نەشتەرگەری جوانکاری- و زیندووبونەوەی کوڕە کە دادەندرێت، بە مانای سەرکەوتنی تەواوی کارەکە، ڕووداوەکە دەکات بە واقیعی، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێ: لەناو هەموو دەقێکی ئەفسانەیی، برێکی ڕاستی مێژوویی و حەقیقەتی زانستی هەیە، ئەوەش کاری زانا و پسپۆڕەکانە بیاندۆزنەوە.

## ئەفسانەی پێنجەم: کوڕی مەڕێ


لە ئەفسانەی کوردیدا، ئەو ژن و مێردانەی کە منداڵیان نابێ، ئەفسانە زۆر ڕێگای جیا جیای هەیە بۆ ئەوەی دایک و باوکەکان ببنە خاوەن منداڵ.

هەروەکو زانست ئەویش زۆر ڕێگای هەیە و بەردەوام بە دوای ڕێگای تردا دەگەڕێ، لە ئەفسانەیەکی کوردی ئەم جارە، مەڕێک منداڵێکی

دەبێت، وەک زۆر جاری تر ژن و مێرد سێوی (منداڵ بوون) ێ پەیدا دەکەن، بەڵام (پیرە مەڕەکەی سێوەکەی خواردبوو، ڕۆژێک کۆخی لەگەر کۆخینی (پۆرگ)ەکی لە دەوی دەرپەڕی، وەکی پۆرگەکەیان تەقاند منداڵەکی تێدابوو) (١٠) وەکو پێشتر باسمان کرد، دەکرێ ئەم (سێو)ەی نێو ئەفسانە بە (جین-GENE) تێبگەین، بەڵام ئەم جینی سێوەکە بۆ منداڵ، واتە مرۆڤ دەیخوات، ئەم جارە (پیرەمەڕ) دەیخوات و زانی ئەم پیرەمەڕەش بەشێوە زانراوەکەی خۆی نییە، واتە وەک مەڕێک نەزاوە، بەڵکە (ڕۆژەک!؟) کە نازانین ئەو ڕۆژە چەندی پێ چووە پاش ڕۆژی سێو خواردنەکە، ئەو ڕۆژە پیرەمەڕ دەکۆخی و لەگەڵ کۆخینی (پۆرگ)ەکی لە دەمی دەردەپەڕێ، پۆڕگ تۆپەڵە گۆشتیکە و شلک و ناوەخنەکەی جیایە لەگەڵ ڕووی دەرەوە، کە پۆرگەکە دەکەنەوە، منداڵێک -واتە منداڵی مرۆڤ لە نێو پۆرگەکە دێتە دەرەوە. ئەم کارە ئەفسانەییە ڕێگای ئەوەمان بۆ خۆش دەکات کە بڵێین:

دەکرێ جینی (مرۆڤ) و جینی (مەڕ) پێکەوە زاناکان کاریان لەسەر بکەن و بتوانن بە جۆریچک لە جۆرەکان سوود بە -ژن و مێردە- بێ منداڵەکان، یان بە هەموو مرۆڤایەتی بگەێنن، وەک ئەم هەواڵە زانستییەی کە زانا ئەمریکییەکان کردوویانە، هەواڵەکە دەڵێ: (ئەمریکاییەکان (کاوڕ)ێکیان لەبەرگرتووتەوە کە لە سەتا (١٥٪) پازدەی ترشەلۆکە نەوەوییەکەی بریتییە لە جینی مرۆڤ: زانای داهێنەری ئەم بیرۆکەیە (ESMAI ZANJANI) لە زانکۆی (نیفادا)ی ئەمریکی، دەڵێ: ئەم کاوڕە پێی دەگوترێ (خەرافییە!!) (٢١) واتە خەزنە جینییەکەی لەنێوان خۆیدا گونجاو نییە! هەر ئەم زانایە لەوەشدا سەرکەوت کە کاوڕێک لەبەر بگرێتەوە کە (١٧٪) سەتا حەڤدەی جەرگی لە جەرگی مرۆڤ پێکهاتووە. ئەوەی ئەم زانا ئەمریکاییە کردوویەتی لەبەر گرتنەوەی کاوڕێکە بە تێکەڵی لەگەڵ مرۆڤ تێکەڵییەکی بەڕێژەی دیاریکراو. واتە ئەو گیانلەبەرەی لە ئەنجامی تێکەڵ کردنی جینی کاوڕ و جینی مرۆڤ بەرهەم هاتووە، کاوڕ-ە هەرچەندە ڕێژەیەکی کەمتری مرۆڤی تێدا بەکار هاتووە، بەلام! گیانلەبەر-منداڵی-ی نێو ئەفسانە کوردییەکە، هەرچەندە لەمەڕێک دێتە بەرهەم-کەچی، منداڵ-ێکی تەواو منداڵە! بەڵام ئەو منداڵە، نە لە پەیوەندی ژن و مێرد-هاتووتە دنیا و نە لە سکی ئافرەتێکیش پێگەیشتووە، بەڵکە سێو سێوی منداڵ بوونی پیرەمەڕ خواردوویەتی و دواجار لەگەڵ کۆخینی، منداڵەکە لە نێو پۆرگەکی لە دەمی مەڕەکە هاتووتە دەرەوە.

ئەوەی بۆ ئێمە لێرەدا لە ئەفسانە کوردییەکە گرنگە، منداڵێک بەهۆی سێوی منداڵ بوونێ-واتە جینی منداڵ بوونی-لە سکی مەڕدا پێدەگات، واتە (مەڕ) هاوبەشە لە هێنانەدی و دنیایی منداڵێک-کە منداڵی مرۆڤە. هەروەها لە کارە زانستییەکەی زانا ئەمریکییەکان، ڕێژەیەک لە جینی مرۆڤ هاوبەشە لە هێنانە دنیای کاوڕێک، کە دەتوانین کارەکە بەم شێوەیە بخەینە بەریەک:




لە دەقە ئەفسانەییەکەدا، کە زەمەنی سەرهەڵدانی بیرۆکەی لە دایک بوونی منداڵە، منداڵ بە هاوبەش (مەڕ) زەمەنەکە زەمەنی چەندین هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کە وەک لە دەقەکەدا هاتووە، منداڵەکە هاتووتە دنیا، واتە کارەکە هەموو قۆناغەکانی خۆی بڕیوە و ئەنجامی بەدەست هێناوە و سەرکەوتووە و بیرۆکەکەش بیرۆکەی (مرۆڤ!!) مرۆڤی ئەفسانە ساز، ئەفسانە سازی زانا، زانای نێو ئەفسانە.

وەک لە هەواڵە زانستییەکەشدا هاتووە، کە هەواڵی بیرۆکەی لەبەر گرتنەوەی کاوڕ بە هاوبەشی مرۆڤ: زەمەنەکەی زەمەنی -ئێستا-یە. وەک لە هەواڵەکەدا هاتووە، کاوڕەکە هاتووتە دنیا، واتە کارەکە هەموو قۆناغەکانی خۆی بڕیوە و ئەنجامی بە دەست هێناوە و سەرکەوتووە. بیرۆکەکەش بیرۆکەی (مرۆڤ!!)ە، مرۆڤی زانا، زانای نێو تاقیگەی زانستی، تاقیگەی نێو ژیانی واقیعی.

ئەگەر بە وردی لەم دەقە ئەفسانەیی و هەواڵە زانستییە ورد ببینەوە، سەیر دەکەین، پێویستیەکە لە سەرەتاوە وەکو یەکە، لە ئەفسانە (منداڵ) پێویستە، لە واقیع =زانست. کاوڕ، جیاوازییەکی زۆریش لە ئەنجامدا نییە! ئەنجامەکە منداڵێک و کاوڕێکە، منداڵەکە ئەگەرچی منداڵی -مرۆڤ- ئاسایە و تەواوە، بەڵام، جینەکەی سێوە و پێگەیشتنەکەی لە زگی مەڕدایە، کاوەڕەکەش کاوڕێکی تەواوە، بەڵام: لە سەتا حەڤدەی پێکهاتەی جەستەی پێکهاتەی مرۆڤە: واتە منداڵ و کاوڕەکە، دوو تێکەڵەن بە ڕێژەی جیا، تێکەڵە لە مرۆڤ و مەڕ، لە مەڕ و مرۆڤ.

سەیرکە: زانا ئەمریکاییکەش چۆن باس لە ئەنجامی کارە زانستییەکەی خۆی دەکات کە تێکەڵ کردنی جینی مەڕ و مرۆڤە و دەڵێ: (ئامانجی سەرەکیمان لە چاندنی ئەندام، رزگارکردنی گیانی مرۆڤە: ئەوەی کە ڕۆژێک دێت، لەگەڵ جیاوازی دڵ و جەرگ و سیپەلاک، راستە و خۆ لە گیانلەبەران بۆ وەڵامدانەوەی ئەم خواستە زۆرەی چاندنی ئەندام-ی جەستەی مرۆڤ- لە هەموو جیهاندا (٢٠) هەیە، بەڵێ! چاندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ -ئەندام =کەرت-ی یەدەگ لەگەڵ کەرتی لا کەرتک یەک دەگرنەوە، هاتنە دنیای لا-کەرت-کی ئەفسانە و دروستکردنی ئەندامی یەدەکی جەستەی مرۆڤ، کە دەکاتە -کەرت-ی جەستەیی مرۆڤ، داهێنانی بیرکە و کارکردن لەسەر جەستەیە! بۆ سودی جەستەی مرۆڤ: لێرەدایە-ئەفسانە جارێکی تر گرنگی خۆیمان بۆ دەردەخات و دەقێکی ئەفسانەی کۆن لەگەڵ هەواڵێکی زانستی تازە دا بەرامبەر دەکات.

## ئەفسانەی شەشەم: لاکەرتک

هەر لە ئەفسانەی منداڵ بوون، سێو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ منداڵ بوون، ئەگەر لە ئەفسانەی پێشو (مەڕ) سێوەکە دەخوات و (کوڕی مەرێ) دێتە دنیا، ئەم جارە ژنە، ژنەی بێ منداڵ کەرتێک لە سێوی منداڵ بوونەکە دەخوا و دوا جار (لاکەرتک) کەرتە منداڵێکی دەبێ: ئەم کەرتە منداڵە بەم لاکەرتکیەوە، منداڵێکی ئازا و لێهاتووە.

(ژنە کەرتەکی سێوەکەی خوارد، لە بیری کرد کەرتەکەی تر بخوا، هەر بۆیە منداڵێک بوو (لاکەرتک) نیوە منداڵ، پیرەژنەکیش لەوێندەرێ بوو گوتی: ئۆ هۆ ئەو لاکەرتکە هەروا غەزێنەی دەڕی، ئەوە تەشتەکی خەزینە دەردایە) (١٠)

ئەگەر لە ئەفسانە کوردییەکە منداڵی لاکەرتک و نیوە منداڵ لەدایک دەبێت، ئەوا هەواڵە زانستیەکان باسی ئەندامی یەدەگی مرۆڤ و مرۆڤی یەدەگمان بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن، بە دروستکردنی ئەندامی جەستەی مرۆڤ، وەک پارچەی یەدەگ، بۆ سودی مرۆڤایەتی و ئەو مرۆڤانەی ئەندامێکی جەستەیان لەکار دەکەوێ، بتوانن، ئەم ئەندامە یەدەگە بەرهەمهێنراوەیە بەکار بێنن و مرۆڤە نەخۆشەکە چارەسەر بکەن.

هەواڵە زانستییەکان دەڵێن: زاناکان گوتوویانە، لە داهاتوودا دەتوانین جەستەیەکی بێ سەر بەرهەم بێنن و تا لە ئەندامەکانی جەستەی وەکو یەدەگی جەستەی مرۆڤ سود وەربگرین.

ئەگەر لە دایک بوونی لاکەرتک، لە ئەفسانەدا سەیر بێتە بەر چاو، ئەوا لە واقیعدا، ڕۆژانە لەم جیهانە هەواڵی لە دایک بوونی منداڵی) ناتەوا و نارێک شێوا و سەیر!!) دەبیستین و دەبینین. ئەگەر لە دایک بوونی ئەم جۆرە منداڵانە رێککەوت و سروشتییە، ئەوا هێنانە بەرهەمی مرۆڤی، بێ سەر و دروستکردنی ئەندامی یەدەگی جەستەی مرۆڤ، کارێکی بەرنامە رێژکراوی زاناکانە، کە دەکرێ، لە دایکبوونی لاکەرتکی نێو ئەفسانەش، وەک هەواڵێکی بەرنامە بۆ دارێژراو سەیر بکەین!!

بەڵام کارەکە ئەنجامەکەی سەتی سەت تەواو دەرنەچووە، ئەمانە هەمووی هەتا دێ زیاتر لە ئەفسانە و زانستمان بۆ لێک نریک دەکەنەوە و ئەو لێک دوورییەی لەنێوان ئەفسانە و زانستدا باس دەکرا، لێک دوورییەک بوو لەزیهنی ئێمەدا بوو، نەک لە نێوان ئەفسانەو زانست، زانا ئەفسانە دەکات بە زانست، نەزان زانستی لێ دەبێ بە ئەفسانە.

## ئەفسانەی حەوتەم: قسەکردنی منداڵی ساوا (٨)

لە ئەفسانەی کۆنی کوردی و ئەفسانەی جیهانیشدا، زۆرمان بەرچاو دەکەوێ، کە منداڵی ساوا لە نێو لانک، هەندێ جار لەزگی دایکیشی قسە دەکات، واتە قسە کردنی منداڵەکە پێش وەختی خۆی دەکەوێ لە سروشتی قسەکردنی منداڵ لە رەوتی گەورەبووندا.

ئەم جۆرە نموونانەش هێندە زۆرە لە نێو ئەفسانەدا، بۆیە پێویستمان بە هێنانەوەی نموونەی زۆر نیە! هێندەی مەبەستمان شیکردنەوەی خودی قسەکردنەکەیە.

لە ئەفسانەیەکی کوردیدا بە ناوی (مۆری) پاشا چەند مەرجێکی گران دەخاتە بەردەمی کەسێک! یەک لەو مەرجانە هێنانی منداڵێکی ساوایە ئەو منداڵەش قسە بکات، پاشان دەڵێ: (شەرتی سێیەمیشی ئەوەبوو کە -منداڵێکم لۆ بێنە تازە لە دایک بووبێت قسەش بکات) (٨).

کوڕە خورامەکە لەو شەرتە دەترسێت! بەڵام، کە بۆ کچەی دەگێرێتەوە (کچەکە عەردی ژێر پێ خۆی هەردەکۆری و منداڵێکی تازەبووە دێنێتە دەرێ و دەباتە خزمەتی کوڕی پاشا و قسەشی بۆ دەکات).

ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە گرنگە لەم ئەفسانەیەدا قسەکردنی منداڵێکی تازە بووە، ئەم منداڵ قسە کردنە، لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا زۆرە و لە چیرۆکە ئایینەکاندا زۆرە و لە واقیعیشدا نموونەی هەیە.

قسەکردنەکەش زمان زانینە! جا چ زمانی دایک و باوکی خۆی بێت، یان زمانێکی تر.

ئەو زمان زانینەی منداڵی ساوا بەنموونە- ئەفسانەیی- و ئایینی-و واقیعی، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە لە منداڵ -مرۆڤ-دا هێزێک هەیە، کە ئەویش (جینی بەرپرسە لە زانین و فێربوونی زمان) (٣٥) لە نێو جینە زۆرەکانی مرۆڤ. جا دۆزینەوەی ئەم جینە شارەزا بوون لە توانا و میکانیەکیەتی کارکردنی، ڕێگا بۆ زاناکان خۆش دەکات کە بتوانن! زانایانە دەسکاری جۆری فێربوونی زمان و توانای زوو فێربوون و زۆر فێربوون لە منداڵ-مرۆڤ-دا بە هێز بکەن و بیخەنە نێو بەرنامەیەکی زانستی و لە سودی مرۆڤ و زانیندا بەکاری بێنن.

## ئەفسانەی هەشتەم: سێو(١١)*

لە نێو ئەفسانە کۆنەکاندا، بە تایبەت لە ئەفسانەی کوردیدا، سێو، ئەوەندەی هۆیەکە بۆ کاری ئەفسانەیی، نیو هێندە وەک مێوەیەکی خواردن باسی ناکرێت، لە کۆی ئەفسانەکاندا ئەوانەی لە ڕووێک لە ڕووانە وە باسی سێوی نێو ئەفسانە دەکەن، لە کارە گرنگ و سەرسورهێنەرەکان، سێو ئەم کارانەی خوارووەوە دەکات:

١-وەکو دەرمان زۆر نەخۆشی گران چاک دەکاتەوە (٦).

٢-تەمەن درێژ دەکات.

٣-پیر دێنێتەوە سەر تەمەنی گەنجی.

٤-دەبێتە هۆی منداڵ بوون، بۆ کەسی بێمنداڵ و نەزۆک لە پیاو و لە ژندا.

٥-دەبێتە هۆی لەشساخی

٦-دەبێتە هۆی نەمریی.

لە هەموو ئەم کارانەشدا سێو هێزەکەی لە خۆیدایە، واتە سێوەکە یەکسەر ئەمە دەکات، لە ئەفسانەیەکی کوردیدا، کە بە زۆر شێوە بیرۆکەکەی دووبارە دەبێتەوە باسی ئەوە دەکات کە: (سێوەکەی لێکردەوە کچێکی جوان لە نێو سێوەکە هاتە دەرەوە). لێرە (منداڵی-کچ)ە لە خودی سێوەکەوە دێتە دەرێ، نەوەک ببێتە هۆی زگ بوونی ژنەکان.

لە بەرامبەر سێوی نێو ئەفسانەدا، (جین) دۆزراوەی نێو جەستەی ڕووەک و گیا و دار و درەخت و زیندەوەر و گیانلەبەر و مرۆڤ لە تاقیگە زانستییەکاندا، ئێستا جینەکانیش ئەم کارانە دەکەن، کە لە نێو ئەفسانە کۆنەکاندا، سێو دەیانکرد.:

١-جین وەکو دەرمان و چارەسەری نەخۆشییەکان بەکاردێ.


٢-لەسەر قسەی زاناکان تەمەن درێژ دەکات.

٣-بە کاردێ بۆ لابردنی نیشانەکانی پیر و ڕاگرتنی گەنجی.

٤-دەبێتە هۆی منداڵ بوون لە پیاو و ژندا.

٥-زاناکان دەڵێن: دەتوانین جۆرێک لە نەمریی بە دەست بێنن.

**- کارەلێکچووەکان:**




بە سەرنج دان لە شیکردنەوەی ئەم چەند ئەفسانەیە و پێکگرتن و بەراوردکردنیان لەگەڵ کارە زانستییەکان، بۆ هەموو لایەک بە تایبەت زاناکان روون دەبێتەوە کە ئەفسانەکان پڕن لە پێشینە و هیواو هێمای زانستی و بەردەوام دەتوانرێ سودیان لی وەربگیرێ، ئەم چەند نموونەیە هەمووی باسی، لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ و منداڵ بوونی پیاو و ژن و چاککردنەوەی نەخۆشی و قسەکردنی منداڵ دەکات، ئەمانەش تەواو لەگەڵ کارە زانستییەکانی ئەم سەردەمە یەک دەگرنەوە و هیوای ئەوەمان پێ دەدەن کە هەر بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانە زاناکان لەداهاتوودا زۆر کاری لەم جۆرە و مەزنتریشمان

بۆ دەکەن.

### - لەبەرگرتنەوەی زمان بۆ زۆر کەس:

زانست و بەرهەمە زانستیەکان، جۆرێکن لە کاری چاوتێری و دەستبڵاوی، واتە بەرهەمی زانستی بۆ هەمووانە و گشت لایەک دەتوانن سودی لێ بێنن، ئەگەر رۆژێ-کە بەرای لێکۆڵەر ئەو رۆژە دوور نییە - زانستی فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە، کەوتەکار ئەوا بێ شک هەروا دەبێ، واتە بەرهەمەکە بۆ گشت مرۆڤایەتی دەبێت، وەک هەموو بەرهەمەکانی تری زاناکان.

لە ئەفسانەیەکی کوردیدا، هەر ئەو کارە دەکرێ، ئەگەر لە شیکردنەوەی ئەفسانەکەدا بتوانین، کارەکان بێننەوە سەر هێڵی خۆی.

لە ئەفسانەکەدا، کەسێک تاوانێک دەکات و کەللە سەرێکی سەدان ساڵە، کە تەنیا ئێسکەکەی ماوەتەوە، ئەم تاوانبارە لە کاتی تاوانکردنەکەدا دەبینێ و کەسی تر نازانێ! تاوانباریش لای وایە ئیتر سەرکەوت و کەس نازانێ، کە ئەو و ئەم تاوانەی کردووە کە چی کەللە سەری وشک بووەوەی هەر تەنیا ئێسک دێتە قسە و بە دەنگی بەرز دەڵێ: (فڵان کەس ئەم تاوانەی کرد) تاوانبار سەری سوڕ دەمێنێ و کەللە سەریش بەردەوام ئەم رستەیە بە دەنگی بەرز دووبارە دەکاتەوە (فڵان کەس ئەم تاوانەی کرد) لە فڵانیش مەبەستی ناوی تاوانکردووە.

تاوانبار سەری سوڕ دەمێنێ و ترسی لێ دەنیشێ و تورە دەبێت! هەرچی دەکا کەللە سەر بێ دەنگ نابێت! دواجار بە تورەییەوە کەللە سەر و ورد و خاش دەکات.

تاوانبار وا دەزانێ ئیتر تەواو و کەللە سەر بێ دەنگ دەبێ وتاوانیش بزر دەبێت، کەچی لە بەختی خراپی تاوانبار هەر پارچەیەک لە پارچە زۆر و وردەکانی کەللە سەر، وەکو کەللە سەر هەمان رستە دووبارە دەکەنەوە و هەموویان تێکرا و بە دەنگی بەرز دەڵێن: (فڵانەکەس ئەم تاوانەی کرد) ئیتر تاوانبار هەرچی دەکات پارچە کەللە سەرە بە قسە هاتووەکانی بۆ بێ دەنگ ناکرێ.

لێکدانەوەی ئەم ئەفسانەیە، لە زۆر ڕووەوە تێکەڵ کاری زاناکان و بەرهەمە سەرسوڕهێنەرەکانیان دەبێ! کە بەم شێوەیە لە کاری (ئەفسانەیی) دەبێت بە کارێکی (زانستی):

-کابرا تاوان دەکات وادەزانێ کەس ئاگادار نیە.

-کەللە سەر=وەک کامیرای شاراوە، تاوانەکە تۆمار دەکات و دەیان و سەدان واتە لە (سیدی)و فلیمی تاوانەکە تۆمار دەکرێ و تاوانبار ئاشکرا دەبێ و بە هیچ شێوەیەک تاوانەکەی بۆ ناشاردرێتەوە.

ئەگەر تۆمارکردنی ژمارەی زۆری سیدیو فلیمەکان وەک فێربوونی زۆر کەس سەیر بکەین ئەوا زۆر کەس فێری (زمان)ەکە دەبن: کە لەئەفسانەکەدا پارچەی کەللە سەرەکەن، واتە پارچە ئێسکی کەللە سەر یەکسانە بە سیدی (ڕوودا -زمان)ەکەو سیدییەکانیش یەکسانن بەخەڵک.

### -زووکاریی (١٣)*

لە هەموو ئەو نموونانەی هێنامانەوە، کارەکان هەموویان زوو ڕوودەدەن و ئەنجامەکە یەکسەر دێتە دەست، واتە زووکاریی هەیە، بەڵام، ڕووی باسەکە زۆرتر لەسەر ئەنجامەکانی ترە، تا (زووکاریی) کەچی، لەم نموونەیەی کە لە ئەفسانەیەکی تری کوردی دا دەیهێنینەوە، لەو نموونەیەدا زۆرتر باس لەسەر (زووکاریی) یە و باسی زەمەنی کورتی کارێک دەکات، کە لەواقیع دا ساڵ و مانگی پێ دەچێ: (چاخێ چاڤێ کاڵۆی ب میرزای کەتی ب بەر میرزای ڤەچوو و ب ئەینا ویڤە ماچی کر، دار ژ میرزای وەرگرت و ل سەر کانێکی چاند...

هەر وێگاڤێ دار شین بوو، هەتا بویە نێڤرۆ دار، مەزن بو، گول دان و ئاواز گۆتن)(١٠) لەم ئەفسانەیەدا راستەوخۆ باس لە چاندنی چلە دارێک دەکرێ و چلەدار یەکسەر شین دەبێ و هەتا دەبێتە نیوەڕۆ دار گەورە دەبێ و گوڵ دەگرێ، کە ئەم کارەش لە کاری (لەبەرگرتنەوەی دار=درەخت) دەچێ و زەمەنی لەبەر گرتنەوەکەش زۆر لەو زەمەنە کورت ترە، کە دار و درەخت پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی گەورە ببێ و گوڵ بدات، لێرەش کاری لەبەرگرتنەوەی درەخت و گوڵدانەکەی ئەو وەختە، لە سێ کاردا (زووکاریی) پێوەدیارە:

**یەکەم:** شین بوونی دارەکە هەر لەو دەمدا.

**دووەم:** شین بوونی دارەکە وەک ئەو دارەی کە چلەدارەکەی لێ وەرگیراوە.

**سێیەم:** گوڵ دەرکردنی دارەکە بۆ نیوەڕۆ، کە لێرە گوڵ بەرهەمی دارەکەیە.

کەواتە (زووکاریی)یەکە لەوەدایە کە سەوزبوونی دارەکە بەزەمەنی ئاسایی خۆیدا ناڕوات‌و زۆر بەزوویی‌و بەپەلە کارەکە دەگاتە ئەنجام.

### میری تەیران: گواستنەوەی زانیاری

لە ئەفسانەیەکی کوردیدا، (میری تەیران) تفی خۆی دەکاتە نێو دەمی میرزا و بەم هۆیەوە هەموو زانیاریەکانی خۆی بۆ میرزا دەگوێزێتەوە و میرزا هەموو ئەو زانیارییانە فێر دەبێت، کە میری تەیران دەیزانێ، زانیارییەکانیش زۆرن و لە نێو زانیارییەکاندا زمان فێربوونیش هەیە، هەتا زمانی تەیران. (میری تەیرا تف کرە بن ئەزمانێ میرزای هەمی عیلمێ خۆ کرە دیاری و دانە میرزای) (١٠)، لەم ڕووداوە ئەفسانەییە، دەتوانین چەند گۆڕانێک بکەین.

بۆ ئەوەی کارەکە لەباری (ئەفسانە!!) بیەوە بکەین بە واقیعی، سەرەتا میری تەیرا وەک (حەکیم) پزیشک وەربگرین و (تف)کەش وەک (جین)ی بۆماوە بژمێرین، ئەوا ڕێک کارەکە دەبێتە (لەبەرگرتنەوەی زانیاری) بە مەرجێک (تف=جین)ەکە بە جینی بەرپرس بزانین لە گواستنەوەی (هەمی عیلم=تەواوی زانیاری) لە (میری تەیرا=حەکیم) ەوە بۆ (میرزا=کەسی زانیاری زیادکراو) لێرە میرزا چارەسەر دەکرێ، یان ڕاستتر عیلمی زیاد دەکرێ بە ڕێگای لەبەرگرتنەوە، کە:

میری تەیرا: خاوەنی تف=جین=ێکەکە هەموو زانیاریەکی تێدایە.

تف=جینی بۆماوەیی زانیارییەکان.

میرزا: کەسی (تف=جین) بۆ گواستراوە، بە مەبەستی زیادکردنی (هەمی عیلم = تەواوی زانیاری)یەکانی میری تەیرانی زۆر زان =زانا دەبێت.

لەم سێ خاڵەشدا، هەموو مەبەست و خواستەکانی (لەبەرگرتنەوەی زمان)ەکە هاتووتە دەست، واتە لەم لەبەرگرتنەوەیەدا کارەکە سەرکەوتووە و بە تایبەت کاری زووکارییەکە زۆر ڕوون و بەرچاوە کە ئێمە لێرە زیاتر مەبەستمان ئەم زووکارییە بوو، کە ئەمیش بۆ خۆی یەکێکە لە خەسڵەتی زمان فێربوونی کتوپڕ و هەروەها دوا جار لە (لەبەرگرتنەوەی زمان)یش، یەکێکە لە هۆکارە پێویستەکان.

لەلێکۆڵینەوەی ئەم ئەفسانە کوردییانەدا، زۆر لە حاڵەتەکانی (لەبەرگرتنەوە- CLONING)مان کەوتە بەرچاو، پیاو بە جەستەی خۆی-ڕانی ڕاستی-منداڵی دەبێ و پەنجەیەکی جێماو لە کەسێکی دێو خواردوو دەچیندرێ و کەسێکی هەمانشێوەی لێ (شین-دروست) دەبێ، دیسان سەری بڕاو لە جەستەی خۆی قایم دەکرێتەوە و کەسی سەربڕاو چاک دەبێتەوە، منداڵی ساوا و نێولانک قسە دەکات، (تف-جین) زانیارییەکان دەگوێزێتەوە و دەرختیش زوو سەوز دەبێت. ئەمانە هەمووی لە نێو ئەفسانەی هەزاران ساڵەی کوردیدا باسکراوە و بەردەوام دەگوترێن و دەزانرێن و دەنووسرێن.

ئێستاش زاناکان و پسپۆڕەکان لە سایەی داهێنانە گرنگەکانیان، ڕۆژانە ئەم کارانە دەکەن. ئەگەر کەسێکیش هەبێ ئێستاش گومان لە ئەفسانە بکات و ئەفسانە بە خەیاڵ پڕ و پوچ تەماشا بکات! ئەی ئێستا لەبەرامبەر کاری سەرسوڕهێنەرانەی زاناکان چی دەڵێ؟! کە ئەوە زاناکان هەمان ئەو کارانە دەکەن کە لە نێو ئەفسانەکاندا باسکراون.

ئەگەر ئەفسانەکان بڕوا نەکردەنی و سەرسوڕهێنەر بوون، ئەی لەبارەی ئەم کارە زانستییە سەرسوڕهێنەرانە دەڵێن چی؟! عەرەب گۆتەیەکی جوانیان هەیە، دەڵێ: (راستیە بەرچاوەکان لەکارە خەیاڵییەکان سەرسوڕهێنەر ترن!!).

هەر ئەم زانیاری گواستنەوەو (لەبەرگرتنەوە)یەل ەکوردەواری گۆتەیەکی هێناوەتە بەرهەم، ئەگەر یەکێ بتوانێ کەسێک لەڕووی کارو کردەوەدا وەک خۆی لێبکات، بەکەسی دووەم دەڵێن: (فلان کەس تفی لەزاری کردووە) واتە ئەو دەرسی داوەو (زانیاری!!)یەکانی خۆی بۆ گواستوتەوەو کەسێکی هاوەشێوەی وەک خۆی لەکارو کردار دروستکردووە.

لەم ئەفسانەیەدا کە زانیاری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە، بەسەیری مەزانە! چونکە دەکرێ زانایەک زانیاریەکانی خۆی بۆ کەسێک یان چەندان کەس بگوازێتەوە بەهۆی (نووسین)و (خوێندن)و (فێرکردن)ەوە، کەئێستا قۆناغەکانی خوێندن لەسەرەتاییەوە تا خوێندنی باڵا ئەمەدەکەن، بەڵام ! لەئەفسانەکەدا زووکاریی ئەم کارەکارێکی ئەفسانەییە! کەچی هەر ئەم کارە ئەفسانەییە زاناکان بەکاری زانستی باس لێوە دەکەن، وەک ئەوەی دەڵێن:ئێمە دەتوانین (منداڵی زیرەک) بەرهەم بێنین!

### ئایین:

بە خوێندنەوەی مێژووی ئایینەکان، لە سۆمەرییەکانەوە کە خاوەنی کۆنترین ئاینن لەجیهان، لەسەر قسەی (دکتۆر خەزعەل ئەلماجدی) (ئاینی سۆمەری تۆی هەموو ئایینەکانی جیهانە) هەر لە یەکەمین ئایینە کۆنەوە تا دەگاتە دوایین و هەموو ئاینەکانی ئێستا کە لە جیهاندا هەن، هەر هەموویان بە شێوەی جیا لێک و وەک یەکیش باسی دروستکردنی (کەون) و (مرۆڤ) و هەموو ئەم بوونەوەرەیان کردووە.

بەڵام، بۆ ئەم لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی گشتی (قورئان‌و ئینجیل و تەورات) دەکەینە سەرچاوەی بەشە ئایینیەکان، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەم سێ کتێبە پیرۆزدا، چیرۆکی دروستکردنی مرۆڤ تێیاندا زۆر لێک نزیکە و لەگەڵ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگونجێ.

لە باسی (دروستکردن=ئەفراندن)ی مرۆڤدا باسی (ئادەم حەوا و عیسا پێغەمبەر) دەکەین، وەک ئەوەی کە سەرەتای (ئادەمیزاد) وەک چیرۆکە ئاینییەکان باس دەکەن ، یەکەمینجار لە (ئادەم)ەوە دەست پێدەکات.

ئادەم: چیرۆکە ئایینیەکە-لە هەرسێ کتێب- باس لەوە دەکەن کە ئادەم لە قوڕ (خاک+ئاو) دروستکراوە، پێش ئادەم-هەر بەپێی چیرۆکە ئاینیەکە-کەسی تر نەبووە و وەک هیچ کەس دروست نەکراوە لەبەرگیراوەی هیچ کەس نیە!

هێندە هەیە لە قورئاندا هاتووە: **" لقد خلقنا الانسن في احسن تقويم" (سورة التين): ٤٤** ئەو (**احسن تقويم**)ەش بەرای ئێمە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێش دروستکردنی (ئادەم) ئەفریندراوی تر (گیانلەبەری تر) هەبووینە و ئەم (ئادەم)ە لەوان (احسن) باشتربووە. کەواتە ئادەم دروستکراوە و لەبەرگیراوەی هیچ کەس نیە. واتە -بەپێی چیرۆکەکە-کەسیەتی-مرۆڤ-ئادەم- خاڵی سەرەتایە، کەدروستیش کرا بە گەورەیی دروستکراو بە قۆناغی منداڵی دا تێنەپڕیوە.

حەوا: حەووا لە ئادەمەوە دروستکراوە، جا لە پەراسوویەتی یان هەر جێگایەکی تر بۆ ئێمە گرفت نیە! بەڵام، دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر (حەووا) لەبەرگیراوەی (ئادەم)یش بێت، لەبەرگیراوەیەکی تەواو وەک ئەو نیە! بەڵکە لەبەرگیراوەیەکی دەسکاریکراوە، ئەگەر ئادەم هەر لە دروستکردنەوە وەک (پیاو) بە ڕووی ڕەگەزییەوە وەک (نێر) دروستکراوە، ئەوا حەوواش هەر لەسەرەتاوە وەک (مێ) لەبەرگیراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئادەم وەک (پیاو-نێر) بمێنێتەوە و حەوواش بە مێیەتی لەبەرگیراوەتەوە. چونکە حەووا (دانە-کەس)یکی سەتی سەت وەک ئادەم نیە! بەڵکە کەسێکی تەواوکەری ئادەمە!، چونکە ئادەم وەک (پیاو-نێر) نیوەیە و نیوەیەکی تری کەم بووە! ئەو نیوە کەمەش بە (حەووا-مێ) نیوەکەی تری تەواو کردووە، چونکە بە یەکگرتنی ئەم دوو نیوەیە (مرۆڤی نێر+مرۆڤی مێ) دەکاتە (یەک)ەیەکی تەواو و بەرهەم هێن، بەرهەمی ئادەمی کە پێی دەگوترێ (ئادەمیزاد) واتە لە ئادەمەوە پەیدا بوون، ئادەمی تەواو (ئادەمی نێر+ئادەم - حەووای مێ) کە ئەم دو نیوە یەکگرتووە، بە تەواوکردنی یەکتر بەکاری ژن و مێردایەتی و جووتبوون، نەویان لێ دەکەوێتەوە و کەسانی وەک خۆیان، نێر وەک ئادەم و مێ وەک حەووایان زۆر کرد، کە دەتوانین بە نەوەکانیان بڵێین: نەوەی لەبەر گیراوە.

عیسا پێغەمبەر: بە پێی چیرۆکە ئایینیەکان، عیسا منداڵێکی لەدایک بووی بێ باوکە، لە دایکێک لە دایک بووە بە ناوی (مریەم) کە هێشتا کچە و شووی نەکردووە و هیچ نێرێک دەستی بە دەستی نەکەوتووە، کەواتە عیسا پێغەمبەریش، لەبەرگیراوەیەکی تەواوی مریەمی دایک نیە! بەڵکە ئەویش لەبەرگیراوەیەکی دەسکاری کراوە! هەرچەندە عیسا وەک منداڵێک لە ژنێک لە دایک دەبێ و ئەو ژنە نۆ مانگ نۆ ڕۆژ لە زگی خۆی ئەم منداڵە وەک هەر دایکێکی تر ژانی پێوە دەکات، بەڵام، ئەو منداڵە سەتی سەت وەک مریەمی دایک نییە! بەڵکە، بە (نێر)ی لە دایک دەبێ و ئادەمیزادێکی نێرە، وەک (پیاو-نێر)ەکانی تر لەدایک دەبێ، نەک تەواو وەک دایک مێ، کەواتە لە دایک بوونی عیسا جیایە لە دروستکردنی ئادەم و حەووا.

-ئادەم بێ باوک و بێ دایک دروست کراوە و نێر دروستکراوە، قۆناغی منداڵی نەبینیوە.

-حەووا لە (پەراسو)ی ئادەم دروستکراوە لە دایک نەبووە، ئادەم پیاوە و نێرە و حەووا مێیە،حەوواش بەقۆناغی منداڵیدا تێنەپەڕیوە.

-عیسا لە ژنێک -مێ-بێ باوک-لە دایک بووە، لە دایک بوونێکی (پیاو-نێر) لە (ئادەمیزادێکی -مێ).

دواجار ئەم دروستکردنی ئادەم لە نەبوونەوە و بێ باوک و بێ دایک و دروستکردنی حەوا لە جەستەی ئادەمەوە و لە دایک بوونی عیسا لە ژنێکی شوونەکردوو، ئەمانە هەمووی وەک چیرۆکی ئایینی دەڵێ: بۆ (هێز و توانا و گەورەیی خودا دەگەڕێننەوە)

خوداش کارەکانی خۆی لەسەر بەرنامە و سیستەمێکی وردو باریک داناوە. ئەوەی کە زاناکانیش کردوویانە و دەیکەن تا ئێستا، دۆزینەوە کەمێکی ئەو بەرنامە و سیستەمە ووردووباریکەیە و بەکارهێنانەوەیەتی بە شێوەی تاقیکردنەوە، ئەوەی گرنگە ئەم جۆرە بەرهەمهێنانەی مرۆڤ، بە هەموو جیاوازییەکانەوە، مرۆڤێکیان هێناوەتە بوون، کە لە ڕووی جەستەییەوە، چ وەک پیاو (ئادەم و عیسا) و چ وەک ژن (حەووا) مرۆڤێکی تەواون لە ڕووی لەشساغی جەستەیی و لەڕووی بیر و هەڵس و کەوتەوە، واتە بیر دەکەنەوە و قسە دەکەن و دەبینن و دەبیستن و بۆن دەکەن و هەموو هەستەکانیشیان لەگەڵ دروستکردن و لە دایک بوون لەگەڵ دابووە.

کەواتە جەستەی دروستکراوی مرۆڤ یەکسانە بە کۆی ئەندامەکانی جەستە لەگەڵ کۆی هەستەکانی مرۆڤ.

### ئادەمیزاد=جەستە=کۆی ئەندامەکانی جەستە+کۆی هەستەکان.

هەروەها دەتوانین بەم شێوەیەش ئاوەژووی - بکەینەوە کۆی هەستەکان+کۆی ئەندامەکان = جەستەی زیندوو = ئادەمیزاد.

ئێستاش دەتوانین هاوبەشیەک لە نێوان (دروستکردن) و (لەبەرگرتنەوە)ی (مرۆڤ) لە نێوان ئەفسانە و ئایین دا دابدۆزینەوە.

لە دروستکردن و لەبەرگرتنەوەی تەواوی ئەندامەکان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆرتر مەبەست (قسە کردن=زمان زانین)ە قسە کردن و زمان زانینیش لە ئەفسانەدا، نەک هەر تەنیا مرۆڤ قسە دەکات و زمان دەزانێ! ئەوە دار و بەرد و گیا و گۆڵ و زیندەوەر و گیانلەبەرانیش قسە دەکەن و زمان دەزانن.

لە چیرۆکە ئایینەکانیشدا باسی زمان بەشێوەی (اسماء کلها) و (فی البدء کان الکلمه) کراو. لە قورئاندا پاش ئەوەی کە ئادەم دروست دەکرێ، فێری ناوی تەواوی شتەکان دەکرێ، واتە فێری زمان دەکرێ، زمانیش کە گوێ گرتن و قسەکردنە، لەگەڵ بیرکردنوە بەو زمانە، واتە جەستە کە بەهەموو ئەندامەکانیەوە هەتا ئەندامەکانی قسە کردن و گوێگرتن و بیرکردنەوەش، کە ئەمانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە قسەکردنەوە هەیە، لە سەرەتاوە لەگەڵ تەواوی ئەندامەکانی جەستە دروستکراون و دواتر (فێری ناوەکان کراون) واتە فێری زمان و قسەکردن کراون. ئەمەش پێمان دەڵێ: دروستکردنەکە قۆناغ بە قۆناغ بووە.

هەرچی لە (کتێبی پیرۆز)ە نووسراوە: (فی البدو کان الکلمه والکلمه کان عند الله وکان الکلمه الله) (ئینجیل یوحنا) واتە لە سەرەتاوە وشە بوو، وشە لای خودا بوو، وشە بۆ خۆی خودا بوو).


هەرچی قورئانە، لە دەستەواژەی "وعلم ادم اسماء کلها" دا واتە: خودا ئادەمی فێرکرد هەموو ناوەکان بزانێ، واتە ئادەم تا ئەو دەم (ناوەکان-زمان)ی نەدەزانی، خودا فێری کرد، واتە زمان زانین پێش دروستکردنی ئادەم لای خودا زانراو بووە و زمان هەبووەو ئادەم کە دروستکراوە یەکسەر قسەی نەکردووەو زمانی نەزانیوە.

ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە، ئەوەیە کە زمان پێش دروستکردنی ئادەم هەبووە، لە قورئاندا-ماوەیەک پاش دروستکردنی ئادەم- کە نازانین ئەو ماوەیە چەندە- ئادەم فێرکراوە ناوەکان بزانێ و قسە بکات، لە کتێبی پیرۆزیشدا، (وشە=زمان) پێش دروستکردنی ئادەم هەبووە و هەر لەسەرەتاوە هەبووە، لێرەوە زیاتر بۆ ئەوە دەچین هەر لەگەڵ دروستکردنی ئادەم، فێری (وشە=کلمە)ش کراوە، چ لەوەی کە هەر لە سەرەتاوە وشە هەبووە و چ لەوەی کە بە گرنگییەوە باسی ئەوە کراوە کە ئادەم فێری ناوەکان کراوە، ئەوەی دەردەکەوێ کە زمان گرنگی پێ دراوە فێربوونی زمان بۆ (ئادەم) تاج لەسەرنانی دروستکردنەکەیەتی و بەم زمانزانینەوە ئادەم و ئادەمیزادەکان، دەبنە خاوەنی هێزێک کە لە هەموو دروستکراوەکانی پێش خۆیان جیا دەکرێنەوە، چونکە لە نێو زماندا (هێز و زانست) هەیە.

### لە مێژووەوە:

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا تا ئێستا لەبارەی (لەبەرگرتنەوە) نووسراوە، هەمووی ڕێگا خۆشکردنێکە بۆ ئەوەی دواجار بگەینە ئەو باوەڕە کە کاری زانستیانەی لەبەرگرتنەوە، کارێکە تا ئێستا کراوە بەرهەمی هەیە، بەرهەمەکان لە جیهانی گیاوگوڵ و دار و درەخت و سەوزە و مێوە و زیندەوەر و گیانلبەرەوە تا دەگاتە (مرۆڤ) خۆی.

لەمرۆڤیشدا جگە لەبەرگرتنەوەی جەستەی مرۆڤ بە شێوەیەکی تەواو، تەواو لە ڕووی جەستەیی و کارکردنی تەواوی هەست و نەستەوە، ئەوا دروستکردنی ئەندامی یەدەگی جەستەیشی هاتە سەر، لەگەڵ ئەم هەموو لەبەرگرتنەوەیە، جەستەی لەبەرگیراوەی مرۆڤ، وەکو جەستەی مرۆڤی سروشتی خاوەنی هەموو هەست و نەستەکانە و ئەندامە جەستەییەکان، هەموو کارە هەستی و نەستییەکان دەکەن، هەر لە جووڵە و بینین و قسەکردن و بیستن و تام کردن و هەست پێکردنە




وە تا دەگاتە بیرکردنەوە و بەکارهێنانی تەواوی توانا زانستی و عەقلیەکانەوە.

لەوەشدا مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە! کە زاناکان چۆن توانیان تەواوی جەستە لەبەربگرنەوە، چۆن توانیان یەک یەکی ئەندامانی جەستە لەبەر بگرنەوە! ئاواش دەتوانن، یەک یەکی هەست و نەستەکانیش لەبەر بگرنەوە.

لەوەشدا بە تایبەت مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە (لەبەرگرتنەوەی زمان)ە لێرەش لەم بەشە مێژووییەی لەبەرگرتنەوەدا، نموونەی ئەو زمان فێربوونە لە(ناکاو) و (کتوپڕ)انە دێنینەوە کە بەهۆی (شوک-صدمە)ی جۆرا و جۆر کەسانێک لە پڕ فێری زمانێک یان زیاتر لە زمانێک بووینە! بێ ئەوەی پێشتر ئەو زمانەیان خوێندبێ، یان فێربووبن یا ئەوەتە هەندێ جار هەر ناویان بیستبێ! واتە فێربوونی زمانی نوێ بە زوویی و بە ئاسانی و بەبێ هیچ جۆرە پێشینەیەک.

ئەمەش لە رابردوودا روویداوە و لە سەرچاوەکاندا نووسراوە و باسکراونو بەردەوامیش روودەدەن.

بە باسکردن و هێنانەوەی ئەو بەڵگە مێژووییانەی زمان فێربوونی لەناکاو، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە زانست-زانستی پێشکەوتووی ئەم رۆژگارە دەتوانێ، ئەم فێربوونە لەناکاوو سروشتیانە دەست بەسەردا بگرێ و جلەو کۆنترۆل بکات و بیخاتە نێو بەرنامە و بیکات بە کارێکی تاقیگەیی رۆژانە و بەردەوام لە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەکاری بێنێ، وەک هەموو کارە زانستییەکانی تر، بە تایبەت ئەو کارانەی کە لەگەڵ جەستەی مرۆڤ خۆی کراوە! چ لە ڕووی چارەسەری نەخۆشییەکان چ لە ڕووی بەهێزکردنی و لەبەرگرتنەوەی جەستەی تاک و یەک یەکی ئەندامەکانی جەستەوە.

## نموونەی ئەو کەسانەی کە زۆر زمانیان زانیوە:

مێژوو باسی زۆر کەس دەکات، کە زۆر زمانیان زانیوە و ئەو زمانزاییننەیان لە ژیانی رۆژانەیاندا بەشێوەی جۆرا و جۆر بەکارهێناوە، لە نووسینێکدا (فەهد عامر ئەلئەحمەد) نووسیویەتی، بەناوی (کەسێک بە سەت زمانەوە) پاش ئەوەی چەندین نمونەی زیندوو باس دەکات ودەنووسێ: لەمێژوودا باسی کەسانێک کراوە کە زمانێکی زۆری بیانیان زانیوە، لەوانە کاردینال میزۆفانتی (١٧٧٤-١٨٧٤) (٥٥) کە زیاتر لە سەت (١٠٠) زمانی دەزانی، هەروەها زانای زمانەوانی (شۆتر) کە لە ٢٧٠ زمان دەگەیشت، هەروەها (جویس کاسبار) بەرپرسی کتێبخانەی فاتیکان (لە ساڵی ١٨٤٩) لە ١٤ زمانەوە وەرگێرانی دەکرد و بە ٥٠ زمانیش دەدوا و هەروەها لە کتێبە کلتورییەکانیش باسی ئەوە دەکەن لە (بیت الحکمە) لە بەغداد فەرمانبەری وای دادەمەزراند کە ٣٠ زمانی دەزانی و هەندێکیان لە وەرگێران کاریان دەکرد.

هەروەها (ئەولیا چەلەبی) لە کتێبی (کورد و لە مێژووی دراوسێکانیدا) کاتی لە شاری بتلیس باسی مەلا و خوێندوارەکان دەکات، باسی کەسێک دەکات کە خۆی بینیویەتی ٢٠ زمانی زانیوە.

لەم نموونانەی سەرەوە، باسی ئەوەمان خوێندەوە کە کەسانی هەبوون، زۆر زمانیان زانیوە و هۆی زۆر زمان زانینەکەشیان زۆرتر بۆ ئەوە دەچێکە بەهۆی هەوڵ و ماندووبوون و توانا و لێهاتووی خۆیان فێربوون، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مرۆڤ ئەگەر هەوڵبدات دەتوانێ زۆر زمان فێرببێ، ئەوەش دەرکەوتووە کە زاناکان ئەو (جین-GENE)ەیان دۆزیوەتەوە کە بەرپرسە لە فێربوونی زمان لەمرۆڤدا. دۆزینەوەی ئەم ئەم جینەش هۆیەکە بۆ کارکردنی زاناکان لەسەر تواناکانی مرۆڤ لە بواری (زۆر فێربوون) و (زوو فێربوون)ی زمان، دیارە جینی بەرپرسیش لە فێربوونی زمان توانای وەڵامدانەوە و بەدەنگەوە هاتنی شۆک و هەوڵدانەکانی هەیە و کە چ کتوپڕ و لەناکاو کاری تێ دەکەن چ بەبەرنامە لەگەڵی دا دەکرین! ، ئەمەش ئەوە نیشاندەدا کە جینی بەرپرس لەنێو بەرنامەیەکەدا کاردەکاتن هەتا زانستیانەتر ئەو بەرنامەیە کاری لەسەر بکرێت، توانای زۆرتری لێ بەدەر دەکەوێ و کاری ئەستەم تر دەکات.

### زوو فێربوون لەمێژوودا(١٤)*:

لە سەرچاوە ئەدەبی و مێژووییەکاندا، لە (باسی بابا تاهیری هەمدانی) شاعیری گەورەی کورد باسی ئەوە دەکەن، کە بابا تاهیر شوان بووە و رۆژێک لە هەمەدان لەمزگەوتێکدا کە فەقێ دەرس تێدا دەخوێنن، بابا زۆری پێ سەیر دەبێ، کە فەقێکان سەیر کتێب دەکەن و -بە زمانی عەرەبی-ئەو خاڵە رەش و خەت خەتە وردانە دەخوێننەوە! بابا دەپرسێ ئێوە چۆن فێری ئەوە بوون کە ئەم خەتانە بخوێنەوە و بەز مانێکی تر قسە بکەن؟!

فەقییەکانیش بۆ گەمە و یاری کردن بە عەقلی شوانەکە: دەڵێن!! ئێمە شەوی زستان تا بەیانی چوینە ناو ئەم حەوزە ئاوەی مزگەوت و سبەینێ، فێری ئەم نووسین و خوێندنەوە و ئەم زمانە بووین) باباش لە عەشقی زۆری بۆ فێربوونی زمان و نووسین و خوێندنەوە و خۆشباوەڕی، لە شەوێکی زستانی هەمدان-کە زۆر ساردە-دەچێتە ناو حەوزەکە و سەبینێ که دێته دەرەوە، دەفەرمووێ: (شەو بە کوردی نووستم، سبەینێ بە عەرەبی لەخەو هەڵسام)(١١). ئەم چیرۆکە چەندی راستە و چەندی خەیاڵ و هەڵبەستراوە، ئێمە لێرە بەدوای ئەمادا ناچین، هێندەی دەمانەوێ، سوود لە کاریگەری سەرمای شەوی ناو حەوزەکە وەربگرین، کە بەلای ئێمەوە، ئەم سەرما و ساردیە شۆکی دروستکردووە دروستکردنی شۆکیش وەک، رووداوەکانی تر کاریگەری هەبوو، لە فێربوونی بابا بۆ زمانی عەرەبی و خوێندنەوە و نووسین، ئەوەش لەبیر نەکەین ئارەزووی زوو فێربوون، زەمینە خۆشکردنێکی زۆرە بۆ زوو فێربوون، هەتا ئارەزووەکە زۆرتر بێت، زووفێربوون ئاسانترە.

ئەوەی لەم چیرۆکەدا گرنگە، ئەوەیە کە بابا تاهیر ئارەزووێکی عەشق ئامێزی هەیە و بە خواست (ارادە)ی خۆشی خۆیەوە دەچێتە ناو ئاوی حەوزەکە و بەم شەوە ساردو شەختە بەستووە-خۆی - شۆک- لە خۆی دەداو، ئەنجامەکەش فێربوونی زمانی عەرەبی و نووسین و خوێندنەوەیە.

کەواتە بابا تاهیر بە:

ئارەزووێکی عەشق ئامێز+ئیرادەیەکی ئازاد+ شۆکی سەرما= فێربوونی زمانی عەرەبی و بەخەت و نووسینەوە.

ئەگەر چیرۆکەکە ووەک خۆی وەربگرین، ئەوا شەوێک ماوەیەکی زۆر کورتە بۆ فێربوونی کەسێک لە سەرەتاوە بۆ نووسین و خوێندن و زمانێکی نوێ، بەڵام، لەم جۆرە رووداوانە-واتە زوو فێربوون-نموونەی زۆرە، ئەوەی بابا لە زۆربەیان جیا دەکاتەوە، ئەو خۆویستنەی بابا تاهیرە بۆزمان فێربوون کە هەموو قۆناغەکانی بڕیوە و ئەنجامەکەشی بەدەست هێناوە وەک چیرۆکەکە باس دەکات.

### نموونەکانی ئەم سەردەمە:

١-زمانزانە لێهاتووەکان:

هەر لە باسی زۆر زمان زانین (فەهد عامر ئەلئەحمەدی) دەنووسێ(من خۆم پیاوێکی بەرێزم بینی: کە لە بەشی وەرگێڕان و هەڵەبریدا کاری دەکرد لە چاپخانەی قورئان لە سعودیە دەیتوانی بە ١٨ زمانی جیهانی قسە بکات. هەروەها دەنووسێ: (لە فەرهەنگی (تعریف الشخصیات)دا لە نەتەوە یەکگرتوەکان، جۆرج هینری شمیدت (کە سەرپەرشتی ئیدیۆمە هونەرییەکانی دەکرد لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧١) لە ١٩ زمانەوە وەرگێرانی دەکرد و دەیتوانی بە ١٢ زمانی تریش قسە بکات بە ڕەوانی، هەروەها زانای شوێنەوار ناسی ئەڵمانی (هینریش شلیمان) ١٤ زمانی دەزانی.

هەر لە باسی ئەم سەردەمەدا لە کتێبی (گینس)دا هاتووە ئاوارەیەکی لوبنانی بە ناوی (زیاد فضە)(٥٥) بە ٥٦ زمانی زیندوو قسە دەکات وا پێ دەچێ گەورەترین زمانزان بێ لە رووی زانینی زۆری زمانەوە کە ئێستا لە ژیاندا بێ، زیاد ٢٣ ساڵە لە بەرزایل دەژی و زۆر جار پۆلیسی (رێودی جانیرۆ) پەنای وەبەر دەبات بۆ لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە بەرێگایەکی نایاسایی دەچنە ناو ئەو وڵاتە، دیارە مەبەست کەسانی زمان جیاوازە.

ئەم نموونانەش دیسان پشتگیری ئەوە دەکەن، مرۆڤ توانای فێربوونی زۆر زمانی هەیە و ئەگەر هەوڵبدات دەتوانێ زۆر زمان فێر بێت.

### ٢-فێربوونی کتوپڕ:

جۆرێکی تر لە فێربوونی زمان، فێربوونی کتوپڕ و لە ناکاوە، جا بەهۆی جۆرێک لە (شۆک-صدمە)ەو بەرکەوتنەوە دەبێت، یان بەهۆی نەخۆشی و تای گران، کە زۆر جار روویداوە، کەسێک لە پاش شۆک یان تا لێهاتنی گران، فێری زمانێک یان چەند زمانێکی تازە بووە، کە پێشتر هیچ لێ نەزانیوە، (کۆلن ولسن) لە لێکۆڵینەوەکانی باسی زۆر کەس دەکات، کە لە پاش توشبوونیان بە نەخۆشی و تای گران، کە چاک بوونەتەوە بە زمانێکی تازە یان چەند زمانێکی تازە قسەیان کردووە و بێ ئەوەی خۆیان بزانن! چۆن ئاوا کتوپڕ فێری ئەم زمانانە بوون، ئەمەش جیایە لە زمان فێربوونی ئاسایی و بە (XENOGLOSSIA) ناو دەبردرێ کە دەکاتە، توانای لە ڕادەبەدەری فێربوونی چەند زمانێک لەناکاو).

### چەند نموونەیەک (١٥)*:

**١-ساباستیان هاینە(١٤):** گەنجێکی ٢٢ ساڵەی ئەڵمانی کە لە زانکۆی (بۆن) بەشی فەلسەفە دەخوێنێ بەناوی (ساباستیان هاینە) ئەم گەنجە توانیویەتی خۆی فێری ٣٥ زمان بکات و بەو زمانانە قسە بکات.

ئەم گەنجە بە هەوڵدان و خۆفێرکردن، فێری ٣٥ زمان بووە، نەک بە شۆک و بورانەوە، ئەمەش جگە لەوەی توانای جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان دەردەخات، کە ئەو جینە توانای هەیە زۆر زمان لەخۆیدا کۆبکاتەوە و سەربەخۆیی هەریەکیان وەک خۆی بپارێزێ.

ئەوەش دەسەلمێنێ کە مرۆڤ ئەگەر توناکانی خۆی بە دروستی بەکاربێنێ و رووبداتە هەر زانست و هەر کارێک ئەوا تێیدا سەردەکەوێ، ساباستیانی گەنج دەڵێ، من لە پێناو فیربوونی زمان زۆر لە مافە گەنجیەکانی خۆم فەرامۆش کردووە.

ئەمەش جدیەتی ئەو گەنجە دەردەخات کە چەند بە عیشقەوە توانا و ژیانی خۆی بۆ فێربوونی زمان بەکاردێنێ، نابی ئەوەش لەبیر بکەین، ساباستیان گەنجێکی ٢٢ ساڵەیە، ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت تا ٣٥-٤٠ ساڵی چەند زمانی تر فێر دەبێت؟!

**٢-نورانی ئیسماعیل:** کچێکی ١٧ ساڵەی میسرییە بەناوی (نورانی ئیسماعیل) لە دواوەی ماتۆڕ سوار دەبێ و ماتۆڕەکە لەگەڵ لۆرییەک خۆی لێکدا و نورانی تۆشی خوێنبەربوونی دەماخ بووە و ١١ سەعات بێهۆش کەوتووە و نەیتوانیوە قسە بکات، کە بە قسە هاتووتەوە بە چەند زمانێکی غەریب قسەی کردووە، زمانەکان (چینی) و (یابانی) و (کۆری) و (ئەندەنوسی) بوو، کە پێشتر هیچی لەم زمانانە نەزانیوە.

لە شیکردنەوەی ئەم حاڵەتە دەتوانین بڵێین: بەرکەوتن و خوێن بەربوونی دەماخ، بۆ نورانی ئیسماعیل بووەتە هۆی ئەوەی کە کار لە (جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان)ی ئەو بکات و بەرێکەوت، ئەم کارکردنە لەبەرگرتنەوەی فێربوونی زمانی لێ کەوتووتەوە، فێربوونی زیاتر لە زمانێکی تازە و بەشێوەیەکی کتوپر. ئەمەش ئەم توانایە دەردەخات کە جینی بەرپرس فێربوونی زمان لە مرۆڤدا هەیەتی، باشە ئەگەر زاناکان ئەم کاری لەناکاو و رێککەوتە بەشێوەی زانستی بەرنامەرێژو کۆنترۆڵ جلەو بکەن و زانستیانە و سەرکەوتوانە بەکاری بێنن! چ شۆڕشێکی زانستی لە بواری فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە بۆ مرۆڤایەتی بەرپا دەکات.

**٣-ساراکۆلی زل (١٤):** ژنێکی ٣٥ ساڵەی بەریتانییە، دوای سەرەێشەیەکی توند، کە چاک دەبێتەوە یەکسەر بەزمانی چینی قسە دەکات.

لە شیکردنەوەی ئەم حاڵەتە وا دەردەکەوێ سەرێشەکەی ساراکۆڵی زل بەهۆی بەرکەوتنەوە نەبووە، بەڵام، هەر سەرێشەیە و وەک خوێنبەربوونی دەماخی نورانی ئیسماعیل- ئێشەکە لەسەریەتی، ئەنجامەکەشی فێربوونی زمانی چینی یە و بە شێوەیەکی کتوپر، بەڵام، تەنیا یەک زمانی نوێی و تازە فێر دەبێت، کە دوور نیە زۆر و کەمی زمان فێربوون پەیوەندی بە جۆری سەرێشەکەوە هەبێ، نەک کاری جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان لای ساراکۆڵی زل، هەر چۆنی بێ ئەم رووداو و نموونەیەش پشتگیری ئەوە دەکات، کە جینی بەرپرس بۆ فێربوونی زمان لە مرۆڤدا توانای فێربوونی زمانییکی نوێی هەیە بە کتوپڕ و لە ماوەیەکی کەم دا، ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ کاری (فێربوونی زمانێکی تازە بە لەبەر گرتنەوە) و زاناکان بە هیواتر دەکات، بۆ کارکردن و بە زانستی کردنی لەبەرگرتنەوەی زمان وەک هەموو لەبەرگرتنەوە سەرکەوتووەکانی تر بۆ خودی مرۆڤ خۆی.

**٤-ساندرا لیک (١٤):** کچێکی ١٣ ساڵانەی (کرواتی) کە خەڵکی شاری (کنن)ی خوارووی وڵاتی کرواتیایە، تووشی بورانەوە بووە بۆ ماوەی ٢٤ سەعات، کە بە خۆهاتووتەوە، یەکسەر بەزمانێکی رەوان، بە زمانی (ئەڵمانی) قسەی کردووەو ئەویش پێشتر ئەو زمانەی نەزانیوە.

لە شیکردنەوەی حاڵەتی ساندرادا، نەخۆشییەکەی (بورانەوە)یە، کە وەک (سارا کۆلی و نورانی) ئێشەکە راستەوخۆ باس لە (سەر)ی ناکرێ، بەڵام، ئەویش بوورانەوە و لەخۆچوونی هەیە، ماوەی بورانەوە کەشی ٢٤ ساعاتە، پاش بەخۆهاتنەوەش قسە کردنە بە زمانی ئەلمانی، کە زمانێک کتوپر پاش بەخۆهاتنەوەکە فێری بووە. لێرەش دیارە-جینی فربوونی زمان-لە ساندراش بەهۆی بوورانەوە، کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لەسەر تەواوی جەستەی ئەو کچە، لەوانەش جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان، ئەو کاریگەریەش بۆ ساندرا فێربوونی زمانێکی نوێی کە زمانی ئەڵمانیە لێ کەوتەوە، لەم رووداوەش لەخۆ چوون و فێربوونی زمانێکی نوێ هەیە. ئەمەش بەڵگەکان زۆرتر دەکات و حاڵەتەکان وەک یەکن و دەکرێ، بەرنامەرێژ بکرێن و بەردەست بکرێن و زاناکان بیکەن بەکاری نێو تاقیگە و مەیدانی کارە زانستیە داهێنەرکانیان.

### ٥- عوسمان (٥٤):

عوسمان منداڵێکی مەغریبیە لە شاری (مەکناس) لە ناوەڕاستی (مەغریب)دا دەژی، ئەو منداڵە هەر لە بچوکیەوە بەزمانێک قسەی دەکرد، کە دایک و باوکی تێی نەدەگەیشتن، دواجار بەهۆی خزم و کەس و کارەوە زانیان کوڕەکەیان بە زمانی (ئەڵمانی) قسە دەکات، ئەگەرچی لە دایک و باوکێکی مەغریبیە و نە منداڵەکە و نەدایک و باوکی هەوڵیانداوە زمانی ئەڵمانی فێربن و نە سەفەری ئەڵمانیان کردووە، دایکی بە خۆ خەریک کردن بە عوسمانی کوڕییەوە ئەویش خەریکە کەم کەمە فێری ئەڵمانی دەبێ.

پاشان دایک و باوکی عوسمان، دەچنە شاری (ربات) بۆ ئەوەی سەفیری ئەڵمانیان ببینن، عوسمان بە ئەڵمانیەکی ڕەوان قسە لەگەڵ سەفیر دەکات، سەفیر سەرسام دەبێ و دەپرسێ چۆن فێری ئەو زمانە بووی، عوسمان دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: (گۆت....گۆت-خودا.... خودا)(١٦)* هەر بەو سەرسامیەوە سەفیری لە عوسمان دەپرسی دەتەوێ دوا رۆژ ببیت بە

چی؟ عوسمان وەڵام دەداتەوە دەڵێ: خەونی ئەوە دەبینم کە ببم بەسەرۆکی ئەڵمانیا. پاش دە رۆژ دایک و باوکی عوسمانی دەچنە سەفارەت و هەواڵی سەفیر دەپرسن، لە وەڵامیاندا پێیان دەڵێن:

## سەفیر بووە بە مسوڵمان و وازی لە سەفیری هێنا.

دایک و باوکی عوسمان دەڵێن: زۆر کەس لەوانەی گرنگی بە زمانی ئەلمانی دەدەن هاتوون و عوسمانیان بینیووە، بەڵام، هیچ یەکێکیان سەر لە نهێنی عوسمان دەرناکات.

عوسمان ....نە شوک بووە و نە تای لێهاتووە و نە بوراوەتەوە، ئەو هەر لە منداڵییەوە، بێ هیچ هۆیەکی بەرچاو لەپاڵ زمانی مەغریبی، بە زمانی ئەڵمانیش قسەی کردووە، ئێمە بەهۆی ئەوەی کە عوسمان بەو منداڵیەوە چۆن فێری زمانی ئەڵمانی بووە، بۆ لێکۆڵەران و بۆ داهاتوو، لێدەگەڕێین، بەڵام، هێندە هەیە، حاڵەتی عوسمان پێمان دەڵێ: جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان زۆر بە منداڵیش توانای ئەوەی هەیە زمانێکی دوور و قسە پێنەکراو کەسنەزان و نەخوێندراو لە نیومالْ، بێ یارمەتی فێر ببێت، ئەمەش جارێکی تر و بەشیوەیەکی تر توانای جینی بەرپرس لە فێربوونی زمانمان بۆ دەردەخات، دەبێ ئەوە بزانین، هەتا حاڵەتەکانی فێربوونی زمان بەبێ خوێندن و بەکتوپڕی زۆر تر بێت، ئەوا چاکتر توانا زۆرەکانی ئەم جینەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، هەتا تواناکانیشی زۆرتر دەرکەوێ، دەرگای کاری زۆرتر و جۆرا و جۆرتر بۆ زانایان دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەو جینە گرنگ وپڕ نهێنیەدا بکەن.

**٥-کچێکی کورد ژمارەیەک(١٧):** (دکتۆر وەلی عومەر) کە پزیشکێکی کوردە لە شاری هەولێر، ماوەیەک لەوە پێش باسی کچێکی ناسیاوی خۆیانی کرد، کە نەخۆش کەوتووە و تایەکی گرانی گرتووە، پاش ئەوەی کە چاک بووەتەوە، شێوە زاری قسە کردنی گۆڕاوە، کە شێوازی زاری-کرمانجی خوار و واتە (سۆرانی)یە گۆڕاوە، بە شێوە زاری (کرمانجی باکوور!) ئەوەش کتوپڕ روویداوە و ئەو کچە پێشتر هیچ لەو (لهجە)یە نەزانیوە و هەتا دایک و باوکیشی کەسانی سۆرانین و پێشتر بە شێوەی (کرمانجی سەروو) قسەیان نەکردووە.

لەم نموونە و حاڵەتەشدا، نەخۆشی تای گران هەیە و ئەنجامەکەش فێربوونی -لەهجەیەکی نوێیە، کە ئەویش پێشتر نەیزانیوە، لێرە دەردەکەوێ، کە جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان، لای ئەو کچە کوردە، وەک زمانێکی سەربەخۆ کاری لەگەڵ شێوەزار-لەهجە-ی کرمانجی کردووە و بە هەمان شێوەی زمانەکانی تر، ئەو کچە کوردە فێری لەهجەیەکی تر بووە. دیارە شێواز -لەهجە-ش لە نێو هەموو زمانێکدا، خاوەنی دەستورێکی زمانی سەربەخۆیەتی و جیایە لە گەڵ شێوازەکانی تر، هەر بۆیەش هەندێک لە زمانناسان، لە رووی دەستووری زمانەوە، لەهجەش بە زمانێکی سەربەخۆ دەزانن.

ئەوەی کە گرنگە لە ڕووداوی ئەم کچە کوردەش، وەک کچ و ژنەکانی تر لە میسر و بەریتانیا و کرواتیا، -وەک یەک وایە و هەمان ئەنجامیش هەیە! هەمووشیان فێربوونی -زمان-ە، واتە کاریگەریەکە لەسەر جینی بەرپرسی فێربوونی زمان-ی ئەو کچ و ئافرەتانەیە، نەک جێنێکی تر، کە لە کارێکی تر بەرپرسە، بۆ نموونە: فێربوونی مۆسیقا، فێربوونی هونەری شێوەکاری و هەر کار و فێربوونێکی تر. ئەم هەموو پێکچوون و وەک یەکی بەسەر هات و رووداو و ئەنجامە، سەرمایەیەکی باش و زۆرە، بۆ ئەوەی زاناکان بە دوای دۆزینەوەی جۆری کاریگەر و کاردانەوەی جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان بزانن و (جلەو) و (دەستگیر) و (بەردەست)ی بکەن و بتوانن لە کاتی پێویست بە کار بێنن و وا بکەن مرۆڤایەتی سوودی لێ ببینێ.

## ٦- کچە کرواتیەکە:

کچێکی کرواتی تەمەن (١٣ ساڵ) ە، بۆماوەی ٢٤ سەعات لە خۆدەچێ، کە بە خۆدێتەوە یەکسەر بە زمانی (ئەڵمانی) قسان دەکا و زمانی خۆی کە کرواتیە بەتەواوی لەبیر دەچێتەوە. رۆژنامەی (دەیلی تەلگراف) لە زاری دایک و باوکی کچەی دەگێڕێتەوە، کە گوتویانە: هەر هێندە کچە بە خۆهاتەوە، دەستی کرد بە خوێندنەوەی رۆژنامە و کتێبی ئەلمانی و سەیری تەلەفزیۆنی ئەڵمانی دەکرد و بەم زمانە دەستی بەخوێندن کرد.

دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی (سبلیت) ئەم رووداوەیان بە رووداوێکی ناسروشتی دایە قەڵەم و کەوتنە لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی کچە، بۆئەوەی هۆی ئەم روودانە سەیر و کتوپڕە بزانن! چۆنە، ئەو کچە ئاوا زمانی خۆی کە زمانی کرواتیە لەبیرکردووە و ئاوا بە ئەلمانیەکی ڕەوان قسە دەکات.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانە، وەک سەرچاوەکە باس دەکات، گوتویەتی: کەس نازانێ ئەم کچە کەی چاک دەبێتەوە لەم شۆکەی کە توشی بووە؟ ئەگەر چاکیش بووەوە کاردانەوەی مێشکی چۆن دەبێت؟

دگتۆر (مێگۆ) پزیشکی دەروونی لە نەخۆشخانە، گوتوویەتی: لەڕابردوودا هەندێ جار ئەم کارانە بەو پەرجو (معجزە) ناودەبران! ئێستا ئێمە ئەوە بە باشتر دەزانین، کە بڵێین: ئەم دیاردەیە شیکردنەوەی لۆژیکی هەڵدەگرێ، تا ئەو دەمەی دەگەینە ئەوەی کە هۆیەکەی بدۆزینەوە. هەروەها دەڵێ: هێمای ئەوە هەیە لە رابردووشدا کاری وا روویداوەو واباشترە بەردەوام بین لەسەر تاقیکردنەوە، بۆ ئەوەی شتێک لەبارەی ئەم واقیعەوە بزانین.

## شیکردنەوە:

ئەم کچە تەمەن ١٣ ساڵیە، پاش لەخۆچونێکی ٢٤ کاتژمێری بە خۆدێتەوە. کە بەخۆدێتەوە بەزمانی ئەلمانی قسان دەکات و زمانی خۆی کە زمانی (کرواتی) یە بە تەواوی لەبیرچووەتەوە:بە قسەکردن و گوێگرتن و نووسین و خوێندنەوەوە، لەبەرامبەردا بەزمانی ئەلمانی قسە دەکات قسەکردنێکی رەوان. هەروەها بەبیستن و تێگەیشتن و خوێندنەوە و نووسینیشەوە. واتە فێری زمانەکە و ئەلف و بێی نووسینیشی بووە. ئەمەش وەک ئەوە وایە کە زمانی خۆی (کرواتی) ڕەشکراوەتەوەو زمانێکی نوێ کەزمانی (ئەلمانی )یە بۆی کۆپیکراوە. ئەوەش ڕێگای ئەوەمان بۆ خۆش دەکات بڵێین: ئەگەر (شۆک) و (لەخۆچوون) بەرێککەوت، بتوانن، زمانێکی زگماکی رەش بکەنەوە و زمانێکی تازە کۆپی بکەن، ئەوا زاناکان پاش ئەوەی هەموو نهێنیەکانی ئەو جینە دەدۆزنەوە، دەتوانن، ئەم زمان فێربوون و زمان رەشکردنەوەیە لە سایەی ئەو بەرنامەیە زانستیەوە، بکەن بە کارێکی تاقیگەیی و کۆنترۆڵکراو.

## ٧- کچێکی کورد ژمارە دوو

پرۆفیسۆر دکتۆر شێرکۆ بابان لەرۆژی ٢٠١٢/١٠/٢٢دا باسی کچێکی بۆ کردم کە تەمەنی پێنج ساڵەو لەمنداڵیەوە بەزمانی عەرەبی، عەرەبییەکی قوڕەیشی قسە دەکات، لەگەڵ ئەوەی دایکو باوکی کوردنو لەماڵەوەش بەکوردی قسە دەکەنو ئەوانیش هیچ یەک لە دایک و باوکیان عەرەب نیە! کچکەش هەر لە سەرەتاوەو تائێستاش کە تەمەنی پێنچ ساڵە هەربەم عەرەبیە قسە دەکات، لەگەڵ قسە کردنیشدا زیرەکیەکی زۆری پێوە دیارە لەهەڵسوکەوتو بیروڕا دەربریندا.

لەم کچەدا وادیارە جینی بەرپرس لەفێربوونی زمانو قسە کردن،وەک منداڵێکی ئاسایی زمانی دایکو باوکی وەرنەگرتووەو لەو بۆ ماوە پەروەردەییەوە لایداوەو زمانی عەرەبی هەڵبژاردووە، لەزمانی عەرەبیشدا زمانی قوڕەیشی! ئەم کچە کوردەش وەک ژنە ئیتالیەکە بەزمانێکی کۆن قسە دەکاتو زمانی دەوروبەرنیە! ئەمەش وەک هەموو کەسەکانی دیکە کەلەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمان کردن، ئەو زمانەی کە فێری دەبن زمانی نەتەوەو وڵاتێکی دیکە، شتێکی دیکە لەم کچە کوردە سەرنج رادەکێشی، لەکاتێکدا لەماڵەوەکەسو کارو دایکو باوکی بەکوردی قسەی لەگەڵ دەکەن! کەچی ئەو کوردی نازانێ و قسەشی پێ ناکاتو نەچووەتە قوتابخانەشو کەسیش هەوڵی نەداوە فێری عەرەبی بکات! کەچی فێری زمانی عەرەبی بووەو قسەشی پێدەکات، قسە پێکردنێکی زۆر ڕەوان.

لێرە بۆ ئەم کچەو هەموو ئەوانەی کەبەم شێوەیەو لەپرفێری زمانێکی تازە دەبن، دەپرسین؟!

-ئەرێ بۆ هەر زمانێک جینێک یا چەند جینی بەرپرسو تایبەت هەیە بۆ فێربوونی ئەو زمانە: ئەم کچە بۆچی فێری عەرەبی بووە؟ بەڵام فێری زمانی دایکی نەبووە کەکوردییە؟

- ئایاجینی بەرپرس لەزمانو قسە کردن، کەلەکاتێکی وادا لە پڕ فێری زمانێکی نوێ یان چەند زمانێک دەبێت، بۆچی زمانی دایکی خۆی فێر نابێت و لەبیر دەکات؟!

- ئایا مرۆڤ بۆ فێربوونی هەر زمانێکو بەهەر شێوەیەک، هەر تەنیا ئەو جینە بەرپرسانە بەکاردێنێ، کەکەسێکی ئاسایی بۆ فێربوونی زمانی دایکی بەکاری دێنێ؟!

## ٨- جەوانێکی کورد:

بۆیانگێڕامەوە لەسییەکانی سەتەی رابردوو لەگوندی (تورەق)ی نزیک شاری هەولێر، جەوانێکی کورد لەنێو کێلگەدا کار دەکات، پێمەڕەکەی دەچەقیچنیو بۆ کارێک دەڕوات.

کە دەگەڕێتەوەو دەست بۆ دەسکی پێمەڕەکە دەبات لەپڕ مارێک دێتە نێو دەستی، لەترسان شوک دەبێو یەکسەربەزمانی عەرەبی قسان دەکاتو هەتا دەسرێ هەر بەو زمانە قسان دەکات، لەکاتێکدا پیچشتر زمانی عەرەبی نەزانیوە.

ئەوەی ئەم رووداوە لەوانی تر جیا دەکاتەوە، هۆکاری ترسە! نەک نەخۆشیو کەوتنو لەهۆش خۆچوون، ئەویش بەهەمان شێوە کتوپڕ زمانێکی تازە، کە زمانی (عەرەبی)یە فێر دەبێ وئیتر هەتا دەمرێ. تەنیا بەو زمانە قسان دەکات.

لێرە بۆمان روون دەبێتەوە کەترسی کتوپریش کار لەجینی بەرپرسی فێربوونی زمان دەکاتو ئەوشوکە ترساوییە دەبێتە هۆی فێر بوونی زمانێکی تازەو لەبیر چوونەوەی زمانی دایک، کەئەم زمانیدایک لەبیرچوونەوە، زۆربەی ئەوانەی گرتووتەوە، بەهۆیەک لەهۆیەکان فێری زمانێک یان چەند زمانی تازە بووین.

## فێربوونی زمان بەکتوپڕی و بە هۆکاری تر:

ژیان سنووری نیە و ڕووداویش بێ سنوورە و دەبێ زانشتیش سنوور نەزانێ. هەر بۆیە، لە فێربوونی زمان بە کتوپڕی، جگە لەم ڕێگایانەی تا ئێستا باسکراوە و زانراوە، ڕێگای تریش هەیە. کە دەتوانین بە گشتی لە چوار جۆردا کۆیان بکەینەوە:

یەکەم: فێربوون بە هۆی کاریگەری رووحانیەت.

دووەم: بە هۆی خەواندن.

سێیەم: جادووگەری (سحر).

چوارەم: هەست کردن بە کەسانی تر لە نێو جەستەدا.

یەکەم: ئەم ڕێگایە بۆ فێربوونی زمانێکی تازە، پێویستی بە کەسێکی تر هەیە، کە ئەو کەسە روحانی بێت و لەسەرباوەڕ و ئایینێکی دیاریکراو و ، کەسێکی شارەزا و راهاتوو بێت و خەڵک بڕوا بە کەسایەتی و توانایەکانی بکەن.

-فێربوون بەهۆی کاریگەری رووحانییەت:

لەم جۆرە فێربوونەدا، کەسی کاریگەر چ بۆ خۆی فێر دەبێت و کار لەخۆی دەکات، چ دەبێتەهۆی ئەوەی کە کەسانی تر فێری زمانی تازە ببن.

جۆرج فالنتاین (٢٠): کەسێکی روحانی ئەمریکیە، لە دانیشتنێکی لەم جۆرەدا، توانی بە زمانی رووسی و ئەڵمانی و ئەسپانی و ویلزی قسە بکات.

کارلۆس میرابیلی (٢٠): روحانییەکی بەرازیلی یە، توانیویەتی بە زیاتر لە (٣٠) زمان قسە بکات و بنووسێ، لەوانەش زمانی سوری (شێوەزاری دیمەشق)ی و یابانیش، هەموو ئەمانەش لە بەردەمی زانا و لێکۆڵەر و خەڵکێکی زۆری ٥٠٠٠ پێنج هەزار کەسیدا.

زۆر جار ئەم کاری روحانییەتە و هەروەها خەواندنی موگناتیسی، لای خەڵک بە -جادووگەری- ناو دەبردرێ، بەڕای ئێمە، ئەم ناوە جادووگەرییە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، ئەگەر کەسانی ئەم توانا و لێهاتوویی و زانایەی خۆیان بۆ بەرژەوەندی کەسی و بۆ مەبەستی خراپ بەکاربێنن و خەڵکو کەسی بەکارهاتوو بگەێنن، لەم حاڵەتەدا کارەکە بە خراپ و جادووگەری ناودەبرێ، چونکە لە دەرەوەی بەرژەوەندی گشتییە لەگەڵ کاری زانستی ناگونجێ، خۆ ئەگەر مەبەستەکە خێروچاکەی مرۆڤ بێت، ئەوا جادووگەری نایگرێتەوە.

## فێربوون بە هۆی خەواندن:

**خانمێکی ئەمریکی (٢٠):** دکتۆر ئایان ستیفنسۆن، کەسێکی ئەکادیمی ناسراوە لە ئەمریکا، لێکۆڵینەوە و نووسینی زۆری لەم بوارەدا هەیە، لە سەیرترین تاقیکرنەوەکانیدا، ئەو خانمە ئەمریکیە کە لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا بوو، لە خەوتنێکی موگناتیسیدا ئەو خانمە توانی بە زمانێکی رەوان (سوێدی)یەکی جوان قسان بکات، سەیرە کە لێرەدا بوو، کە بە خۆ هاتەوە، یەک وشەی سوێدی لەبیر نەمابوو، کە ئەمە وای کرد دکتۆر ئایان ستیفنسۆن هەشت ساڵ خۆی بە لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیەوە خەریک بکات.

**منداڵێکی دە ساڵەی هیندی (٢٠):** لێکۆڵەر (لیان واتسۆن) زۆر بە سەرسامیەوە باسی ئەو منداڵە هیندیە دەکات، کە لە کاتی خەواندن و بێ ئاگایی بە زمانی (زۆلۆ) قسەی کردووە، کە زمانێکە بە هیچ شێوەیەک پێشتر نەبیستوویەتی و نەزانیویەتی، هەتا کەس و کارەکەی نەیانزانیوە کوڕە دە ساڵەکەیان بە چ زمانێک قسان دەکات، بەڵام (لیالی واتسۆن) بەهۆی زۆر گەڕانی خۆیەوە، زانیویەتی ئەم منداڵە لەم کاتەدا بەزمانی (زۆلۆ) قسە دەکات کە زمانی خەڵکی باشووری ئەفریقایە.

## فێربوونی زمان بە هۆی کەسانی تر لە نێو جەستەدا:

**بێلی مۆلیغان (٢٠):** ساڵی ١٩٧٧ لە بەندیخانەی چاکسازی لە شاری (ئۆهایۆ) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دکتۆرەکان هەستیان بەوە کرد یەکێ لە گیراوەکان، کە بە تاوانی پڕ دانە ژنان گیرابوو، دوو کەس جیای لەنێو جەستەدا دەژی و هەر یەک لەو کەسانە زمانێکی تایبەتی هەیە، هەندێجار کەسێک بە ناوی (عەبدوڵڵا) لەجیاتی بێلی مۆلیغان بە زمانی عەربیەکی ڕەوان قسان دەکات و بە جوانیش پێی دەنووسێ، کە کەسەکەی تر دەکەوێتە قسە، ئەو گیراوە دەبێتە کەسێک بە ناوی (رۆغین) و بە زمانی کرواتی و سربی دەست بە قسان دەکات.

**ئۆتار هۆدار(٢٠):** خانمێکی هیندی بە ناوی ئۆتار هۆدار لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا، کەسایەتی گۆڕا بوو بە ژنێکی بەنغالی و وەک خانمێکی ماڵەوە کە لە سەدەی هەژدەهەمدا دەژیاو، هەروەها بە زمانی بەنغالی قسەی دەکرد، نەک زمانی رەسەنی خۆی کە زمانی (ماراتی) بوو. ئەم حاڵەتەی هەندێجار چەند هەفتەیەکی دەخایان، کە ناچار دەبوون کەسێکی بەنغالی بدۆزنەوە بۆ ئەوەی تێی بگات و یارمەتی بدات لەنێو خانوادەکەیدا.

## فێربوونی زمانە مردووەکان:

ئەو نموونانەی کە تا ئێستا باسمان کردوون، بە هەر هۆیەک فێربوونە کە روویدابێ، ئەوا ئەو زمانەی کەسی -نەخۆش- فێری دەبوو و دیاری کراو زمانی زیندوو و هاوچەرخە بووە، واتە ئەو زمانەی کەسەکە کە بەشێوەیەکی کتوپڕ فێری بووە، زمانێکە ئێستا هەیە و رۆژانە خەڵکانێک قسەی پێ دەکەن.

بەڵام، ئێستا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە، کە ئەو کەسانەی زمانیان گۆڕاوە، زمانێکی مردووی هەزار ساڵە فیربوون و قسەیان پێ کردووە.

**هارۆڵد جۆرسکی (٢٠):** هەندێک لەم جۆرە کەسانە، چ بەهۆی خەواندنی موغناتیسی بێت، یان بە هەر هۆیەکی دی، ئەوا زمانێک قسە دەکەن، کە زمانێکی مردووە، و تەنیا زانا ئەنترۆپۆلۆژیەکان و شوێنەوار ناسەکان دەتوانن بەو زمانانە قسە بکەن.

(دکتۆر جویل ویتۆن) باسی هارۆڵد جۆرسکی دەکات، کە لە کاتی خەوی موغناتیسیدا ٢٢ وشە و پەرەگرافی نووسی، کە هی سەردەمی (فایکینغ)ە زاناکان توانیان (دە) لەم وشانە بناسنەوە و گوتیان ئەمە زمانێکی کۆنی ئەسکەندەنافیە، کەچی وشەکانی وشەی زمانی روسیو سربی و زمانی سلاڤی بوون و هەموو زمانەکانیش باسی دەریا و کەشتی و گەشتی دەریایان دەکرد.

**رۆز ماری (٢٠):** رۆزماری کچێکی بەریتانی بوو، لە ساڵی ١٩٣١ لە (بلاکبۆل)ی بە زمانێکی کۆنی میسری قسەی دەکرد و ببوو بە کچێکی میسری کە لە ساڵی ١٤٠٠ی پێش زایین دەژیا و ناوی (تیکیا فینتیۆ) بوو، ئەو کچە توانی ٦٦ بڕگە بە زمانی هیلۆغریفی بنووسێ. ئەوەش لەبەردەم زانای شوێنەوارناسی میسری (پرۆفیسۆر هاورد هیۆم) هەروەها بە ڕەوانی بەم زمانە مردووە قسەی دەکرد کە هەزاران ساڵە نەماوە و کەسانێکی کەم پسپۆڕ دەیزانن، ئەوانەی پیسپۆڕی زمانی شارستانیەتە کۆنەکانن.

لەو نموونانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسکران و هۆیەکانی فێربونی زمانەکان-لە رووی دەرەوە-



زانراوە لەگەڵ ئەم نموونانەی کە باسی فێربووونی زمانە کۆنەکان دەکەن، هەموویان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان بە کتوپڕی لە مرۆڤدا توانایەکی بێ سنووری هەیە. ئەو توانایە تا ئێستا لە رووداوە رێککەوت و نەخۆشیە گران و هەندێ هەوڵی چارەسەری روحی و خەواندنی موغناتسییدا دەرکەوتووە، هێشتا ئەم توانایە، بەم شێوەیە کە (جلەوو دەستگیر-کۆنترۆڵ) بکرێ، کاری بۆ نەکراوە، ئەگەر فێربوونی زمانە زیندوو و ناسراوەکان کارێکی سەرسوڕهێنەرە! ئەی فێربوونی زمانێکی کە بە هەزاران ساڵە مردووە و تاک تاکە کەسانی پسپۆڕ لە سنوورێکی تەنگ و بەرتەسک دەیزانن و قسەی پێ دەکەن، فێربوونی ئەم زمانە چێی پێ دەگوترێ! کە بەڕای ئێمە لە سەرسوڕهێنەر سەرسوڕهێنەر ترە.

هەرچۆنی بێت، دیسان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە هێزە نەزانراوەکەی نێو تەواوی جەستەی مرۆڤ، هێز گەلێکی بێ سنوورن، بە تایبەتی هێز و نهێنی جینی بەرپرس لە فێربوونی زمان، هێشتا زۆری ماوە بەچاکی بناسرێ و بە تەواوی جلەو (دەستگیر -کۆنترۆل) بکرێ، ئەم جینە دەتوانێو والە مرۆڤ بکات:

١-کتوپڕ بەهەر جۆرێک بێت زمانێکی یان چەند زمکانێکی نوێ فێر ببێ.

٢-دەتوانێ، زمانێک فێر ببێ، کە پێشتر نەیزانیبێ و ناویش نەبیستبێ: واتە زمانەکە کە لە رووی جوگرافییە وەلێی دوورە.

٣-دەتوانی زمانێک فێرببێ، کە مردوو بێت و هەزاران ساڵ بێ قسەی پێ نەکرێ، جگە لە سنورێکی بەرتەنگ، واتە: زمانەکە لەرووی زەمەنەوە لێی دوورە.

٤-دەتوانی فێری ئەلف و بێ و نووسینی ئەم زمانە تازانەش ببێت و پێیان بنووسێ.

٥-دەتوانێ فێری گۆکردنی ڕاست و دروستی فۆنۆتیکی ئەم زمانە بێت و هیچ کەم و کورتیەک، لە دەربڕینو گۆکردنیدا نەبێ.

## گرفتی لەبەرگرتنەوە:

لەبەرگرتنەوەش وەک هەر کارێکی تری ژیان، بە تایبەت کاری زانستی، ئەویش گرفتی خۆی هەیە، گرفتەکان زۆرن، بەڵام، لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا باسی دوو جۆر گرفت دەکەین:

**یەکەم-گرفتی زانستی:**

کاری زانستی، کارێکی ورد و باریکە و پشودرێژیەکی زۆری دەوێ، بە تایبەت لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ! کارێکە دەچێتە لوتکەی کارە زانستیەکانی تر لە ئەستەمی و زەحمەتیدا، زاناکان هەرچەندە داهێنەر و لێهاتوو بن، هێشتا کارێکی ئاوا بە زانایەک و بە یەک هەوڵدان سەرناکەوێ، بەڵکە دواجار لەبەرگرتنەوە کارێکی هەرەوەزی بەردەوامی زاناکانی هەموو جیهانە، ئەگەر لە لەبەرگرتنەوەی (دۆللی) یەوە، چاو لە گرفتەکان بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە دۆڵلی بەرهەمی ساڵانێکی زۆر و (٢٧٤) هەوڵدانە، ئەگەر هەوڵە سەرنکەتووەکانی گیاندارێکی وەکو دۆللی هەڵە و نارێکی یەکی تێ بکەوێ، کاردانەوەکەی لە نێو کۆمەڵگەدا زۆر کەم و سوکترە لەوەی لە لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ دا هەڵەیەک ڕووبدا!

بێ گومان ڕوشی داوە، کەبەرهەمی هەوڵدان و تاقیکردنەوەکە، کورپەلە-مرۆڤێکی-شێوا و ناتەواوی لێ کەوتووتەوە. لێرەدا کاردانەوەی کۆمەڵگە- بە هەموو پێکهاتەکانیەوە- زۆر توندتر و دوژمنانەترە، ئەمەش خودی کارکردن و تاقیکردنەوەکان سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە و کار لەسەر ڕێرەوی بەرەوپێش چوونە زانستیەکە دەکات، چونکە زانست بۆ خۆی بەرهەمی زۆری تاقیکردنەوە و سەرنەکەوتنی زۆر لە تاقیکردنەوەکانە.

چۆن پاش هەر سەرنەکەوتن و تاقیکردنەوەیەک زاناکان پەی بە هەڵە و کەم و کورتیەکانی خۆیان دەبەن و لە تاقیکردنەوەی داهاتوودا، خۆ لەم هەڵانە دەپارێزن و هەنگاوێکی تر دەچنە پێش، جا ئەم رێگا لێ گرتن و سنوور بەرتەسک کردنەوانە تاقیکردنەوەی زانستیەکان کەمتر و سەرکەوتنەکان دوورتر دەخاتەوە.

لەبەرگرتنەوە، کارێکی زانستی و وردکارکردنە لەگەڵ (ژمارە) و (قەبارە) و (گەرم و ساردی) و (ماوە) و (شوێن) و (پێکهاتە) و (شل و پەیت)ی و (رەنگ) و (بۆن) و بە لێککردنەوە و تێکەڵکردنێکی هاوکێشەیی جینەکان (١٨). بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیایەکی ورد و هەستیارە کە هەموو ئەمانە پێویستی بە زانایەکی زۆر دەستڕەنگینەکی بێ وێنە هەرەوەزییەکی هەمەلایەی زاناکان هەیە.

ئەم کارە ورد و باریک و زانستیەش بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی سەرکەوتوانە بێ، بە تەنیا جارێک زاناکان ناگەنە ئەنجام و پێویستیان بە دووبارەکردنەوە و گۆڕانکاری کەم و زۆر هەیە. تیۆر و تاقیکردنەوەی زانستیش، گرنگی و هونەرەکەی لە ئەنجام و بەرهەمەکەیدایە! بەرهەمی ئەم جۆرە زانستیەش! بەرهەمێکە کەم و کورتییەکانی ناشاردێتەوە. هەر بۆیە زاناکان ئەو کاتە دەتوانن سەرکەوتنی خۆیان رابگەیێنن، کە دڵنیابن لە تاقیکردنەوەکەیاندا سەرکەوتوو بوون. سەرکەوتنیش بەرهەمی کاری بەردەوام تاقیکردنەوەی زۆر شکست و سەرنەکەوتنی بێ ماندوبوون و پەند وەرگرتنی جار بە جار و دواجار سەرکەوتنی یەکجاریی و جێگیر.

## دووەم:گرفتی ئایینی و یاسایی(١٩):

لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ! بەبڕوای نێوەندە ئایینیەکان، بەم کارە زاناکان دەست لە کاری خودا وەردەدەن. ئەمەش وا دەکات پیاوانی ئایینی و نێوەندە ئایینەکان ڕێگری بکەن و دژی ئەم کارە زانستیە ڕاوەستن!

هەر نێوەندە ئاینیەیەکە، هاندەرە بۆ ئەوەی نێوەندی دەسەڵات و کۆمەڵانی خەڵکیش دژی ئەم کارە بوەستنەوە کە دەڵێن: ئایین، مەبەست هەموو ئایینەکان، بە تایبەت ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی و ئایینی یەهودی، کە نێوەندە بڕیار دەرەکانی ئەم ئایینانە، بە ئاشکرا و بە فەرمی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤیان قەدەغە کردووە، لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا کە نێوەندێکی گەورەی زانستە، کۆنگریسی ئەمریکی هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەیەکی مرۆڤی قەدەغە کردووە، جگە لە سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆکی فەرەنسا و سەرانی وڵاتی ئیسلامیو شێخی ئەزهەریش دکتۆر (محمد سید طنطاوی)ئەویش بەهەموو شێوەیەک لەبەرگرتنەوەی مرۆڤی حەرام کردووە، کە ئەمانە هەموو کار لەسەر ئازادی کارکردنی زانستی و بە تایبەتی زانستی لەبەر گرتنەوەی مرۆڤ دەکەن، چونکە ئەم قەدەغەکردنە ئایینی و یاساییە، دەبێتە هۆی تەرخانکردنی بودجەیەکی کەم دیاری کراو بۆ ئەم زانستە، لە کاتێکدا ئەم کارە زانستیە پێویستی بە سەرمایەیەکی دەوڵەمەند هەیە.

هەروەها گرفتی یاسایی و کۆمەڵایەتیش، دەچێتە پاڵ گرفتە ئاینیەکە و کارە زانستیەکە زەحمەت تر دەکات. چونکە هەڵگرانی باوەڕی قەدەغە کردنی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، توانای ئەوەیان نیە! کەسێکی زیندووی بەرهەمی زانستی لەبەرگیراوە ببینن بە ئازادی لەنێو کۆمەڵگا بسوڕێتەوە سەرەڕای هەموو ئەمانە بە تایبەت پیاوانی ئایینی ئەوانەی لە گرنگی بەرهەمی زانست تێدەگەن و بیر لە خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەکەنەوە، بە جۆرێکی تر لە کاری لەبەرگرتنەوە دەڕوانن و لە هەندێ کات و حاڵەتی دیاریکراو، ڕێگەیان بە لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ داوە، بە تایبەت بۆ ئەو ژن و مێردانەی کە بە ڕێگای ئاسایی منداڵیان نابێ و هیچ ڕێگایەکی تریان لە پێش نیە بۆ ئەوەی ببنە خاوەن منداڵ! هەروەها لەبەرگرتنەوە بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکان ڕێگەپێدراوە. کۆمەڵگاش نابێ لەزانستی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ بترسێ! چونکە ئەم کارە هەرگیز ناتوانێ جێگای منداڵ بوونی ئاساییو ساناو کەم مەسرەفی نێوان ژنو مێرد بگرێتەوە، لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ تەنیا ئەو ساتانە دەکرێ کە دایک و باوک هیچ ڕێگایەکیان لەپێشدا نامینێ جگە لەرێگای لەبەرگرتنەوە، لەبەرگرتنەوەش کۆمەڵگا دروست ناکات، چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگا دەکات و پێویستە ئەم زانستەش لەژێر یاسای بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی دابێت و بەردەوام چاودێری بکرێت.

بەڵام: لە دەرەوەی رێگەپێدان و رێگە پێنەدانی هەموو نێوەندەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگا. زاناکان بەهەر شێوەیەک بێت لەسەر کاری زانستیانەی خۆیان بەردەوامن و رۆژ بە رۆژ پێش دەکەون و سەردەکەون و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ رێگایان لێ بگرێت.

زانایەک، لەسەر زاری هەموو زاناکان رووی لە دژە زانستەکان کردووە و گوتوویەتی: لەمەودا هەر چیما گوت، نەڵێن: نابێ!! زۆر جار گوتتان نابێو دواجار کردمان. بەڵێ، لە ناخۆشترین رۆژگار و لەبەردەمی بە دەسەڵات ترین دەسەڵاتی دژە زانست، گالیلۆکان هەر دەڵێن: زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، ئەگەرچی سروشتی دژە زانستەکان ئاوایە، زۆر درەنگ تێدەگەن و درەنگتریش داوای لێبوردن لە گالیلۆکان دەکەن.

## پێشینەی لەبەرگرتنەوەی زمان!!

تا ئێستا لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە بەسەرکردنەوەی ئەفسانە و ئایین و مێژوو و رووداوە بەردەوام و رۆژانەکان و ئەو کارە زانستیانەی تا ئەمڕۆ کراون، بۆمان روون بوووەوە کە لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، بەر لەوەی زاناکان و لەنێو تاقیگەکان و پشت بەستن بە زانینی نهێنی یە جۆرا و جۆرەکانی نێو جەستەی مرۆڤ و بە تایبەت پاش دۆزینەوەی DNA و GENE و کارکردنی زاناکان لەم بوارەدا ئەو بە تایبەت لەنێو دەقە ئەفسانەییەکان و چیرۆکە ئایینیەکاندا، بەشێوەی جۆرا و جۆر باس لە دروستکردن و لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ کراوە، هەرچەندە دەقە ئەفسانەیی و چیرۆکە ئایینیەکان، گێرانەوەی تایبەتن و زۆر تر هێماکارین بەڵام، ئێمە لامان وایە لەنێو دەق و چیرۆکی هەریەک لە ئەفسانە و ئاییندا، رێژیەک لە ڕاستی و زانست هەیە! بەڵام، هێندە هەیە زمانی گێڕانەوەی هەریەک لەم دووانە-ئەفسانە و ئایین- خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن لە گێرانەوە و باس کردنی بابەتەکان.

هەر بۆیە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا هێندەی ئەنجامەکانمان مەبەستە، هێندە -شێواز و دروست بوون-ی ئەنجامەکانمان مەبەست نییە، بۆ ئەم لێکۆڵینەوە، ئەوە گرنگە لە دەقە ئەفسانەییەکان باس لە دروستکردنی (مرۆڤ) کراوە، هەروەها لە چیرۆکە ئایینیەکانش بەم شێوەیە، ئەم باسکردنەش دەچێتە نێو پێشینە و مێژووی دروستکردن و لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ بەر لە دروستکردن و لەبەرگرتنەوەی بە شێوە زانستیەکەی ئەم سەردەمە.

ئەوەی کە زاناکانی گەیاندووتە، دۆزینەوەی ئەم جینانەی کە بەرپرسن لە زمان و قسەکردن، گەڕانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کەم و کورتی و گیروگرفتانەی لە تەمەنە جیاجیاکانی مرۆڤ، کاری قسەکردن زەحمەت دەکەن، واتە زاناکان بە دوای چارەسەری گیروگرفتەکانی زمان و قسەکردندا دەگەڕێن. کە ئەمە بەشێکی هەوڵ و ئەرکی زاناکانە، چونکە دواجار زاناکان دەبێ بە دوای ئەو هێزانەدا بگەڕێن، کە لەو جینانەدا هەن و هێشتا کاریان پێ نەکراوە و بە کاریان بێنن، هەروەها دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن، کە سنووری بەکار هاتن و بەکارهێنانی ئەو تواناییانە فراوانتر بکەن کە لە نێو جینەکانی زمان و قسە کردندا هەن.

مرۆڤ چۆن فێری زمانێکی دیاری کراو دەبێت؟ ئایا ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەین لەنێو جیناتەکانمادا نووسراوە، یان وەرمانگرتووە؟ لەساڵی ١٩٩٨ دەستەیەکی بەریتانی بەسەرپەرشتی (سایمون فیشە- SIMON FISHER) توانی جینی SPH1 بدۆزێتەوە کە بەرپرسە لەخراپ قسە کردنی بۆ ماوەیی (زەحمەتی دروستکردنی رستە، گرانی گۆ کردن)(٢١) هەروەها لەلێکۆلینەوەیەکی تردا کەلەسەر سێ هەزار منداڵی تەمەن دوو ساڵی ئەنجامدرا، بۆ زاناکان دەرکەوت کە زۆربەی خراپ قسە کردنەکان لەرووی زمانەوە هۆیەکەی جیناتە نەک دەوروبەر..

ئەم لێکۆڵینەوانە دەری دەخەن جیناتەکانی بەرپرس لە (جوان قسە کردن)و (خراپ قسە کردن) ئەوەتان لەنێو جەستەی مرۆڤ خۆی، کە زۆربەی هۆیەکان بەچاکو خراپییەوە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، بەشارەزابوونی زاناکان لەژمارەو کاری جیناتەکان،زاناکان دەتوانن بەسەر زۆرگیروگرفتی زمانو قسە کردندا زاڵ بن، هەروەها دەتوانن ئەم جیناتانە زۆر چالاکتر بکەن لەوەی کە بەسروشتی خۆیەوە کار دەکات، وەک زاناکان دەڵێن : (ئەمانەهەمووی بنەمایەکی خۆی هەیە، کە منداڵ لەفێربوونو وەرگرتنی زمان پشتی پێ دەبەستێ، ئەگەر پێویستی کرد کە زمانێکی نوێ فێرببێ، ئەوا پێویست دەکات، بەشێکی دیاری کراو لەمێشک کار بکات بۆ ئەم کارە(٢١) کەواتە ئەو منداڵەی کەبەئاسانی زمانی دایک و باوکی فێر دەبێت، ئەمە توانایەکی زانراوە!


بەڵام بۆ فێربوونی زماتی تر - وەک زاناکان دەڵێن:- بەشێکی دیاری کراو لەمێشکی بخاتە کار، واتە هێشتا بەشی تر ماون لەمێشکدا کە لەبەشە بەرپرسەکانن لەزمانو قسەکردنو نەخراونەتەکار، ئەگەر ئەم بەشانە هەمووی بەزانایی بخرێنە کار، ئەوکاتە توانای مرۆڤ لەقسە کردنی رەوانو لەفێربوونی زۆر زمان دەگاتە چ ئاستێک؟!

بێ شک نهێنی و توانایەکی زۆر ماوە، لە نێو ئەو جینانەدا کە مرۆڤ هێشتا پەی پێ نەبردووەو دەستی نەگەیشتووەتێ، وەک زۆر نهێنی تری نێو جەستەی مرۆڤ و زۆر نهێنی تر لە نێو ئەم سروشتە و زۆر نهێنی تری ئەم کەونە بەربڵاو و بێ سەرەتا و بێ کۆتاییە.

دەرکەوت دۆزینەوەی تەواوی نەخشەی زنجیرەی بیۆلۆژی جیناتەکان، وەک زاناکان شانازی پێوە دەکەن، بە مانای ئەوە نیە! کەتەواوی جیناتەکانی نێو ئەم نەخشەیە دۆزراوەتەوە! هەر ئەوەشە کە رۆژانە هەواڵی تازە و دۆزینەوەی جینی تازەتر دەبیسین، کە هەریەکەیان لە کارێک بەرپرسن، جیایە لە کار و بەرپرسیاریەتی جینەکانی تر. ئەمانە هەمووی پێمان دەڵێن: جینە کا نی بەرپرس لە زمان و قسەکردن، زۆرن! لە نێو ئەم جینە زۆرانەش زۆر نهێنی و توانای تر هەن. کە دەبێ هەندێک لەو جین و نهێنی و توانایانە، جین و نهێنی و توانایەک بن، بتوانن یارمەتی بەفیربوونی زمان بدەن بە لەبەرگرتنەوە.

لە لاپەڕەکانی پێشووتری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە زۆر شێوە و باسی زۆر کەسمان خوێندەوە کە زیاتر زۆر زیاتر-لە زمانێکیان زانیوە، هەندێکیان بۆ خۆیان توانیویانە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر زمان فێرببن. هەندێکیش بە هۆکاری جۆرا و جۆر بە کتوپڕی فێری زمانێک و زیاتر لە زمانێکی تازە بووینە، کەواتە لە نێو جیناتەکانی بەرپرس لە زمان و قسە کردن، ئەم توانای (زوو فێربوون) و (زۆر فێربوون)ە هەیە و کاری کردووە. هێندە هەیە ئەم توانایە جلە و نەکراوە و بە گشتی نەکراوە، ئەوەی ئێستا لەسەر زاناکانی ئەم بوارە واتە-لەبەرگرتنەوەی زمان -پێویستە جلەوکردن و بە زانستی کردنی ئەم کارەیە، وەک زۆربەی کارەکانی تر. واتە چۆن لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ کرا؟! چۆن لەبەرگرتنەوەی ئەندامی یەدەگی جەستەکرا؟! چۆن زاناکان هەوڵ دەدەن منداڵی تەندروست و منداڵی جوان و هەتا منداڵی زیرەکیش بە لەبەرگرتنەوە بێننە دنیا! ئاواش لەم لێکۆڵینەوەیەدا رێگا بۆ ئەوە خۆشکراوە کە زاناکان، بە سوود وەرگرتن لە زانستی لەبەرگرتنەوە و تایبەتمەندییەکانی جیناتی بەرپرس لە (زمان و قسەکردن) ئاواش لە داهاتووێکی نە چەندان دوور فێربوونی زمان بەهۆی لەبەرگرتنەوە، ئەویش ببێ بە هەواڵێک زانستی و بەرهەمەکانی بچێتە رێزی بەرهەمی ئەو کارە زانستیە سەرکەوتوانەی، کە ئێستا رۆژانە خەڵک لەگەڵیاندا دەژین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە پێشبینی ئەوە دەکات لە داهاتووێکی نزیکدا فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە کارێکی رۆژانەی زاناکان بێ، ئەوەش دەزانی، کە کاری زانستیانەی لەبەرگرتنەوەی زمان، هەر تەنیا کاری زاناکانی بواری زانستی (جیننناسیی) و (بۆماوەییە)، ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە کردوویەتی: ئەنجامگیری خوێندنەوەی ئەو زنجیرە کۆن مێژووی یەیە، کە لە ئەفسانەوە دەستی پێکردووە و تا گەیشتووەتە تاقیگە و وەک کارێکی ئەکادیمی ئەدەبی چاوەڕێی داهێنانێکی زانستی گرنگ دەکات، ئەو چاوەڕێ


HUMAN CLONING:

A special feature by Jennifer Y. Caspe

Would you like to have a living copy of yourself?

This is now possible through human cloning--a controversial new technology that may totally change that way we live . . .

IMAGINE SCIENTISTS taking a tiny cell from your body and using the genetic material in that cell to create another human being that looks, talks, and perhaps, even thinks like you do. This is the idea behind human cloning.

If you've watched the movie "Multiplicity," you probably have an idea what human cloning is all about. In that movie, actor Michael Keaton plays a burnt-out workaholic who is genetically triplicated so that he can have more time to juggle the demands of his career and family.

A scientist gets Keaton's genetic make-up through his blood sample and goes on to produce flesh-and-blood Keaton look-alikes using a metal gadget that looks like a giant cookie mold. Keaton then has a field day, while his three copies go around attending duties for him.

Well, what was once a product of science fiction and movie magic may now turn into reality. (Uh, sort of.)

MARCH 1998 33

کردنەش لە ئەنجامی ئەو بەراورد و پێکگرتنە ئەفسانەیی و زانستیانەیە کە تا ئێستا سەرکەوتوون و بوون بەواقیع، واتە ئەگەر تا ئێستا لە (ئەدەبی خەیاڵی زانستی) و (چیرۆکی خەیاڵی زانستی)دا دەنووسراو، دەخوێندرایەوە، ئێستا دەتوانین ناو لەم لێکۆڵینەوەیە بنێین: (لێکۆڵینەوەی پێشبینی زانستی) و ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بێ شک گوڕ و تینێکی زۆرتر دەدەن بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی زانستی و داهێنانی نوێ.

ئەو پێشبینەیەش تایبەت نیە! تەنیا بە دروستکردن و لەبەرگرتنەوەی مرۆڤو فێربوونی زمان بەلەبەرگرتنەوە زۆربەی هەر زۆری داهێنراوە زانستیەکان، ئەوانیش بەشێوەیەک لە شێوەیەکان لەم جۆرە پێشینەیان هەیە، لە نێو دەقە ئەفسانەیی و چیرۆکە ئاینیەکاندا.

سەیرکە، ئاوێنەی دنیا بین، یان ئەوەی پێی دەگوترێ (جامی جەم) کە لەنێو دەقە ئەفسانەییەکاندا، زۆر باسکراوە، ئەوە هەیە لە ئەفسانەدا یەک دانە هەیە و ئەویش تەنیا پاشا دەبێتە خاوەنی پاش ئەوەی پاڵەوان بە دەستی دێنێ، ئەم ئاوێنەی دنیا بینە، لە ئەفسانەدا ئاوای باس دەکات، ئەم ئاوێنەیە هەر کەسێک سەیری بکات و بیەوێ هەر کەس و هەر جێگایەکی دنیا ببینێ، ئەوا لەم ئاوێنەیەدا دەیبینێ، دەمێکە زانست بە زۆر شێوە ئەم ئاوێنەی بەدەست هێناوە، هەموو ئەم ئامێرانەی کە هەواڵی دوورت پێدەگەینن و شوێنی دوورت نیشان دەدەن، وەکو ڕادار و تەلەفۆن و مۆبایل و سەتەلایت و ئەنتەرنێت، جۆرێکن لەم ئاوێنە دنیا بینە، هێندە هەیە، لەئەفسانەکان هەر تەنیا پاشاکان خاوەنی ئەم ئاوێنەیە بوون، لە چیرۆکە ئاینیەکانیشدا، بەپێی دەقە ئاینیەکان تەنیا پێغەمبەر و پیاوە ئیماندارەکان، لە سایەی بەرجوو کەرامەتەوە، دەیانتوانی و دەیانزانی، هەواڵ و ڕووداوی دوور بزانن و ببینن، بەڵام، لە سایەی دەستبڵاوی زاناکان ئەمڕۆ زۆربەی هەر زۆری خەڵک لە ماڵی خۆیان خاوەنی ئەم ئاوێنە دنیا بینەن و هەر دەمێک و هەر جێگایەکی بیانەوێ، دەتوانن ببینن و بزانن کەچی ڕوودەدات.

هەر بەم جۆرەیە، دەتوانین، ئامێرە ئەفسانەیی و ئاینیەکان لەگەڵ بەرهەمە زانستییەکان پێکبگرین، بۆ نموونە:

چەرخ و فەلەکی نێو ئەفسانە، هەمان هیللۆکۆپتەری ئێستایە، بەرماڵی فرین، هەمان پەڕەشوتی بەردەستە، تەشتی جل شۆری نێو ئەفسانە، هەر ئەو جل شۆرەی نێو ماڵە.

ئەمەش ئەگەر واقیعیەتی ئەفسانەمان بۆ دەسەلمێنێ و ئەفسانە لە پێناسەی خەیاڵی و پروپوچی دوور دەخاتەوە! بەو مانایەش نیە کە ئەوەی زاناکان کردوویانە کارێکی ئاسانە و زاناکان دەقا و دەق لە ئەفسانە و چیرۆکە ئاینیەکانیان وەرگرتووە!

نا نەخێر....ئەوە زاناکانن کاری ئەستەم و ئەفسانەیی دەکەن و ئەو خەونە لە مێژینانە و هیوا و خواستە زۆرانەی مرۆڤ یەک یەک بەدەست دێنن. هێندە هەیە دەبێ ئەوە بزانین، چ ئەفسانەکان وەک خەیاڵێکی بەرز و چ کارە زانستیەکان وەک زانین، هەردووکیان بەرهەمی عەقلی مرۆڤن و هەریەکەیان لە سەردەمێکدا بەرهەمی هێناون و بەکاری بردوون و سودی لێ بینیون ئەگەر زانست ئێستا سەرمایەیەکی بەرزی مرۆڤایەتیە و ڕۆژ بە ڕۆژ پێش دەکەوێ، ئەوا ئەفسانەش لە سەردەمی خۆیدا بەرزترین و گرنگترین و دەوڵەمەندترین ئاستی داهێنانی عەقلی مرۆڤ بووە، هەر بۆیە ئەوەی کە لە نێو ئەفسانەکاندا باس دەکرێن، مرۆڤ دەتوانێ سوودیان لێ ببینێ و لە ژیانی ئێستا و داهاتووی خۆی دا لێکۆڵینەوەیان تێدا بکات و بیانکات بە واقیع. زاناکانیش دەمێکە هەر ئەم کارە دەکەن، کەواتە زانیاریەکانی نێو ئەفسانە نامانگەڕێنیتەوە دواوە! بەڵکە بەرەو پێشەوەمان دەبەن، ژیانمان بێ مانا ناکەن! بەڵکە خۆشتری دەکەن، ئەگەر بە زانابیەوە لە ئەفسانەکان بکۆڵێنەوە، گوتومانە: (زانا ...ئەفسانە دەکات بە زاسنت، نەزان... زانستی لی دەبێ بە ئەفسانە).

لە نێوان ئەفسانە و ئاینیشدا لە سەرەتاوە وەک یەکی وتێکەلیەک هەیە. وەک دەڵێن: (دیارە لێک کردنەوەی ئەفسانە و ئایین و بۆ سەرەتا و سەرهەڵدانیان کارێکی ئاسان نیە! چونکە مرۆڤ لە ئەوەلەوە بە عەقلێکی ئەفسانەیی بیری لە خوداوەند کردووەتەوە بە پیرۆزی ئاینیش لە هێزە ئەفسانەییەکانی دەڕوانی)(٤).

هەر بۆیە ئەم دەقە ئەفسانەیی و ئاینیانە، بەشێکی گرنگ و دەوڵەمەند و پیرۆزی سەرمایە و میراتی مرۆڤایەتین،مرۆڤ بەردەوام بەرهەمی هێناون و تیاندا ژیاوە و بەرهەمیان دێنی و تیاندا دەژی.

ئەوەی ئاشکرایە بە گشتی زۆر هیوا و خەیاڵی لەمێژینەی مرۆڤی نێو ئەفسانەکان، دەمێکە زاناکان لە سایەی زانستەوە کردوویانن بە ئامێری بەردەست و ئاسایی و ئێستا ئێمە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنن. لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ و لەبەرگرتنەوەی زمانیش بەشێکن لەو کارە ئەفسانەییانەی کە زانست ئێستا خەریکە دەیکات بە واقیع و لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە سایەی سەرکەوتنی زاناکان و سودی زۆری لەبەرگرتنەوەکان، ترس و دوودڵیەکانمان دەڕوێنەوە و مرۆڤێک لە تەک خۆماندا دەبینین کە بە لەبەرگرتنەوە هاتووتە دنیا و مرۆڤێکی تر بە زمانێک قسەمان لەگەڵدا دەکات، کە بە لەبەرگرتنەوە فێری ئەو زمانە بووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەک پێشتر باسمان کرد، سەرەتای دروستکردن و لەبەرگرتنەوەی مرۆڤمان لە ئەفسانەدا باس کردوو بە کارەکانی نێو چیرۆکە ئاینیەکاندا تێپەڕێن و واقیعە جۆرا وجۆرەکانمان بەسەرکردەوە و هاتین لەبەردەم تاقیگەکان وەستاین و سەیری کارە زانستیەکانی زاناکانمان کرد.

زاناکان (DNA) یان دۆزیەوە، گوتیان: لاپەڕەی یەکەمی کتێبی پڕ نهێنی ژیانی مرۆڤمان دۆزیەوە، هێندەی نەبرد و زۆر لەوە زووتر کە چاوەڕوان دەکرا، زاناکان دواجار (ڕایانگەیاند توێژەرانی گەڕاو بە دوای نهێنی بیۆلۆژیەکەی نەخشەکانی یەک بەدوای یەکی جیناتی مرۆڤ، توانیان بە دوو ساڵ پێش ئەو ماوەیەی کە بڕیار بوو، نەخشەکە تەواو بکەن)(٢٥) لەنێو ئەم نەخشە تەواوکراوە ڕۆژ بە ڕۆژ زاناکان، نهێنی وردتر و گرنگتر دەدۆزنەوە، هەر زاناکان دەڵێن: (وابزانین توانیان دەست لەسەر ئەو بۆماوەییە سەرەکیە دابنێن، کە وای لە مرۆڤ کرد گرەو لە هەموو گیانلەبەرەکانی تر بباتەوە، بەوەی کە ئەوهێزەی دەستکەوێ کە توانای قسەکردنی پێداوە، ئەو بۆماوەییەی کە جیاوازیەکی زۆر کەمی لەگەڵ هاوشێوەی مشک و مەیموون دا هەیە)(٢٥)، هەر زاناکان دەڵێن: گۆڕانێکی زۆر کەم، بەڵام؛ سەرەکیە لە یەکی لە بۆماوەییەکان، کە یارمەتی ئەوەمان دەدات، ئەوە بزانین بۆچی مرۆڤ دەتوانێ قسە بکات! بەڵام، مشک و مەیموون ناتوانن). ئەمەش ئەوجینەیە کە بەرپرسە لەوەی کە مرۆڤ بتوانێ قسان بکات، ئەو زانایانە کە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا دەژین دەڵێن: (ئەو بۆماوەیە لە رووی زانستیەوە بە فۆکس ب ٢ (FOXP2) دەناسرێ و بەرپرسە لەجولەی پێویستی روو و هەردوو کارێژ کە بۆ قسە کردن پێویستن)

ئەو زانایانە لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە گۆڤاری (نیتشەر)دا بڵاویان کردووتەوە: (ئەو بۆماوەیە یان (جین)ە لە مرۆڤدا زۆر لە جینی هەندێک گیانلەبەری وەک مشک و مەیموون دەچێ، بەڵام گۆڕانێکی سادە لە مرۆڤدا ڕوویداوە بەر لە ١٢٠-٢٠٠هەزار ساڵ بەر لە ئێستا)(٢٥) کاری ئەم جینە و گۆڕانەی کە لە مرۆڤدا ڕوویداوە و کە زانایانی بۆماوە باسی دەکەن، لەگەڵ زانایانی زمان یەک دەگرێتەوە، کە دەڵێن: (زمان لە نێوان ١٥٠،٠٠٠ ساڵ تا ٣٠،٠٠٠ ساڵ پێش زاین دروست بووە) ئێستا زاناکان بۆیان دەرکەوتووە، هەر کاروچالاکیەکی جەستەیی و هەستەیی مرۆڤ جینێک یان چەند جینێک لێی بەرپرسە. هەر لەم بارەوە (فۆلفغانغ ئینهار) زانای جینات لە پەیمانگای (ماکس بلانک) بۆ زانستی گەشە و گۆڕان لە شاری (لاینبرگ)ی ئەڵمانی لە ڕاگەیاندنێکی زانستیانەدا بۆ ڕۆژنامەکان گوتی: (ئەو جینە مەرج نیە بەرپرس بێت لەوەی کە قسەکردن ڕووبدات، بەڵکە ئەو یەکێکە لەو بۆماوەیە زۆرانەی بەرپرسن لە زمان و قسەکردن، ئەوەی کە لەرووی زانستیەوە کارێکی ئاڵۆزە) ئەوەی گرنگە لە قسەکانی ئەم زانایە، باسی زیاتر لە جینێک دەکات، کە بەرپرسن لە (زمان و قسەکردن) کە ئەم دووانەش هەریەکە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

زمان پێکهاتووە، لە (پیت) و (وشە) و (دەستوری زمان) و (دەنگ) و (مانا) کەچی قسەکردن، بەکارهێنانی زمانە بە دروستی بەهۆی ئەندامەکانی قسەکردن لە مرۆڤ. بریتیە لە بیرکردنەوە و دروستکردنی مانا و دەربرینی ئەو مانایە بەهۆی وشە دروستکردنی ڕستە بە یارمەتی دەستووری زمان بە دەنگکردنی هەموو ئەمانە و گەیاندنی بە کەسی بەرامبەر بۆ تێگەیشتنی بیرۆکەکە، دیارە کە (قسە کردن و زمان) ئەم هەموو لق و پۆپەی لێ ببێتەوە، دەبێ جینە بەرپرسەکانی لە یەک (جین) زیاتر بن، ئەوانەی کە بەرپرسن، لە هەموو قۆناغەکانی (زمانو قسەکردن) هەر لە داکردنی زمان وەک کەرەستە و هەتا بەکارهێنانی بە دروستی، بۆیە هەموو ئەوجینانەی کە تا ئێستا ژمارەیان نازاندرێ-پێکەوە بەرپرسن، لەوەی کە مرۆڤ (زمان)ی هەیە و دەتوانی (قسان بکات) دەریش کەوتووە ئەم توانایە، هەر تەنیا لە سنووری زانینی یەک زمان نەماوەتەوە، بەڵکە زۆر توانای تر هەن، لە دەوروبەری زمان و قسە کردندا، کە هەندێکیان زانراون و هەندێکیشان هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

## لەبەرگرتنەوەی زمان:

ئەگەر بە وردی سەرنجی سەرهەڵدانی بیرۆکەی لەبەرگرتنەوە بدەین و بە دوای گەشەکردن و پێگەیشتنەکەیدا بچین، لە ئەفسانەوە تاکو نێو تاقیگەی زانستی ئەمڕۆ، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمڕۆ هیچ (شت) و (هزر) و (زانست) و (هونەر)ێک نیە، لەخۆەو کتوپڕ ڕووبدات، هەتا ئەوانەی کە تا ئێستا هەموو لایەک بەکار (کتوپڕ)یی ناودەبەن، ئەوەی کە ئێمە بە کتوپڕ ناوی دەبەین، کتوپرییەکە لەوەوە دێت، کە ئاگاداری و زانیاری ئێمە بۆ ئەو شتانە لە کتوپڕە و پەیدا دەبێ و هەستی پێ دەکەین و ئاگاداری پێشینە مێژووییەکەی ئەم کارە کتوپڕە نینو پێکهاتە زانستییەکەی نازانین، هەروەختێک زاناکان و لیکۆڵەران، بەدوای دادەچن و (نهێنی)یەکانیان ئاشکرا بکەن، دەردەکەوێ، لە دەرەوەی (ئاگاداریی) و (زانیاریی) ئێمە، ئەو کتوپڕە پێشینەی مێژوویی خۆی هەیە، مێژووی (سەرهەڵدان) و (گەشەکردن) و (پێگەیشتن) و ئێمە ئاگاداری قۆناغی (سەرهەڵدان) و (گەشەکردن)ەکەی نین، هەر تەنیا لە پڕ هەست بە (پێگەیشتن)ەکەی دەکەین و پێی ئاشنا دەبین و بە (کتوپڕ) ناوی دەبەین و سەرسام دەبین!!

سەرسامیەکان هی دوو شتە:

**یەکەم:** لە پڕ کارێکی مەزن و تەواو دەبینین.

**دووەم:** ئاگامان لە قۆناغی (سەرهەڵدان) و (پێگەیشتن)ی ئەو شتە نیە و لەڕووی (زانستی) و لە زۆر ڕووەوە بۆمان شیناکرێتەوە توانای (عەقل-زانست) ی ئێمە لە تەک لە (ناکاو) و (کتوپڕ) یەکە (بە سەرسامی) گیر دەخوات. بەڵام، هەر کاتێ زاناکان (پێشینە) و (پێکهاتە) و (هۆکار)ەکانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، ئەوا بەهۆی زانینی (نهێنی) مێژوویی و پێشینە و پێکهاتە و هۆکارەکان دەزانین، (سەرسامی) و (کەم زانیاری)یەکەمان نامێنێ و دەگەینە حاڵەتی (ئاگاداری) ئاگاداری گشتی و ئەو (شتانە)ی کە سەرسامیان دەکردێن، ئیتر بەرە بەرە دەبن بە شتی ئاسایی. عەرەب حیکمەتێکی جوانیان هەیە دەڵێن: (ئەگەر هۆکارەکەت زانی! سەرسامیەکەت نامێنێ).

**نموونە:** زانای کۆمەڵناسی عێراقی (دکتور عەلی وەردی) لە بارەی هاتنی کارەبا یەکەمجار بۆ عیراق و لە بارەی سەرسامی و لێکدانەوەی خەڵکەکە کە دنووسی: (ئەو خەڵکە لەبارەی گلۆبە کارە باییەکانەوە)، لە نێوان خۆیان ببوونەچەند دەستەیەکی لێک جیا، دەستەیەک لەسەر ئەو ڕایەبوون کە کارەبا دەستکردی جنۆکەکانەو ئینگلیزەکان توانیویانە جنوکە دەستەمۆ بکەنو بۆ خۆیان بەکاریان بێنن)(٨) ئەمە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧وە بوو، بەڵام دواتر کە کارەبا بەرە بەرە لە شەقامەوە خشیە نێو ماڵەکان و خەڵکەکە بە کاریان هێنا! ئەو (سەرسامی) و (جنۆکەکار)یە نەما و بوو بە کارێکی ئاسایی و ئێستا کەس نەماوە لە بەغدا کە کارەبا بەکاری جنۆکە بزانێ!! ئێستا نەوەکان پێکەنینیان بە (عەقل) و(سەرسامی) یەکەی باوکەکانیان دێ و وەک (نوکتە)یەک بۆ پێکەنین دەیگێرنەوە.

**نموونەیەکی تر:** مامۆستا عەلا ئەدی سجادی، لە ڕشتەی مرواریدا دەنووسێ: کە تازە سەیارە داهاتبوو، لۆریەک و قەمارەیەکی بچوک دەچنە گوندێک، خەڵکەکە کە یەکەم جار بوو سەیارە ببینن یەکێکی گەورە و یەکێکی بچوک، دەڵێن: ئەم دوانە دایک و فەرخەنە و تەشتی ئاو و باری گیا یان لە پێش دادەنێن.

ئەوان کە تا ئەودەم، بۆ (کار) و (سوار) یان هەر کەر و ئەسپ و ماین و هێستریان دیبوو بە کارهێنابوو، هەر بۆیە کە ئەمانەش واتە (لۆری) و (قەمارە)ەکە بۆبارو سواری بەکارهاتوون، لە گەورە و بچوکیش ئەوا دیارە دایک و فەرخەن هەر دەبێ وەک کەر و ماینیش ئاو و گیا بخۆن!



بەڵام، ئێستا دوورترین گوند و شوان ترین کەس، پێکەنینیان بەم تەشتە ئاو و باوشە گیایە دێت و ڕۆژانە سواری سەیارە دەبن.

ئەم نموونانە بۆ ئەو بەڕێزانەیە کە ئێستاش بۆ کاری لەبەرگرتنەوە، هەر لە قۆناغی جنۆکەی بەغدادا و تەشتە ئاوو و باوشە گیای گوندەکان دەژین. دڵنیام لە دوارۆژێکی نزیکیدا دوست و برادەری لەبەرگیراوەمان دەبێ و پێکەوە پیاسە دەکەین! لەگەڵ کەسانێکیش گفتوگۆ دەکەین کە بەلەبەرگرتنەوە فێری زمان بوون. بەڵام! هەموو لایەکمان، هەتا زاناکانیش هێشتا لەم (ژیان) و (کەون)ە زۆر شت ماوە سەرسامان دەکات، کەچی! بەردەوامی ژیان و بەردەوامی پێشکەوتنی زانست، بەرەبەرە، ئەو سەرسامییە کەم دەکاتەوە، دیارە دەبێ ئەوەش بزانین: کە هەموو (نهێنی) و (شتە سەرسوڕهێنەرەکان) و شتە (کتوپڕ)ەکان، بەیەک شێوە زانست و بەیەک جۆری ڕێبازی لێکۆڵینەوە، ئاشکرا ناکرێن‌و سەرسوڕمانییەکەیان لەنێو ناچێ،بۆیە پێویستە مرۆڤ، بۆ هەندێک لەم (نهێنی) یانە زانست‌و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی خۆی بگۆڕێ و بەدوای زانستی تازەتردا بگەرێ، چونکە زاناکان دەڵێن: (هەندێک لە زانستە تازە داهاتووەکان مانای ژیان دەگۆڕن!)

هەر بەم پێودانگە، بەرهەمی لەبەرگرتنەوە! دواجار تێڕوانینە کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێ.

وەکو پێشتر باسکرا، لەبەرگرتنەوەش، مێژوو و پێشینە و پێکهاتەی خۆی هەیە، کە لێرە پێشینە مێژووییەکەی بەم شێوە کورت دەکەینەوە، کە لە سەرەتاوە لە ئەفسانەو ئایینەوە دەستی پێ کردووە و بە مێژوو و واقیعەوەدا هاتووە و گەیشتووەتە تاقیگە.

## لەبەرگرتنەوە:

**-گیاوگوڵ، دار و درەخت ، کرم و زیندەوەر، گیانلەبەر، مرۆڤ.**

**لە مرۆڤیشدا بەم شێوەیە پەرەی سەندووە:**

**-لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ (مرۆڤی تەواو)، لەبەرگرتنەوەی (ئەندامی جەستە-وەک یەدەگ، لەبەرگرتنەوەی هەستەکان (وەک بینین و قسەکردن و تادوایی) ، لەبەرگرتنەوەی (جوانی و زیرەکی و تەمەن درێژی و ....تا دوایی).**

هەموو ئەم کارانەش لە سایەی دۆزینەوە (ترشەلۆکی بۆماوەیی کە بە (DNA) ی ناسراوە و هەروەها (جین-GENE)ی بەرپرس لە کارە هەستیە جیاجیاکانی مرۆڤ، یەک لەو جینانەیان جینەکانی بەرپرس لە (فێربوونی زمان و قسە کردن)ە، ئەگەر لەنێو بەرهەمە زانستیەکانی ئەم بوارەدا، بەدوایی نموونەدا بگەڕێین، ئەوا دەبینین ! منداڵی لەبەرگیراوە ئەوەتا لە ئیسرائیل دەژی، ئەندامی لەبەرگیراوە، ئەوەتا بە جەستەی فڵانە کەسەوەیە.

بەپێی ئەو لۆژیکی پێشکەوتن کارکردنەی زاناکان، ئەوا لەبەرگرتنەوەی (زمان)یش بەرێوەیە، بەتایبەت کەجینە بەرپرسەکانی (زمان و قسەکردن) دۆزراونەتەوە و (نهێنی)یەکە ئاشکرابووە-بۆ زاناکان-زاناکانیش هەر وەختی نهێنی و پێکهاتەی جینێکی بەرپرسیان زانی لە جەستەی مرۆڤ! ئەوا ئەو نهێنی کارکردنە بۆ دوو لایەن بەکاردێنن:

**یەکەم:** وەکو چارەسەری ئەگەر نەخۆشییەک کەم و کورتیەک لەو (ئەندام-جین)ەدا هەبێ.

**دووەم:** بۆ بەهێزکردنی ئەو (جین-ئەندام)(٢٠) لە کاری بەرپرسیاریەتەکەی خۆی.

هەر بەم هۆیەشەوە زاناکان دەتوانن: جینەکانی بەرپرس لە(زمان و قسەکردن) بۆ (زوو فێربوون) و (زۆر فێربوون)ی زمان بەکاربێنن و وابکەن کە مرۆڤ، زمانی زۆرتر فێر ببێ و زووتر لەماوەی خۆی فێرببێ، کە ئەمەش هەر لە نێو بازنە و یاسای (لەبەرگرتنەوە-الاستنساخ-CLONING)ە و واتە ئەگەر دەتوانن، مرۆڤێک بەکار بێنن بۆ ئەوەی زۆر کەسی تر لە شێوەی ئەو مرۆڤە دروست بکەن، ئەوا بە هەمان لۆجیکی زانستیش دەتوانن، ئەگەر مرۆڤێک توانای ئەوەی هەیە زمانێک بزانێ و قسەی پێ بکات، ئەوا بەهۆی لەبەرگرتنەوەی زمان، دەتوانن هەر ئەو کەسە وا لێ بکەن کە لەزمانێک زۆرتر فێر ببێ وبتوانێ قسەیان پێ بکات.

- لەبەر گرتنەوەی گیان (ڕۆح)، گیان ڕۆح تائێستا پێناسەیەکی جێگیرو یەکگرتووی بۆ دانەندراوە، بەڵام! لەسادەترین پێناسەدا دەتوانین بەزیندوویێتی جەستە- ناوی ببەین، هەربۆیە لەگەڵ لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ! ئەگەر لەبەر گرتنەوەکە سەرکەوت، ئەوا لەگەڵ ئەم مرۆڤ (گیان) یش بەرکاری لەبەرگرتنەوە کەوتووەو ئەویش وەک بەشێک لەپێکهاتە جەستەییەکە لەبەرگیراوەتەوەو بەرهەمهاتووە، بێ ئەوەی کاری لەبەرگرتنەوە بەتەنیا بۆ لەبەرگرتنەوەی (گیان) بکرێ، کەواتە سەرکەوتنی لەبەرگرتنەوە بەبوونی - گیان- بەندە! بێ گیانیش جەستە جەستەیەکی مردووە.

هەربەم لۆژێکە، وەختێ زاناکان مرۆڤێک لەبەردەگرنەوە، کە کارەکە سەری گرت،واتە مرۆڤێکی تەواو هاتە بەرهەم، ئەوا ئەو مرۆڤە هەموو ئەندامەکانی جەستەی تەواوەو هەموو هەستەکانیش تەواوەو کار دەکەن، لەنێویاندا (زمان) یش کاری خۆی دەکات! بەبێ ئەوەلەسەرەتاوە بۆ - زمان‌و قسەکردن- کار کرابێ.


کەواتە مرۆڤی لەبەرگیراوە، زمانیشی لەبەرگیراوەتەوە، هەربەم پێ‌و دانگە زاناکان دەتوانن کار لەسەریەک یەکی ئەندامە جەستەییەکان و یەک یەکی هەستەکان بکەن، بەهەستی قسەکردن‌و (جین -GENE)ی بەرپرسیشەوە لەزمان‌و قسەکردن. ئەم تایبەت کارکردنەش دەبێتە هۆی بەهێزتر کردن‌و فراوانترکردنی سنووری سروشتی ئەندام‌و هەستەکانی جەستە، دواجار ساغترکردن‌و بەهێزترکردنی تەواو هەست‌و ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ! دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم (مرۆڤ)ە ببێت بەمرۆڤێکی تر.

١-سەرچاوەی لەبەرگرتنەوە:

٢-لەبەرگیراوەکان:

٣-لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ:

٤-لەبەرگرتنەوەی زمان:




ئەگەر لەبەرگرتنەوەی زمان دەچێتە خانەی لەبەرگرتنەوەی هەست و نەستەکان، دیارە لەگەڵ لەبەرگرتنەوەی (مرۆڤی تەواو) هەموو هەستەکان بە -گیان -یشەوە وەک هەموو ئەندامە جەستەییەکان لەبەرگیراونەتەوە و کاری ئاسایی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوە لێرەدا مەبەستیەتی، لەبەرگرتنەوەی فێربوونی زمانە بۆ بەهێزتر بوونی زمانەکان و زۆرتر بوونیان لەیەک کەسدا.

## -جلەو کردنی (جین)ی بەرپرس لە فێربوونی زمان (٢١):

نموونەکانی رابردوو باسی ئەوەیان بۆ کردین کە (مرۆڤ) بەهۆی جۆرا و جۆری وەک (ئیرادە-خواست)ی خۆی و (خەواندن) و (شۆک) و (نەخۆشی گران) و هەندێ جاریش بەبێ هۆیەکی دیار و زانراو، فێری زمانی تازە و کۆن دەبێت، کە پێشتر هیچی لێ نەزانیون! وەک زمانی زیندوو و زیندووی دوور زمانی مردوو و مردووی دوور و فێربوونی ئەلف و بێی نووسین و بە زوویی و بە زۆری. هەروەها زاناکانی (جیناسیی و بۆماوەیی)یش دەڵێن: بۆ زمان و قسەکردن لە نێو جەستەی مرۆڤدا جین یان چەند جینێکی بەرپرس هەیە، کەوا دەکەن مرۆڤ زمان بزانێ و قسە بکات.

دیارە هەر ئەو جیننانەش کە بەرپرسن لە زمان و قسەکردن لەمرۆڤدا، لەم چیرۆک و ڕووداوانە هۆکارەکان کاریان لەم جینانە کردووە و ئەم کارکردنە بووەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤە (شۆک) لێدراوەکە زمانی تازە فێربێت، ئەم نموونانەش لە ڕووی مێژووییەوە کۆنن و لە ڕووی ژمارەوە زۆرن، هەر بۆیە ئەم (کۆن) ی و (زۆر)یە، بۆ ئەوە دەشێت بەپێی (لۆجیک) لە نێو هەموویاندا بە دوای سیستەمی کارکردنی جینەکانی بەرپرسدا بگەڕێین و بڵێین: ئەگەر (ریککەوت-صدفە) و (شۆک-صدمە) زۆر جار و لەزۆر سەردەم وشوێن وایان لە مرۆڤ کردووە، لە پڕ زمانێکی نوێ فێر بێت، ئەوا ئەو زمان فێربوونە بەهۆی کاریگەرییە کتوپڕەکانە کە کار لە جینەکان دەکەن و جینەکانیش کاردانەویان -فێربوونی زمان-ە تازەکەیە. کەواتە بەردەوام-ییەکی کارکردن هەیە بەهۆکاری جیا جیا، کە کار لە مرۆڤ =جین-ی بەرپرس لە زمان و قسەکردن-دەکات-و-کاردانەوە-ی بەردەوام فێربوونی زمانی لێدەکەوێتەوە، زمانی نوێی

## ڕووداوی ژیان:

**-مرۆڤم شۆکی ڕێککەوت، فێربوونی زمانی نوێی کتوپڕ-بەزوویی**

**ئەگەر ئەم –ڕووداو-ە سروشتیە بکەین بە کارێکی زانستی ئەوا بەم شێوەیەی لێدێت:**

**کارێکی زانستی:**

**مرۆڤ=جین+شۆکی زانستی=فێربوونی زمانی خواستراو بەکتوپڕ.**

کەواتە زاناکان دەتوانن، بەشێوەیەکی زانستی، ئەو ڕێککەوتە زۆر جار دووبارە بۆوانە، بکەن بە کارێکی (جلەو-کۆنترۆڵ) کراو و بۆ هەمان مەبەستی (فێربوونی زمان بە کتوپڕ) وەک بەشێک لە کاری زاستی لەبرگرتنەوە، بۆ فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە و بە جلەوکراوی بەکاری بهێنن و بەردەوام و لە کاتی پێویستی کەسانێکی ناسراو فێری زمانێکی دیاریکراو بکەن.

واتەو (جین) ی بەرپرس لە فێربوونی زمان و قسەکردن، هەتا ئێستا بە ڕێککەوتی دووبارەبووەوەی وەک یەک، کاردانەوەی دووبارەبووەوەی وەک یەکێ لێ هاتووتە بەرهەم. زاناکان بەناسینی (جین)ی دیاریکراو و بەرپرس و زانینی جۆری کارکردنی کاردانەوەکەی، دەتوانن -کۆنترۆڵ-جلەو-ی ئەم جینە بگرنەدەست و زانایانە و سەرکەوتووانە بەکاری بێنن و بگەنە هەمان مەبەست، مەبەستی فێربوونی زمان بەشێوەیەکی کتوپڕ. واتە گواستنەوەی -ڕووداو-ەکان لە کاری -سروشتی-یەوە بۆ -کاری زانستی- و ڕزگار بوون لە نەزانینی -کات و شوێن و کەس و زمان- فێربوو! بۆ دەستنیشانکردنی -کات و شوێن و کەس و زمانی-فێربوون. ئەم زانستەش دەتوانێ کارێک جلەو بکات، کە داهێنانێکی زانستی گەورەیە و دەبێتە هۆی گۆڕان و پێشکەوتنێکی زۆر لە توانا و لێهاتوویی تاکەکانی مرۆڤی کۆمەڵگا و دەچێتە تەک کارە زانستیەکانی تری مرۆڤ خۆی و بۆ خزمەتی خۆی بەکاری دێنێ‌و ژیان دەچێتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو تر لەئێستا..

ئەگەر سەیری کۆمپیتەر بکەین، ئەوا ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیە، لە زیرەکی و وردەکاریدا نزیکترین ئامێری تەکنەلۆژیایە لە مرۆڤ! بە تایبەت لە کاری مێشکی مرۆڤ-ئەوا ئەو ئامێرە ورد و زیرەکە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ زمانی تازەی بۆ دابەزێندرێ و ئەم ئامێرە فێری ئەم زمانە نوێیە ببێ و کاری پێ بکات، ئەمەش هیوایەک و پشت ئەستووریەکی ترە بۆ سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دەکرێ (مرۆڤ)یش وەکو (کۆمپیوتەر) بە لەبەرگرتنەوەی زمانی تازە فێرببێ، فێربوونێک بە کتوپڕی و بە دەستوورەوە.

## ئەنجامەکان:

١-زاناکان لە کاری (لەبەرگرتنەوە) و جۆری لەبەرگرتنەوەکان، بەم ماوە کەمە قۆناغێکی زۆریان بڕیوە و هەر بەردەوامیشن، کە چاوەڕوانی زۆر کاری تریشیان لەم ڕووەوە لێ دەکرێ، لە داهاتوویێکی نزیکدا داهێنانی زۆرتر بکەن.

٢-هەر لە بواری (لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ) خۆیی و کارکردن لەسەر ئەندامە جەستییەکانی مرۆڤ و ورد و باریکی پێکهاتەی ئەو جەستەیە، زاناکان سەرکەوتنی زۆریان بەدەست هێناوە، چاوەڕوانی دەکرێ کاری گرنگتر و سەرکەوتنی زۆرتری لەبەرگرتنەوە هەر لە جەستە و پێکهاتە جۆرا و جۆرەکانی جەستەی مرۆڤ بەدەست بێنن.

٣-بۆ لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، زاناکان دەڵێن: کتێبی نهێنی مرۆڤمان دۆزیوەتەوە، کە مەبەستمان (DNA) و بۆ هەر ئەندام و هەستێکیش (جین-GENE)ێک دەدۆزنەوە و لە سایەی ئە جینانە کار لەسەر ئەو ئەندام جینە دەکەن، بۆ زمان و قسەکردنیش جینی بەرپرس و نهێنی کارکردنیان دۆزیوەتەوە، هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێ، لەسەر توانای زمان زانین و قسەکردن زۆر جۆر کار بکەن، یەکێ لەو کارە گرنگانە (فێربونی زمانە بەهۆی لەبەرگرتنەوە).

٤-چۆن لە کاری لەبەرگرتنەوە جۆرا و جۆرەکانی تر زاناکان سەرکەوتن و بەرهەمیان لەبەر دەستە، هەر بەم شێوەیەش چاوەڕوان دەکرێ زاناکان لە لەبەرگرتنەوەی زمانیش سەر بکەون و بەرهەمیان لە ژیاندا سوودی لی ببیندرێ.

٥-لە داهاتوویێکی نزیک فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە دەبێتە کارێکی ئاسایی و خەڵک بە گشتی سوودی لێ دەبینن، هێندە هەیە ئەم (لەبەرگرتنەوەیە بۆ هەموو کەس وەک یەک نابێ)، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەموو خەڵک لە ڕووی توانای جەستەیی وەک یەک نین:

بۆیە هەندێ کەس دەتوانن یەک زمان تا دوو زمان بە لەبەرگرتنەوە فێرببن، بەڵام، خەڵکانێک هەن لە توانایانداهەیە چەندین زمان فێربن، ئەوانەش کە توانای لەبەرگرتنەوەی زمانیان لاوازە، دەتوانن، پاش نەشتەرگەری پێویست، توانای فێربوونی زمانیان زۆرتر بێت.

٦-جگە لەوەی لەبەرگرتنەوەی زمان بۆ کەسانی دەکرێ کە بیانەوێ زمانی زۆرتر فێر ببن، ئەوا لەبەرگرتنەوەی زمان (لە داهاتوودا دەکرێ وەکو چارەسەریش بەکاربێت)، بۆ ئەو کەسانەی گرفتی زمان و قسەکردنیان هەیە، چ بۆ زمانی دایکیان چ بۆ هەر زمانێکی تر کە بیانەوێ یان پێویست بێت فێرببن.

٧- ئەگەر زاناکان لەوەسەرکەوتن کەلەبەرگرتنەوە کەسانێک فێری زمانە زیندووەکان بکەن، ئەوا بێ‌شک دەشتوانن، بەهەمان شێوە خەڵک فێری زمانەمردووەکانیش بکەن.

٨- هەر چەندە زۆربەی هەرە زۆری ئەو نموونانەی هێنامانەوە، کەبەشێوەی کتوپڕی فێری زمانی تازە بووین: گەورەن، چ ژن چ پیاو، بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین کەفێرکردنی زمان بەلەبەرگرتنەوە لە(منداڵ)دا ئاسانترو سەرکەوتووترە، منداڵ لەتەمەنی سێ ساڵیەوە تا ١٥ ساڵی.

٩- ئێستاو لەداهاتووشدا، مرۆڤ بەتەنیا زانینی زمانێک یان دوو زمان، لەهەر مەیدانێکدا کاربکات ناتوانێ بەشێوەیەکی چاک کارەکانی ڕاهی بکات، بۆیە ئەم داهێنانە یارمەتی هەموو ئەوانە دەدات، کە دەیانەوێ زمانی تازەفێرببن.

١٠- بۆ فێربوونی زمانی بەلەبەرگرتنەوە، دەکرێ زاناکان مرۆڤ فێری زیاتر لەزمانێک بکەن! چۆن دەرکەوتووە کە (مرۆڤ)چ بەهۆی شوکەوە، چ بەویستی خۆی توانیویەتی چەندان زمان فێر ببێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جینی بەرپرس لەزمان‌و قسە کردن، توانای ئەوەی هەیە چەندین زمان لەخۆی دا کۆبکاتەوە

١١- لەبەرگرتنەوەی زمان‌و ئەم زانستە دەتوانێ، مرۆڤ فێر شێوازار (لهجە)ش بکات، بەهەمان شێوەی کەکەسانێک هەن دوای تایێکی گران، شێوەزاری قسە کردنیان گۆڕاوە بۆ شێوەیەکی تر.

١٢- لەقۆناغی تاقیکردنەوەی لەبەرگرتنەوەی فێربوونی زمان، کەسی خۆبەخش لەگەڵ فێربوونی زمانە تازەکە ،بەئەگەرێکی زۆر زمانی خۆی لەبیر دەکات، وەک ئەوەی زۆربەی ئەوانەی کەبە هۆی شۆکەوە بەکتوپڕی زمانێکیان چەند زمان فێربووین، بەڵام، زاناکان دواجار چاری ئەم گرفتەش دەکەن.

١٣- ئێستا و لە داهاتووشدا مرۆڤ بە تەنیا بە زانینی زمانێک هەتا دوو زمانیش لە هەر مەیدانێک کار بکات ناتوانێت کارەکانی خۆی ڕایی بکات، بۆیە پێویستی بە فێربوونی زمانی تازە و نوێتر هەیە. ئەم زانستە یارمەتی ئەم جۆرە کەسانە دەدات بە ئاسانی بۆ فێربوونی زمانی زیاتر.

١٤- زاناکان هەر بەم زانست و کارە زانستییە زانستی لەبەرگرتنی مرۆڤ و فێربوونی زمان بەلەبەر گرتنەوە، دواجار دەتوانن مرۆڤ فێری (زانست) بەتایبەت زانستە بەرنامەییەکان بکەن لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا.

## پەراوێزەکان:

(١)*-لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان بۆ زۆر جێگا، زیاتر لە سەرچاوەیەک بەکارهاتووە بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەک زانیاری پێویست دارێژراوەتەوە و زۆر کەم دەقا و دەق بابەتەکە وەرگیراوە.

(٢)*-(DNA) واتە ترشەلۆکی نەوەوی ئۆکسجین لێبراو، کە بریتیە لەمادەیەک لە نێو شانەدایە، هەر ئەویشە کە زانیاری بۆماوەیی هەڵدەگرێ کە بەرپرسە لە ژیانەوەی کائینی زیندوو)، ل ٢١٤-العصر الجینومی).

(DNA) دنا بەو سیفەتەی کە هەیەتی و هەموو بۆماوەییەکانی مرۆڤ هەڵدەگرێ، زۆر لە (لوح المحفوظ) دەچێ، هەرچەندە لوح المحفوظ بۆ هەموو مرۆڤەکانە، بەڵام، (DNA) تایبەتە بە یەک کەس.

(٣)*-مێژووی لەبەرگرتنەوە بەشێوە زانستیەکەی، سەرەتاکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرەتای ڕاستەقینە و سەرکەوتنی کاریگەر لەگەڵ

هاتنە ژیانی دۆللی دەست پێدەکات کە ساڵی ٢٠٠٧ی زاینیە.
(٤)*- جین -GENE  بریتیە لە ترشەلۆکی نەوەوی (دی، ئێن، ئەی) کە پێکهاتووە بینای یەکەی بچوکترە کە پێی دەگوترێ نیۆکلۆتیدات.
(٥)*- بۆ دۆللی زۆر ناوی وەکو کاوڕ و مەڕ و...... بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە (بەرخ)مان بە گونجاوتر زانی، چونکە سەرەتا بەرخە و دوایی کە گەورە دەبێ، بەپێی قۆناغەکان ناوی دەگۆڕێ.
(٦)*- فۆتی بۆ فۆتیش هەر ناوی (گۆلک)مان بە هەمان شێوەی (بەرخە دۆللی) بە ڕاستر زانی لە چێڵ و ومانگا و....
(٧)*-لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ لە رووی یاسایی و ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە، بەربەستی زۆرە، نێوەندەکانی دەسەڵات بە فەرمی و بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ ئەم کارە ڕاگەیاندووە، بەڵام، هەندێک نێوەند بۆ هەندێ حاڵەتی ناچاری و چارەسەری نەرمیەکیان نواندوە لەگەڵ ئەوەش زاناکان ناتوانن لە کاری زانستیانەی خۆیان راوەستن و تاقیکردنەوە نەکەن، بۆیە لە زۆر وڵات و بە زۆر شێوە، هەوڵی لەبەرگرتنەوەی  مرۆڤ دراوە، هەواڵە پەرت و جیاجیاکان ئەم راستیە دەسەلمێنن.
(٨)*- لە بەرکارهێنانی وشەی (ئەفسانە-و -ئستوورە- و -ئەفسانەی خوداوەندان)جۆرە وێکچوون و تێکەڵیەکە هەیە، بەڵام لێرە لە کوردستانی باشوور (ئەفسانە) بەگشتی جێگای -ئەستوورە و ئەفسانەی خوداوەندان-ی گرتووەتەوە و هەر ئەو مانایە دەدات کە  لەئستوورە-و-ئەفسانەی خوداوەندان-مەبەستە، هەر بۆیە هەرچەند ئێمە خۆشمان هەندێ جار جیاوازیمان لەنێوان -ئەفسانە-و-ئەفسانەی خوداوەندان-و-ئستوورە-دا کردووە، بەڵام واقیعەکە زۆرتر لەگەڵ وشەی (ئەفسانە) دایە و بەڕای ئێستای ئێمەش هیچ کەم کورتیەک لە وشەکەدا نیە. هەر بۆیە ئەفسانە بەکاردەهێنین.
(٩)*-لە ئەفسانە و بەکارهێنانی (جیقنە) کە بەرچاو شتێکی پیسە، دەبێ بۆ ئەو گوتە کوردییە بگەڕێتەوە کە دەڵێ: (پیس بەپیس دەچێ) واتە زۆر جار نەخۆشی پیسی وەک گرویّتی و لاڕەشە و هی تر بە دەرمانی پیسی وەک جیقنە و میز  و هی تر چاک دەبنەوە.
(١٠)*-لە قورئاندا ئیبراهیم پێغەمبەر بۆ دڵنیایی خۆی داوا لە خودای خۆی دەکات، پێی نیشان بدا کە چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە.
(١١)*-بۆ زانیاری زیاتر سەیر کتێبی گەڕان بە  دوای نەمرییدا بکە.
(١٢)*-  بەکار  هێنانی  (بەرخدان)م  بۆ  مەڕ بەپەسندزانی،وەک ئەوەی (منداڵدان) بۆ مرۆڤ بەکار دێت.
(١٣)*-زووکاریی-مەبەست لە کارێکە زۆر زووتر و بەکەمتر لە کاتی پێویتسی ئاسایی خۆی بکرێ، وەک ئەو کارانەی کە لە ئەفسانەدا دەکرێن، بۆنموونە: برینی ڕێگای دوور بە چاوقوچانێک، دروستکردنی کۆشکێک لە شەو و رۆژێکدا، واتە کەمکردنەوەی کاتی تێچوو لە کارە گرنگەکان.
(١٤)*-ئەم چیرۆکە بە زۆر شێوەو بۆ  چەند کەسێک دەگێردرێتەوە، بەڵام  زۆرترینیان دەردێتە پاڵ بابا تاهیر خۆی و زوو فێربوون!!ی زمان و نووسینەکەی.
(١٥)*-هەواڵی -نورانی ئیسماعیل و ساراکولی زل و ساندرا لێک و ساباستیان هاینە  بەرێز (مامۆستا محسین ئیبراهیم حەسەن) لە سایتێکی هۆڵەندییەوە بۆی وەرگێراوم، سوپاسی دەکەم.
(١٦)*- عوسمان لەمنداڵیەوە، لەجیاتی ئەوەی بەزمانی دایکو باوکی خۆی قسە بکاتو بەزمانی ئەلمانی قسەی کردو خەڵکی سەرسام کرد، لەوانەش دایکو باوکی خۆی ئەو دایکو باوکەموسڵمانن‌و لەدڵەوە دەیانەوێ ئەوەی کە بەسەرکوڕەکەیاندا هاتووە، وەک موعجزەیەک بخوێننەوە، کەئەمە ئاسوودەیەکی  ئایینی دەروونییان پێ دەدات، چونکە ناتوانن لەرووی زانستیەوە دیاردەکە شیبکەنەوە!!
بۆیە لەوەڵامی هەموو خەڵکەکەدا گوتوویانە: ئەم دیاردەیە لەخواوەیە! عوسمانیش کەبەردەوام ئەمەی لەدایک و باوکی بیستووەو خەڵکیش بڕوایان پێ کردووە، ئەمیش بۆخۆی بڕوای پێ هێناوە بەردەوام گوتوویەتییەوە! چونکە عوسمان خۆشی ناتوانی‌و لە ئاستێکدا نییە، دیارەکە زانستیانە شیبکاتەوە، ئەم وەڵامەش وەڵامێکی کورتبڕو بڕوا هێنەر بووە بۆ دەوروبەر، هەر بۆیە کەسەفیر پرسیاری لێکردووە، چۆن فێری ئەڵمانی بوونی؟!
یەکە وەڵامە حازر بەدەستەکەی بۆ سەفیری ئەڵمانیا دووبارە کردووەتەوە: ( گۆت.. گۆت!!)  کابرای سەفیریش کەسێکی باوەڕ بە (خوا!!) بووە لە (دین)ی خۆی بە(چاو)و (گوێ) ی خۆی بەڵگەی وای نەدیوەو نەبیستووەو ئەویش ئەمە بەموعجیزەیەکی دینی دەزانێ‌و لەمنداڵێکی موسڵمان‌و لەنێو کۆمەڵگەیەکی موسڵمان دا دەبینێ‌وۆ دەبێتە موسڵمان، کەچی‌ئەم جۆرە  دیاردەیانە لەنێو هەموو میللەتێک‌و لەهەموو سەردەمێک و لەنێو خەڵکی هەموو ئایینێک روو دەدات‌و بەردەوامیش رووی داوەو تایبەتنییە بەهیچ ئایینێک‌و سەردەمێک و میللەتێک.
(١٧)*-وا بڕیار بوو لەگەڵ برای بەرێز (دکتۆر وەلی عومەر) بچین ئەم کچە لە نزیکەوە ببێنین و بدوێنین، بە د اخەوە دژە (زانست) و دژە (یاسا)کان بەربەستیان بۆ دروست کردین.
(١٨)*-لێرەوە لە زۆر جێگای ئەم لێکۆڵینەوە، ئێمە بە زمانی ئەدەبی باسی کارە زانستی و تاقیکردنەوە بایەلۆژییەکان دەکەین، کەئەم  زمانە بۆ لێکۆڵینەوەی تیۆری گونجاوترە.
(١٩)*-لەگەڵ هەموو دەمار توندیی و رەقەکارییەکانی پیاوانی ئایینی-هەموو ئاینەکان-بەڵام، هێشتا هەندێک لە پیاوانی ئایینی  نایانەوێ ئایین و زانست نێوانیان ببچرێ، هەر ئێران جگە لەوەی خۆی کار لەسەر لەبەرگرتنەوەی گیانلەبەری کردووە گیانلەبەریان بەلەبەرگرتنەوە بەرهەمهێناوە،وەک مەزهەبی شیعەش، ڕێگایان بە هەندێ حاڵەتی تایبەت داوە بۆ لەبەرگرتنەوە.
(٢٠)*-هەرچەندە زانایانی پسپۆر لە (جین و دنا) و (ئەندام-جەستەیی) پێناسەی جیا جیایان بۆ (جین و ئەندام) هەیە، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوە تیۆری ئەکادیمیە، دەمانەوێ (جین) بە تەنیا وەک بچووکترین ئەندامی جەستە بخەینە بەر چاوی خوێندەوارەکانی ئەدەبی و قەبارەی سەربەخۆی پێ بدەین.
(٢١)*-بۆ وشەی کۆنتڕوڵ کردن، ئێمە (جلەوکردن) بە پەسند دەزانین، کە هەمان مەبەستی کۆنترۆل کردن دەداتن هەرچەندە لە کوردەواری (جلەوکردن) بۆ ئەسپ و مایین و گیانلەبەری باری بەکاردێت، بەڵام چۆن لە مەبەست و کاردا هەر یەکە، دەتوانین (جلەوکردن) بۆ ئێرەش بگوێزینەوە، ئێمە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی‌و مەرداری‌ن‌و مێژوویەکی دوورو درێژمان لەگەڵ ئەم دووپیشەیەدا هەیە،هەر بۆیە لەرووی زمانەوە تێیاندا دەوڵەمەندین‌و دەتوانین بۆکارو ژیانی ئێستا سوودیان لێ ببێنین و لە شوێنی گونجاو بەکاریان بهێنین

**تێبینی:**


لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەهۆی تایبەتمەندی جۆری لێکۆڵینەوەکە و بە کارهێنانی چەندین (سایت وماڵپەر)ی ئەنتەرنێتی، کە بریتی بوون لە سایت و ماڵپەری زانستی و هەواڵی زانستی، وا ڕێککەوتووە، کە هەواڵێک و کورتەیەکی لێکۆڵینەوەی زانستی لە دوو لا و بە شێوازی جیا جیا بڵاوکراونەتەوە، بۆیە هەندێ جار بۆ یەک هەواڵ سوود لە چەند لایەکەوە وەرگیراوە و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەواڵە زانستیەکە دەقاودەق نەبێت، هەروەها لە کتێبەکانیشدا، کەمتر دەقا و دەق وەرگیراوە، بەڵکە بەشێوەیەک سودی لێ بینراوە کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەدا بگونجێ، لەگەڵ ئەمەشدا، لە رووی زانستیەوە ئێمە بەرپرسین  لە هەموو زانیارییە بەکارهاتووەکان.

**ئاکاداری**

تکا لە خویندەواره بەڕیزەکانی کوردستان دەکەم پاش خویندنەوەی ئەم لێکولینەوەیەو ئاشنابوون  بەڕووداوو بەسەرهاتی کەسەکان و ناسینی زمان و فێربوون  و زمان کوڕانەکان بە کتوپڕی   لەهەبوونی هەر هاوشێوەیەک لە دەوروبەرتان و لەکوردستان بەهوی ئەم ناونیشانەی خوارەوە ئاگادارمان بکەنەوە. سوپاستان دەکەین

**براتان  مەولود ئیبراهیم حەسەن**
**ئیمەیل  dr.mawlud@gmail.com**

**تێبینی : لە دەقە نووسراوەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی پ. ی. د.مەولود ئیبراهیم حەسەن-دا ناوی هەموو سەرچاوە کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزییەکان نووسراوە، بەڵام لەبەر هۆی هونەری و شێوازی کتێبەکە کە لە چوارچێوەی کتێبنامە لە رۆژنامەدا بڵاو دەبێتەوە لابراون.**



کتێبنامە
ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەریدەکات
22nd Year No: 6147 Sun. 4 / 8 / 2013
خاوەنی ئیمتیاز
د. فواد مەعسوم
سەرنووسەر
ستران ساڵح عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیار
خالد سلێمان
دیزاین
هێمن یەحیا



وێنەی دۆللی، مەڕی لەبەرگیراوە و بەرهەمی پەیمانگای (ڕۆزلین)ی زانکۆی (ئەدەنبەرە) لە ئسکۆتلەندای ویلایەتە یەکگرتۆکان